نەبەز گۆران

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

قەڵەمەکانی بەعس و
موستەشارە ئەنفالچیەکان

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. lqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

قەڵەمەکانی بەعس

و

موستەشارە ئەنفال چیەکان

ئامادەکردنی: نەبەز گۆران

ناوی کتێب: قەڵەمەکانی بەعس و موستەشارە ئەنفالچییەکان

بابەت: ئامادەکردن

ئامادەکردنی: ئەبەز گۆران

بەرگ: سەیوان سەعیدیان

مۆنتاژ: فەرمیون عەزیز بابا

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

نۆرەی چاپ: یەکەم

ژمارەی سپاردن: ٧٥٦ی ساڵی ٢٠٠٦

چاپ: چاپخانەی رەنج

شوێن ساڵی چاپ: سلێمانی ـ ٢٠٠٦

نرخ: ٣٧٥٠ دینار

پێشکەشە بە سەدام حسین

پاڵەوانی قەڵەمەکانی بەعس وسەرکردەی مستەشارە ئەنفال چیەکان ، ئەو پاڵەوانەی ئێستە لەمەرگدایەو هیچ کام لەقەڵەمەکانی بەعس ئامادەنین جارێکی تر ستایش نامەی بۆبنووسن و هیچ لەمستەشارەکانیش ئامادەنین ئەنفالی بۆبکەنەوە. چونکە ئیدی ئەو پاڵەوانە سەرکردەنیە تا ستایشی بکەن و کوردی بۆ ئەنفال بکەن .

پێشەکی :

زەحمەتە توانیبێتم حەقێکی تەواوم دابێت بەم کتێبە، دیارە ئەم کتێبە گەرمن چاپم نەکردایە دڵنیابوم ڕۆژێك دەهات کەسێکی تر چاپی دەکرد، ئەمەی بەردەستان نەڕۆمانەو نەئەفسانەیەکی وەهمی، ئەمە بەشێکی بچوکی مێژووی کوردە، ئەو مێژووەی گەربەچاوێکی ڕاستگۆیانە تەماشای بکەیت لێوان لێوە لەخیانەت، ئنیسان تا دەچێتە ناو مێژووی خۆی نازانێت چ میللەتێکی بێ ئەسڵ و فەسڵین، بەدبەخترین و شەقوشڕترین مێژوو مێژووی کوردە، ئەگەر لاپەڕەیەکی جوانی مێژووت بەرچاو بکەوێت سەدان لاپەڕەی ناشیرینیش لەتەنیشتیەوە دەق کراون .

گوناهی ئەم خەڵکە ئەوەیە پێیان وایە زۆربەمان پاکین، ڕاستیەکەی دەبوایە من هەڵنەسم بە دەستنیشان کردنی قەڵەمەکانی بەعس و مستەشارە ئەنفال چیەکان، کارێك گەر جێگەی دەسخۆشی بێت ئەوەیە کەسێك هەستێت لەناو ئەو چوار ملیۆن کەسەدا کتێبێك دەرکات ناوی ئەوانەی تێدابێت کەتاکو ئێستە بەپاکی ماونەتەوە، کەدڵنیام کتێبێکی لەو جۆرە لە چەند لاپەڕەیەك تێناپەڕێت .

هەرچەند لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی بەعسم هەڵئەدایەوە کۆڵێك تەریق بونەوە دایدەگرتم بۆ کورد بوونم، ئەمەچ میللەتێکە خودایا ؟!! هەردەسەڵاتێك بێتە سەر حوکم زۆرینەی دەکەوێتە شوێنی و چاوی خۆی لەهەموو ئەو ستەمانە دەنوقێنێ کەدەرحەق

بەمیللەتەکەی دەکرێت، دەبێت لەناو میللەتێکی خێڵەکی و نەخوێندەواردا چەن قەڵەمێکی هەبوبن خۆیان دابێتە دەس ستەمکارێکی وەك بەعسەوە ئەی ئەگەر کۆمەڵگەیەکی زانستیو خوێندەوار بوایە چی دەقەوما ؟!

زۆر کەمن ئەو قەڵەمانەی توانیویانە تاکو ئێستە لەسەر مۆدێلی ووتنی راستیەکان بمێنەوە، هەمیشە خۆشم ئەوێن ئەوانەی توانیویانە خۆیان لەجەهلی ئەو هەموو نەزانینە بپارێزن، ڕاستیەکەی دەبوایە یەکەم کاری وەزارەتی رۆشنبیری کورد ئەوەبوایە ستایشێکی زۆری ئەو قەڵەمانەبکات کە نەبونە سێبەری دەسەلاتەکانی نەیاری کورد، بەس وەزارەتە کوردیەکە ئەمەی نەکرد گوناهێك بوو کردی، نەك هەرئەمە بەڵکو زۆربەی ئەو قەڵەمە جوانانە کەوتنە پەراوێزەوەو لەشوێنی پاکی ئەواندا قەڵەمەکانی بەعس جارێکی تر خۆیان هەڵواسیەوە بە دەسەلاتدا .

من دان بەوەدا دەنێم کەنەم توانی هەموو ئەرشیفی بەعسم دەس کەوێت تا زۆربەیان بخەمە ناو ئەم کتێبەوە، دەبێت خوێنەرانی جیلی نەوەدەکان، ئەوانەی تاکوئێستە لەهیچ خیانەتێکدا بەشدار نەبون، لەگەڵ ئەو کەسانەی کەبەپاکی ماونەتەوە بمبورن، نەك لەبەر ئەوەی حەزبکەم کەسانێك لەناو ئەم کتێبەدا ناویان نەبێت، ڕاستیەکەی ئەوەندە ناوی غەریب لەناو ئەرشیفی بەعسدا هەبون، گومانم لەباوکە نەخوێندەوارەکەی خۆشم کردبوو، دەگەڕام بزانم ئەویش شتێکی بڵاو نەکردوەتەوە لەپێناوی بەعسدا .

زۆر خۆم ماندوکرد تاکو هەرچی ڕۆژنامەو بڵاو کراوەی بەعس هەیە دەستم بکەوێت نەکا ناوێکم بەرچاو نەکەوتبێتو دوای ببمە شوێنی گلەی هاونیشتیمانیەکانم، بەلام بەشێکی زۆری رۆژنامەوبڵاو کراوەکانی بەعس لەناو کتێبخانەی گشتی هەولێرو کتێبخانەی زانکۆ لەناو براون، ئەمەش خیانەتێکی ترە بۆشاردنەوەی ئەو مەسەلانەی کە قەت کەس ناتوانێ بیان شارێتەوە، دوای بڵاو کردنەوەی ئەم کتێبە زۆر سوپای ئەو کەسانە دەکەم کەدیکۆمێنتێکیان لەلایە لەسەر کەسێكو من دەستم نەکەوتوە بۆم بنێرن بۆئەوەی گەر بۆم کرا لەچاپی دووەم دا بەلێبوردنەوە بیخەمە ڕیزی ئەو ناوانە .

حەتمەن هیچ کتێبێکیش نیە جێگەی کۆمەڵێك گلەی نەبێت، وەلێ پێم خۆشە ئەوە بڵێم من زۆر بەڕاست گۆیانە ئەم کارەم دەس پێکردوەو زۆر بەڕاست گۆیانەش ئەرکەکەی خۆم وەك ڕۆژنامەنووسێك ئەنجام داوە، وە ئەوەی پێش ئەوەدەکان بەدەگمەن دەناسم تا بتوانم چاوپۆشیان لێبکەم، ئەم قسانەشم تەنها بۆئەوەیە بڵێم ئەوەی دەستی من کەوتوە ناوی لەناو کتێبەکەمدا هەیە ئەوەشی دەستم نەکەتوە گوناهی من نیە .

پرسیاری ڕاستەقینە لێرەدا کەزەرورە بیکەم ئەوەیە ئایا ئەم کتێبە گرنگ بوو ؟ لای من وەك ڕۆژنامە نووسێك کە دەمەوێت بەشێك لەراستیەکان گەر بتوانم بخەمە ڕوو گرنگ بوو، وە دەشمویست بەم کتێبە بەدەسەلاتی کوردو حزبە سیاسیەکان بڵێم ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کەمێك بیر لە وانە بکەنەوە سەردەمانێك دژی میللەتەکەی خۆیان بوون‌و ئەمڕۆ بونەتە ئازیزی ئێوە، ئێمە ناڵێین لەژیان دەریان کەن، بەلام هیچ نەبێت لەبەرخاتری ئازاری ئەم ولاتە پلەی بەرپرسیاریەتیان مەدەنێ، کەسێك گەر بتوانێ خیانەت دەرهەق بەخانەوادەکەی خۆی بکات کە کوردە حەتمەن شایەنی ئەوەش نیە شوێنی گرنگی بدەیتێ، پێم ناڵێن بەسودی بەعسیەك چیە بۆ ئەمڕۆی ڕۆشنبیری کوردی؟ بەسودی ئەنفالچیەك چیە بۆ ئەمڕۆی حکومەتی کوردی ؟

دەزانم ئەم قسانەم ناگەنە گوێیە کەڕەکەی دەسەلات، بەلام نەوتنیان شەرمەزاریە بۆم، ئەگەر نووسەرکان حەقیقەتەکان نەڵێن ئیدی کێ بیڵێت ؟!

سەیرە ڕەنگە هەرگیز مستەشارێك یان قەڵەمێکی بەعس بیری لەوە نەکردبێتەوە منداڵی پێشمەرگەیەك لەئۆردوگاکانی ئێراندا گەورەبێت‌وبێتەوە ئەم ولاتە بەبێ هەست کردن بەهیلاکی بچێت بەناو ماڵاندا بگەڕێت تاگۆڤارێکی بەعسی دەسکەوێت‌و قەڵەمێکی ڕەش بخاتە ڕوو، ئەمە جێگەی پێکەنینە، ئێمە منداڵی خۆمان لەدەسدا بەدەس ئازاری ڕژێمێکەوە کە هیچ گوناهێکمان بەرانبەری نەکردبوو، کەچی خەڵکانێك بەبێ هەست کردن بەئازاری ئێمە هەرخەریکی ستایش کردنی بوون، ئەمڕۆ منیش

بەهەقی خۆمم زانی بۆلەدەس چونی منداڵی خۆمو هاوڕێکانم ئەو ستایش کەرانە بخەمە ڕوو کە بیریان لە ئەنفال کردنی گەرمیان نەدەکردەوە .

لەوانەیە لێم بپرسن بۆچی ستافی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەت خستە ناو ئەم کتێبەوە ؟ منیش وەڵامی خۆم هەیە بۆئەم پرسیارە، هەرچی وتارێک لەپێناوی بەعسدا نووسرابێت لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە نووسراوە کە ستافەکەیانم بڵاو کردونەتەوە . لەوانەیە کەسانێکی پاك هەبوو بن لەناو ستافی ئەو گۆڤارانە بەڵام ئەمەش جێگەی گومانە، هیچ مەعنای نیە تۆ ستافی گۆڤارێك بیت بڵێیت من پاکمو ئاسایی بێت بەلاتەوە بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی لەپێناو بەعسدا پڕبکرێنەوە، لێرەدا ناچارم نمونەیەك بهێنمەوە، گۆڤاری گولآن کە هەفتەی جارێك دەردەچێت، کەس هەیە بتوانێ ببێت بەستافی نووسینی ئەو گۆڤارە بەبێ ئەوەی لەگەڵ پارتی دابێت ؟ حەتمەن نەخێر، خۆ ناکرێت یەککرتووبیتو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گولآن بیت، ناشکرێت کۆمەڵی ئیسلامی بیتو لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەستەی نووسەران بیت، لەکاتێکا ئێمە لەم حاڵەتانەشدا کەئیدیعای دیموکراسیەت دەکەین ئەم کارانە قبوڵ نین، ئەی پێم ناڵێن چۆن توانیوتە لەسەردەمی بەعسدا کەچکەلەخۆی کەسی قبوڵ نەدەکرد ستافی گۆڤارێك بیتو هیچ پەیوەندیەکی حزبیت لەگەڵ بەعسدا نەبێت ؟ ئەمەپرسیارێکەو بەجێی دەهێڵین بۆئەو ناوانەی لەناو ستافی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی بەعسدا کاریان کردوەو لەم کتێبەدا ناویان هاتوە .

هەڵبەتە زۆر بەئەمانەتەوە دەقی نووسینو ناوەکانم وەك خۆیان گواستوەتەوە، هەرکەسێك لەنووسینەکەی خۆی نمونەیەکی جەرگ بڕم وەرگرتوەو وەك خۆی بەو هەڵەچاپیانەوەش کەلە نووسینەکەی خۆیدا هەبوە گواستومەتەوە، نەم ویستوە دەسکاری بچوکترین وشەی ناو نووسینەکان بکەم، دیارە بەشێکی زۆری ناوەکانیش وتارەکانیانم دانەناوە تەنها لەبەر ئەوەی دام نەناوە ئەو بەڕێزانە لەزۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەبەردەوام خەریکی ستایش کردنی بەعس بون، ئیدی منیش بۆ زیاتر شەرمەزار کردنیان نووسیومە پێویست بەنمونەناکات چونکە بەردەوام خەریکی

ستایشی بەعس بوە، ئەوانەی وتاریان بەنمونە نەهاتوەتەوە ڕاستیەکی پێم وایە هێندە بەعسی بون گەر سەرۆکەکەشیان بیوتایە من وازم لەبەعس هێناوەو ئیدی بەسە لەسەری مەنووسن لەدژی ئەو قسەیەش ووتارێکیان لەسەر ئەویش دەنووسی، واتە هەموو ژیانیان تەرخان بوە بۆ ستایشی بەعس وسەرکردەکەی .

ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەوانەشم بلاو نەکردبێتەوە کە لەمەلەفەکانی جەنگدا شتیان بلاو بوەتەوە، لەبەر ئەوەی نووسینەکانیان هیچ ستایشێکی بەعسی تێدا نەبووە تەنها ئەوە نەبێت لەناو مەلەفی جەنگدا بابەتیان بلاوکراوەتەوە، گەر بلاویشبونایەتەوە بیانویان ئەوەدەبو کەبەزۆر نووسینەکانیا خراوەتەناو مەلەفی جەنگەوە، ڕاستیەکەی هەرکام لەو نووسینانە گەر بچوکترین ستایشی تێدا بوبێت بۆبەعس لەم کتێبەدا بلاوم کراوەتەوە .

ئەوەندەی کەپێشم کرابێت ئەو ناوانەی لەیەك دەچن لەخوار نووسینەکانەوە لەگەڵ تێبینیەکەدا ڕونکردنەوەیەکی بچوکم داوە تاکو بتوانم ناوەکان لەیەکتری جیابکەمەوە، واتە هەموو لاپەڕەیەکی زۆر بەحەزەروەوە وەك ئەمانەتێکی ڕۆژنامە نووسی کارم تێدا کردوە .

پێشم خۆشنیە لەم پێشەکیە کورتەدا بەهیچ شێوەیەك حەق بەخۆم بدەم خوێندنەوە بۆ ئەم قەڵەمانە یان بۆ ئەو مستەشارانەبکەم و بوعدی پشت نووسینەکانیان و حاڵەتەکانیان بخەمەڕو، چونکە لێرەدا کاری من نیەو باشترێکە بەجێی بهێڵم بۆ کاتێکی تر و بێم ئەو دیوە بخوێنمەوە کەلەناو گوتارەکاندا هەیەو دەلالەت لەدۆڕاندنی کەسیەتی کورد دەکات بەرانبەر بە دەسەلاتێك کەشایەنی ئەوەیە بەرانبەری بوەستی نەك خۆت بدەی بەدەستەوە بۆی، یان بڵێم بۆچی ئەو جۆرە مەخلوقانە دەتوانن هەمیشە دەمامکەکانی خۆیان بگۆڕن و چۆنیان بوێت ئاوا بەو شێوەیە لەگەڵ دەسەلاتەجۆر بەجۆرەکاندا هەنگاو بنێن؟ دیارە ئەم پرسیارە لەشوێنێکی تردا بەشێوەیەکی باشتر وەلامی دەدەمەوە، تەنها ماوە بڵێم تەمەنا دەکەم توانیبێتم کارێکی ڕۆژنامە نووسی کە ئارەزوێکی ژیانمە بەشێوەیەکی پاك ئەنجام دابێت، ئەو ماندو

بونەی ئەم فەترە زەمەنیە کێشام بەم کتێبەوەو خۆم لەخوێندنەوەی کتێبەمەزنەکان بەدور گرت نەبێتە هۆی نائومێدیمو خوێنەران تا حەدێك دڵخۆشم کەن کە وەزیفەیەکی باشم ئەنجام داوە، گەر خوێنەران ئەم کتێبەم لێقبوڵ بکەن ئیدی گرنگ نیەبەلامەوە لەلای ئەو مەخلوقانەی ناو کتێبەکە چۆن تەفسیر دەکرێمو چ بیرکردنەوەیەکی جەمەنەمیانە دادەڕێژن بۆ سڕینەوەم.

نەبەز گۆران

پێرست

ستافی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ

سەرنوسەر و سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی:

موسلح جەلالی

سکرتێری نووسین:

دکتۆر کوردستان موکریانی

دەستەی نووسەران :

دکتۆر کامیل بسیر

عبدالرزاق بیمار

دکتۆر جەمال خورشید

سەلاح سعدلا

غفور میرزا کەریم

دکتۆر موحسین محەمەد حسین

دکتۆر وریا ئەحمەد

ستافی گۆڤاری بەیان

سەرنووسەر :

موسلح جەلالی

سکرتێری نووسین :

ئازاد شوان

دەستەی نووسەران:

دکتۆر ئیحسان فوئاد

دکتۆر کاوس قەفتان

دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسول

مستەفا نەریمان

مەحمود زامدار

عبدالرزاق بیمار

محەمەد مستەفا حەمەبۆر

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

حسین ئەحمەد جاف

سەبری بۆتانی

ئەحمەد عبداللە زەرۆ

ستافی گۆڤاری ڕەنگین

بەڕێوەبەری گشتی:

موسلح جەلالی ، پاشان: بەدرخان سندی

سەرنووسەر: حەمەسەعید حەمەکریم

سکرتێری نووسین :

ئازاد شوان ، مستەفا نەریمان

دەستەی نووسەران :

نوری عەلی ئەمین

جمال خەزنەدار

عبدالرزاق بیمار

ئەنوەر قەرەداغی

دەرهێنانی هونەری :

نزال ئیبراهیم

پەیامنێران :

تارق جامباز

شێرزاد عبدالرحمان

وەصفی حەسەن

یاسین قادر بەرزنجی

عبدلله دارتاش

نیازی حەمەعەزیز

بێستون ساڵەیی

ئەمرۆ ساڵح دەلۆ

ستافی گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ

سەرنووسەر :

دکتۆر نیهاد ئەبتەر زەنگەنە

جێگری سەرنووسەر :

بەهجەت عیزەت جاف

سکرتێری نووسین :

دکتۆر نافع ئاکرەیی

دەرهێنانی هونەری :

محەمەد زادە

نیگار سازی : ئازا حسیب قەرەداغی

دەستەی نووسەران :

محەمەد حوسێن عەلی

سەعدوڵا پەرۆش

ئەحمەد رەسوڵ پشدەری

نەوزاد رەفعەت

سەرفراز نەقشبەندی

ستافی گۆڤاری ئۆتۆنۆمی

گۆڤارێك تایبەت بەلیژنەی تەشریعی .

سکرتێری نووسین : ئەحمەد عبدالقادر نەقشبەندی

ستافی ڕۆژنامەی هاوکاری

خاوەن ئیمتیازوسەرنوسەر :

موسلیح جەلالی

پەیامنێران :

شێرزاد عبدالرحمان

غەفورمەخموری

ئیبراهیم هەورامانی

وەصفی حەسەن

محی الدین تاهیر

محەمەد ئوسمان

سەرگوڵ تەیمور

ڕەمەزان عیسا

زەکەریات محەمەد حسین

سروە قەرەنی

محەمەد هەمەوەندی

ستافی رۆژنامەی ئاسۆ

خاوەن ئیمتیاز : عبدالوهاب تاڵەبانی

بەڕێوەبەر نووسین : محەمەد ساڵح عبدالکریم

جێگری سەرنووسەر : عبداللە عەباس

دەستەی نووسەران :

سەلاح شوان

حازم باجەلان

عبدالستار کازم

ئیبراهیم عەلی مەحمود

فریا جاف

مکرم رەشید تاڵەبانی

نەسرەدین مەجید

ستافی پەیامنێران و بەشەکانی تر:

حەسەن جاف

پەیمان

ئیمان

محەمەد مەلا ئەسعەد

بورهان هەژار

شەهاب عوسمان

حسن عەلی سەلیم جاف

نەوزادئەنوەر بێتواتە

حسین تاڵەبانی

بەرگی یەکەم

نووسینە ستایش ئامێزەکانی قەڵەمەکانی بەعس

گۆڤارەکان

بەشی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ	بابەت
١ – موسلح جەلالی	* عێراقیەکان هەمیشە سەرکەوتوون
٢ – دکتۆر کامیل بەسیر	* وێژەو ئاشتیو جەنگ
٣_ حەیدەر عەبدوالڕەحمان	* ڕۆمانی لوتکە خاوەن خەلاتی قادسیە پێویست بەبلاو کردنەوە ناکات .
٤_ محەمەد دڵسۆز......................	* گەلی عێراق پشتیوانتانە
٥ _ مەولود حەمد	* شەهیدانی ڕێگای سەربەرزی
٦_ سەمیرە محەمەد عەلی	* دەیان بابەت پێویست بەنمونە ناکات
٧_ دڵپاک مەحمود	*پاشی سێ ساڵ شەڕ سەرکەوتنو سەربەرزی هەمیشە بۆ عێراقی مەزنمانە
٨_ ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی	* گیانی پاك
٩_ نەسرین ژاڵەی	* لەیادی کاروانی نەمری شەهیدان
١٠_ جەلال حەسەن خۆشناو	* لەیادی لەدایکبونی سەرکردەدا
١١_ مەولودسورچی	* جەژنەکانی تەمموز
١٢ _ جسیم ابراهیم دۆسکی	* شەڕی قادسیا سەدام
١٣_ جەمال بەرواری	* ژقادسیا سەدامیا پیرۆز

١٤ _ حەمید عەلی .... * ڕوناهیەك لەسەر شەڕی عیراق وئێران
١٥_ عبدالستار تاهیر شەریف .... * چەند دەرسێك لەقادسیەی سەدام
١٦_فریا عبدلله .... * چالاکیەکانی پارێزگای سلێمانی بۆجەنگی قادسیەی سەدام پەیامنێر لە نوسینگەی سلێمانی
چەندین ڕیپۆرتاژ لەسەر بەعس
١٧ _بورهان عەلی سالح .... * وەرگری خەلاتی قادسیەی سەدام، لەلایەن شێخ جەعفەرەوە سلێمانی .

سالی ١٩٨٢ - ڕوشنبیری نویٚ ژمارە ٩٤

١٨_ عبدلله ئسماعیل ....* تەموزی شۆڕش و ڕاپەڕین
١٩ _ مەجید حەمید .... * سەدام حسین پاڵەوانی کارەکانی تەنگانەیە
٢٠ _ جەمال سلێمان قاسم ....* توخێیبت مەکەلانە ،بۆدوژمنیٚ گورستانە
٢١ _ هێمن ئیسماعیل ....* پیاو کوژانی سەدەی بیستەم

بەشی گۆڤاری بەیان

٢٢_ کامەران ئەحمەد شوانی .... * دەوری سەرۆکی فەرماندە سەدام حسین
٢٣_ نازدار کاوانی .... * هەڤالی تێکۆشەر سەدام حسین عێراقی دیموکراتیمان بۆ ...

٢٤ _ سـالار محەمـەد .... * شـەهيدی نـەمر عـەدنان خـێرلآ هەميـشە لەيادی ......
٢٥ _ سەعيد باتاسی ....* ئەستێرەی تێكۆشان داناچۆڕێ
٢٦ _ ڕێباز رەشيد ئەحمەد .....* خۆماڵی كردنی نەوتو پەرەسەندنی ئابوری
٢٧ _هۆگر سورچی .... * هەنێ هۆی سەركەوتن لەجەنگی قادسيەی سەدام
٢٨ _ كەرەم عەلی محەمەد .... * بەبۆنەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ياسادانان
٢٩ _ زەينەب حسين ....* عێراقو ئێران و پێويستی ئاڵوگۆڕ
٣٠ _ عەلی حسێن ....* ميهرەجانی مير بەد
٣١ _ كەريم محەمەد عەلی ....* ٨ی شوبات رۆژێكە پرشنگدار
٣٢ _ نەسرين مستەفا .... * دەيان بابەت پێويست بەنمونەناكات
٣٣ _ محەمەد عبدالله رەحمان هەورامی .... *پيرۆزبێت جەژنی لەدايك بونی سەرۆكمان
٣٤ –نەريمان حسين كەريم ...... * قارەمان سەدام حسينو جەژنی نەورۆز
٣٥–سەبيح عبدالمجيد .... * فاو شاری فيداكاريە
٣٦ _نزار بەزاز ....* بەبۆنەی يادی سەركردەوە .هۆنراوە بۆسەركردە .
٣٧–فاروق نەقشبەندی .... * هۆنراوە بۆسەركردە ، بەبۆنەی يادیەوە .
٣٨ – هاشم جەباری .... * بەبۆنەی يادی سەركردەوە .
٣٩– عەباس مەجيد ....* بەبۆنەی يادی سەركردەوە
٤٠– ديار محەمەد شەريف سندی ....* هۆنراوە بۆ سەر كردە
٤١–نازم دڵبەند ....* لەپەنجەرەی رۆژگارەوە
٤٢– دڵشاد مەغديد .... * بۆجەژنی سوپای ميللی
٤٣–حەسەن ناميق رەشيد .... * بۆسوپای قادسيەی سەدام
٤٤– ئەكرەم محمود سەمين ....* دەنگدانەوە

٤٥- وەلید حەمەسەعید جاف ......* کوردستان لەچاوی سەرکردەوە

٤٦_ عەبدالوەهاب تالەبانی .... * دەیان وتار پێویست بەنمونەناکات

٤٧ – مستەفا نەریمان .... * دەیان وتار پێویست بەنمونەناکات

٤٨- عەلی ئیبراهیم دەرویش ....* خەرجیان سوتا ٢٥\ئاب

٤٩- هەوار بابەکر .... * بۆ چافێتە کەکێ سەدام

٥٠- ئازاد مەحمود ....* چیرۆك نووسانی قادسیە

٥١- رەفعەت گلی ....* سەرکردەی خۆماڵی کردنی نەوت

٥٢- جەمال ئەحمەد ....* سەرکردەی هەموو گەل

٥٣ – سمکۆ عەلی ....* تیرمەها دەسکەفتیا

٥٤-عبدالله تاهر بێسفکی .... *ولاتێ من عێراقە

٥٥- عوسمان حەمد .... * باهەر شەکاوەبێت ئالآی شۆرش

٥٦ – وەسفی ردێنی .... * شۆرشا تیرمەهێ‌وپێشکەفتنا رۆشنبیریا کوردی

٥٧ –غازی ئەحمەدسعدالله .....* هەڵوێستێکی پاڵەوانانەی قادسیەی سەدام

٥٨- سگڤان عبدالکریم ....* کونگرا ئێکی یا تورەڤان و نڤیسەڤانێت

٥٩- سەلامی رەواندوز ....*شەهیدانی نیشتیمان

٦٠- حەبیب غالب کامل ....* چەندین وتار پێویست بەنمونە ناکات

٦١- ئەحمەد حەسەن ....* چەندین وتار پێویست بەنمونە ناکات

٦٢-شاسوار بەرزنجی ....* لەدایك بوونی سەرکردە

٦٣- نەوزاد شەفیق مەحمود ....* دوو دیمەن . بیرێکی راگوزەر

٦٤_ ئازاد شەفیق .... * بازێك‌و دەنگ

٦٥- پرشنگ شەفیق ....* نیشتیمانەکەم

٦٦- بێباك ....*دەیان بابەت پێویست بەنمونەناکات

٦٧ – دکتۆر نافیع ئاکرەیی ....*دەیان بابەت پێویست بەنمونە ناکات

٦٨- ئسماعیل گەیلانی .... * خومەینیو نیازی ئیمپریالیزم

٦٩-کوردۆ محەمەد .... * سەرۆك سەدام حسێنو دەوری سەرکردایەتی

٧٠- رۆزان مارف .... * سەبارەت بەنوسینەوەی مێژوو

٧١- فەقێ حسێن .... * هەموو خۆشەویستی بۆسەدام

٧٢- جەلال ئەسعەد چەرمەگا ....* چەپکە نێرگزێكو مانگەشەو

بەشی گۆڤاری ئۆتۆنۆمی

٧٣-یاسین تەهاعبدالله .... * جەژنی سوپای سەرکەوتن

٧٤- سەعدی بەرزنجی .... * دەیان گفتوگۆ لەسەر بەعس پێویست بەنمونە ناکا

٧٥- عماد عوسمان ئەحمەد بارزانی ...* قائد شعب

٧٦-حەسەن ئەحمەد ....* النزام عبدالیران ، چەن بابەتێکی تر پێویست بەنمونە ناکات ، بگەڕێوە بۆ گۆڤاری ئۆتۆنۆمی

٧٧-سەیفەدین اسماعیل مەحمود ...... * چەند بابەتێك لەگۆڤاری حوکمی زاتی پێویست بەنمونە ناکات . بگەڕێوە بۆ گۆڤار

٧٨- عومەر عەلی شەریف .... * یادی پیرۆز

٧٩- سوپحی عەلی خەڵەف ....* چەندین بابەت گۆڤاری ئۆتۆتۆمی پێویست بەنمومە ناکات .

٨٠- محەمەد مەحیەدین مەحمود .... * چەندین بابەت گۆڤاری ئۆتۆتۆمی پێویست بەنمونە ناکات .

٨١ - فائق تاهر رەشید .... * سەربەرزی بۆ ئۆتۆتۆمی

بەشی گۆڤاری ڕەنگین

٨٢-خالید خۆشناو ....* وتەو لێدوانەکانی سەرکردە قوتابخانەی گەلن

٨٣- کامیل جەمیل سورە مێری .... * سڵاو لەسەر کردەی ڕۆژی سەر کەوتنی مەزن

٨٤-ئەحمەد زەردەشت .... * ئاڵای عێراق هەمیشە بەرزە

٨٥- ئیبراهیم ڕەحیم بەرزنجی .... * سەرکردەمانی

٨٦- سالار عوسمان زەنگەنە .... * چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد

٨٧- دکتۆر فوئاد حسین ئەحمەد ..*شۆڕشی تەموز ڕەوتی سەرکەوتنی بەردەوام

٨٨- ئسماعیل فازڵ بەرزنجی ....* جەنگە پیرۆزەکەی خۆماڵی کردنی نەوت

٨٩-ڕێزان .... * سەدام حسین بەهاری هەمیشەی عێراق

٩٠- موختار فایەق....................* لەسەدا سەد عێراقی یە

٩١- مامەند قەشقە ....* پەیمان تازەکردنەوە بۆسەدام

٩٢- عمر حسن رسول ....* پەیمان تازەکردنەوە بۆ سەدام

٩٣- حسن حسین اللەداد ....* پەیمان تازەکردنەوە بۆ سەدام

٩٤- عادل حسن ئەحمەد .... * هێزی گەلو سەرکردەی قارەمان سەدام حسین

٩٥-شێخ عەلی شێخ ئەمین بەرزنجی .... * پەیمان نویٚ کردنەوە بۆ سەدام

٩٦- ئەنوەر میرزا ....* پەیمان نوێکردنەوە بۆ سەدام حسین

٩٧- حەمید زیرۆهەرکی .... * پەیمان نوێکردنەوە بۆ سەدام حسین

٩٨- مەسعود کەبیر سورچی ....* پەیمان نوێکردنەوە بۆ سەدام حسین

٩٩- عسمەت دینۆ ....* پەیمان نوێکردنەوە بۆ سەدام حسین

١٠٠- فازڵ مستەفا بەرواری ....* پەیمان نوێکردنەوە بۆ سەدام حسین

١٠١- سورکێو .... * خۆر دەرکەوت

١٠٢- قەیس حسین حەمید ....* سەدام حسینو سەرکەوتنی خۆماڵی کردنی نەوت

١٠٣- شەفیق مەحمود جاف .... * ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان دەسکەوتێکی مەزنە

١٠٤- وەصفی حسن ....* دەیان بابەت پێویست بەنمونە ناکات

١٠٥- شێرزاد عبدلڕەحمان ....* دەیان بابەت پێویست بەنمونە ناکات

١٠٦- موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی ......* دەیان بابەت پێویست بە نمونە ناکات

١٠٧- زەکریات محەمەد حسین ....* دەیان بابەت پێویست بەنمونە ناکات

١٠٨- فتاح جاف ....* بۆسەرۆکی فەرماندە سەدام حسین

١٠٩- سەردار جاف ....* بۆ سەرۆکی فەرماندە سەدام حسین

١١٠- گەلاوێژ حەسەن ....* شۆڕشی ١٧_ ٣٠ تەمموز

١١١-دڵشاد ئەیوب سعید .... * شۆڕشی ١٧_ ٣٠ گەلاوێژ

١١٢- تاهیر حسین محەمەد جەباری ...* پەیمان نوێکردنەوە بۆ بەعس

١١٣- ئیلهام عبدالکریم ....*شایی وشەی سەربەستو شایی شانازی عێراق

١١٤- سەلاح الدین عباس .... * باراسایکۆلۆجیاو قادسیەی سەدام

١١٥- ئازاد عبدل سەمەد .... * چوار ملیۆن مۆم
١١٦- کاوە محەمەد ئەبوبەکر ....* لەیادی لەدایك بونی سەرکردە

بەشی گۆڤاری تەندروستی

١١٧-دکتۆر سگڤان حوسێن بامەڕنی ....*یاریزانە بچوکەکان دەریان نەبرد
١١٨-ئەحمەد عبدالقادر نەقشبەندی....... * لەسایەی سێبەری سەرکردە
١١٩-سەعدون خەلیفە .... * ئۆتۆنۆمی هیوای هەموو عێراقە
١٢٠-سیروان جاف .... * دەیان بابەت پێویست بەنمونەناکات
١٢١-عبدرزاق مەرعی حسێن ....*بەبۆنەی رۆژی تەندروستی عێراق
١٢٢- دکتۆر نیهاد ئەبتەر زەنگەنە .... * یەکیەتی نیشتیمانی لەپیلانی دوژمنان بەهێزترە.
١٢٣-محەمەد ئەمین محەمەد ئەحمەد .....*ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی.

ڕۆژنامەکان

ڕۆژنامەی هاوکاری

١٢٤–حەمەساڵح عەزیز لادێیی ....*بۆ سەرۆکی فەرماندە
١٢٥–ساڵح حسن محەمەد............. * لەپێناوی نیشتیماندا
١٢٦–جەلال محەمەد نادر .... * شانازی کردن بەسەرۆکی فەرماندە
١٢٧–عومەر مەعروف محەمەد ....* شۆرەسواری قارەمان سەدام حسین
١٢٨–عومەر محەمەد عوێز ....*سەرکەوتن هەربۆنێمەیە
١٢٩–حسین مازی هادی ....* یادی شۆرشی ڕوناکی ڕێگاو خوێنمان
١٣٠–محەمەد عبدلقادر عەزیز ....* لەیادی شۆرشەکاندا بووکی شۆڕشان
١٣١–فوئاد کەریم محەمەد ....* پارتو شۆرش سەرکەوتن هەر بۆنێمەیە
١٣٢–عبود سەعید .... * ئاڵای سەرکەوتنمان هەمیشە بەرز ڕاگرتوە
١٣٣–نەجاح نەجات نوری .... * پارتەکەمانو سەرکەوتن
١٣٤–مەغدید سۆران .... * بەڵێ بەڵێ بۆ سەرۆك سەدام حسین
١٣٥–مسلم شکری عبدلرەحمان ....* دیاری بۆلەشکری عێراق
١٣٦–عەباس کامیل غەریب ....* تۆ
١٣٧–میوا تەها .... * پێشەوا
١٣٨– محەمەد ساڵەح عبدلکریم ....* بەتامترین یەکتر ناسین

١٣٩- سەلاح سەلیم سەیدۆك ....* ئاوری تۆ زۆر پرشنگە بیّ لەکەیە
١٤٠-سەربەست شارپاژێری ....* شۆرشی بیستی نەمر
١٤١- غەفور مەخموری .... * جەماوەری مەخمور پیرۆزبای لەسەرۆك
دەکەن بەبۆنەی جەژنی لەدایك بونیەوە .
ریپۆرتاژ.
١٤٢- سەلاح شوان .... * عێراقی یەك پارچە
١٤٣-بورهان هەژار .... * عێراقی سەربلّند
١٤٤ - کەمال ڕەوف محەمەد...........* خۆری تەمموز بەفو ناکوژێتەوە
١٤٥ وریا سعدالله محەمەد............ * سەرکردەو سوپاو سەرکەوتن
١٤٦-هەلّمەت محەمەد................ * جەژنی سوپا جەژنی سەرکەوتن
١٤٧-وریا دلّپاك .... * گەلی کورد ملکەچ نابیّ
١٤٨-عبداللە عەباس .... * لەبەر روناکی وتەبەنرخەکەی سەرۆکی
فەرماندە
١٤٩-خەسرۆ باپیر .... * سوپای میللی و گیانی سەرکەوتن
١٥٠-نەوزاد رەووف .... * بوکی شۆرشەکان
١٥١-محەمەد عەلی سۆفی .... * سوپای میللی
١٥٢-عبیدلله حەسەن عەلی دۆسکی ...* عیرّاقا سەرکەفتنی
١٥٣-ئیبراهیم محەمەد عامر .... * عیرّاقا من
١٥٤-سەفەر شەعبان یاسین .... * سەرۆکی قوماندار
١٥٥-مەلاحەسەن عوسمان حەسەن ...* سلاّوی شانازی بۆسوپای میللی
١٥٦-مەلامحەمەد ئەمین عبدلله سلیمان ....* سەرۆکی خۆشەویست سەدام حسین
١٥٧-مەلا ئیبراهیم عەلی حسین ....* شانازی بۆسوپای نەبەزی عێراق

١٥٨–مەلا فەتاح عبدلقادر عبدلله .... * نەبەزی هەردوو فەیلەقی سێوحەوت
١٥٩– مەلا عبدالله محەمەد عبدالله..........* فەیلەقی سێو حەوت
١٦٠– مەلا عومەر نوری عەزیز ....* قارەمانی فەیلەقی سێو حەوت
١٦١–مەلا جەمال جەلال محەمەد .....* بەرپەرچی دوژمنان دەدەینەوە سەر جەم
گوتاری ئەم مەلایانە لە رۆژنامەی هاوکاریە
تاکیە بگەڕێوە بۆی.
١٦٢–نەوزاد کاکە .... * بەدڵو بەگیان لەگەڵ جەنگاوەرانی قادسیە داین
١٦٣–هیوا عبدلقادر محەمەد......* هەربژی بەسرەی جوان
١٦٤–سەکینە مەنسور حسین ...* گەورەترین شەر لەباشوری عێراق
١٦٥–عەلی محەمەد بەندی ......* عێراقی خۆشمێرن
١٦٦– بەدل محەمەد دۆسکی ...* سەرۆکو میللەت
١٦٧ – نەوزاد هەڵەبجەیی ......* بەند کردنی نرخی نەوت کارناکاتە سەر ئابوری
١٦٨– ساکار بەرزنجی ....* دەیان بابەت پێویست بەنموونەناکات
١٦٩–عبدالله سالح شاربازێری ...* گفتوگۆیەك
١٧٠–ئاریان هەورامانی ....* تەمموزی بەخشندە تەمموزی سەرکەوتن
١٧١ – هاشم حسن عەقراوی ....* دەیان بابەت پێویست بەنمونە ناکات
١٧٢–مەسعود سالح ئامێدی ....* بەبۆنەی هەفتەی قادسیەی سەدام
١٧٣–حازم شەوکەت ....* عیراقا سەرکەفتی
١٧٤–نەجدەت مەجید ....* تیشکێك لەسەر شۆرشی ١٧ی‌تەمموز
١٧٥–مقداد مردان دێرگژینکی ...* عێراق ولاتێ منە
١٧٦–نەسرەدین هادی ....* من پسیارکرد
١٧٧– ئیحسان نوعمان ....* ئاخو خوێن

١٧٨–محەمەد ئوسمانا ....* لەشکرێ سەرکەفتنا

١٧٩– حەمەسەعید حەمەکەریم ...... * دەیان بابەت پێویست بەنمونەناکات

١٨٠–عبدلکریم عبدالله............. * تاقمەحوکمرانەکانی تاران و پاشگەزبونەوە

١٨١ – ئەنوەر ئەحمەد دەرگەڵە .... * بۆسەرکردە

١٨٢–ئیسماعیل زاخۆیی .... * سێ دەنگ بۆ شەهیدی

١٨٣–سۆران سیروان .... * سەدام حسین لەدڵماندا دەژی

١٨٤– ڕزگار محەمەد ....* عێراقی ئەمرۆ

١٨٥–کاوە فاتح جەباری .... * دەستورو بەڵێنی سەرکردە

١٨٦–شەهاب عوسمان .... * عێراقی کوردو عەرەب عێراقی هەڵوێست و جوامێری

١٨٧–ئیبراهیم عەلی هاجانی ....* ئەمریکاو قوبلا شەریف

١٨٨–گۆرەز ڕەواندوزی .... * عێراقیەکان شیری ئیمامی عەلیان بەدەستە

١٨٩–عەلی ئەمین بەرزنجی .... * ئێمە ولآت پارێزین

١٩٠–محەمەد سالح شرەفانی .... * عێراقی نوێ

١٩١– محسن تاهیر بەرزنجی .... * سەرۆکی فەرماندە سەدام حسین

١٩٢– عارف لەتیف .... * حکومەتی شامر حکومەتی جەنگ

١٩٣– وەلی ئیسماعیل .... * عێراقی یەکێتی و سەربڵندی

١٩٤– نەوزاد قادر .... * شۆرشی تەمموز تواناو سەرکردە

١٩٥–جەمال عبدالله .... * پیشەسازی سەربازی بەشێکەلەسەرەوتی عێراق

١٩٦–سەردار مستەفا .... * داستانی ڕزگار کردن و بنیات نان

١٩٧– سەباح موسی عەلی ...... * شۆرشی ١٧–٣٠ تەمموز

١٩٨- سەعدی حسین رەشید ...* تەمموزی سەرکەوتن و ئاشتی

١٩٩-نەشمیە وەندی ....* رێزو خۆشەویستی بۆ سەرۆکی فەرماندە

٢٠٠-ئیحسان سدیق عبدالله ... * دەیان بابەت پێویست بەنمونەناکات

٢٠١- فەیسەڵ دێهاتی ....* دەیان بابەت پێویست بە نموونە ناکات

٢٠٢- رازاو حەمد ....* ئاشتی راستەقینە

٢٠٣- گولیزار هورمزیار..........* عێراق هەمیشە هەڵوێستێکی چەسپاوی هەیە

٢٠٤- سروە قەرەنی ....* دەیان بابەت پێویست بەنمونەناکات

٢٠٥- شیرین عە باس ....* یادی لەدایك بوونی سەرکردەی قارەمان

٢٠٦-کەریم سەردار .... * لەپێشدا نیشتیمان

٢٠٧- عەتا خالید نەقشبەندی .. * ئەستێرەیەکی پرشنگدار داچۆڕا

٢٠٨-رێبوار عومەر ....* سەرکەوتن و رزگار کردن لەکارەکانی توکلنا

٢٠٩-ئازاد عبدالواحید ....* رێبازی ئاشتی خوازانەی عێراق

٢١٠-دلاوەر ساڵەح .... * پیشەسازیە سەربازیەکان

٢١١- قاسم ئەحمەد نوح ....* بەلکەفتنا رۆژا باوەریێ کرنێ

٢١٢-پیرداود مەحمود .... * چەندین شیعر پێویست بەنمونەناکات

٢١٣-عبدلخالق سەرسام .... * کەسینە دەبێتەقەلآ

٢١٤- حەمرین .... * سەدام پێشەوامانە

٢١٥- تەحسین مەولود ....* جەنگی قادسیەی سەدام پێشکەشە

٢١٦_ ئەحمەد محەمەد عەنایەت ....*بیرەوەری هەشتی شوبات

٢١٧- رێبوار کەریم ....*دەیان بابەت پێویست بە نمونە ناکات
رۆمانێکیش بۆقادسیە دیارە ئەم ناوە رێبوارکەریمی
هەولێر پۆست نیە .

ڕۆژنامەی ئاسۆ

٢١٨-محەمەد مەلا ئەسعەد .... * هاوڕێ حەسەن عەلی ئەندامی سەرکردایەتی
٢١٩-هوشیار ئەحمەد حسین .... * سەدام حسین پیاوی بنیات نانو ئاشتیە
٢٢٠- ڕێبوار تۆفیق....................... * سەرکردەی مەزن
٢٢١-رەشید ئەنوەر بێتواتە ....* با ئاسۆ دڕ بەشەوەزەنگ بدا
٢٢٢- رەزا شوان ....* هیوای منداڵانی کورد
٢٢٣-غەفور ساڵح ....* هەڵوێستێك کە جێی شانازیمە
٢٢٤-شێخ محەمەد قەرەداغی ....* لەگەڵ وجودی سەرۆکی فەرماندە
٢٢٥-خالید عەزیز کەریم ....* شەهید
٢٢٦- محەمەد پەشێو ....* خۆشمان دەوێی
٢٢٧-محەمەد موکری ....* سەرەك سەدام حسینو دەسپێشخەری بەردەوام
٢٢٨-خدر ئەحمەد مەحمود ....* سەرکردەو جەماوەر
٢٢٩-خالید کەریم زەنگەنە ....* ئاسۆوچەند خۆزگەیەك
٢٣٠- ئەحمەد محەمەد ئابلاخی ....* ئاسۆی ڕۆشنبیری کورد
٢٣١- یاسین قادر بەرزنجی ....* جەژنی شانۆو شانۆی ئێمە
٢٣٢- ئاوات .... * دەیان بابەت پێویست بەنمونە ناکات
٢٣٣- حەسەن جاف ....* لوتکەی ئەڤینی دەشتاییە

بەرگی یەکەم

بابەتەکانی تایبەت بە قەڵەمەکانی بەعس

عێراقیەکان هەمیشە هەر سەرکەوتوون

موسلح جەلالی

ئەوەی ئەمڕۆ جێی شانازی بێ و نەك هەر لەناوچەکەدا بگرە لای هەموو گەلانی جیهانو دەوڵەتان دیارین ئەوەیە ڕۆڵەکانی عێراق لەژێر سایەی سەرکردایەتیە بەتواناکەیدا وەك پێنج ساڵە لەبەرەکانی جەنگدا دژی ڕژێمی چاو چنۆك و نالەباری ئێران بەرگری لەسەر بەستی نیشتیمانو ولاتەکەیان ئەکەن، لەبوارەکانی تری ژیانیانـدا لەمەیدانەکانی کارو پێشکەوتندا هەمیشە باڵی تەقەلادانو کاری دڵسۆزانەیان لێ هەڵماڵیوە........

ئەمەلەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە عێراقیەکان پەیوەندیان بە هەموو ئەو ولاتانەی دەورو بەریان هەیە ، ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆئەو باوەڕەی کەعێراقیەکان بەخۆیانو بە برەو پێدانی هەموو ئەو پرشنگانەیە کەڕێگەی تاریکی ئادەمیزاد ڕۆشن ئەکەنەوە، ئێستەش کە هەروەك لەمەوبەر، سەر کردایەتی شۆڕش بەسەرۆکایەتی فەرماندە

(سەدام حسین) دروشمی بەرپاکردنی ئاسایش بەرامبەر دەست درێژیەکانی هەڵگرت بەرامبەر بە ڕژێمی ئێران .

کەئەم شەڕەی ڕژێمی نەزانی ئێران بەسەر عێراقدا سەپاندی خزمەتی عێراقیەکانو ڕۆڵەکانی گەلانی عێراق ناکات و دژی هەموو خواستێکی پیرۆزو بێ گەردەو ئەوەی کەکەڵکی لێوەردەگرێت، ئیمپریالیزمو زایۆنیو کۆنەپەرستەکانن، بەلام عێراقیەکان بەرگری لەخاكو سەربەستی خۆیان دەکەن .... تا دوای ....

تێبینی : ئەم نووسەرە لەبەر ئەوەی وتاری زۆرە لەسەر بەعس تەنها نموونەیەکی کورتمان لەوتارێکی وەر گرد وەك بەلگەنامەیەك، کە لە گۆڤاری نووسەری نوێ لەساڵی (١٩٨٥) لە ژماری (١٠٧) لاپەڕە (٤ تا ٥) درێژی وتارەکەیەتی .

ویژەو ئاشتی و جەنگ

دکتۆر کامیل بەسیر

بیروباوەڕ گەر هات و لەزەمینەیەکی ڕەسەندا ڕەگو ڕیشەی داکوتابوو، وەبەشەونمی مافی نەتەوایەتی و ئارەقی زەحمەت کێشان و گیانی مرۆڤایەتی سەوز بوبو، پێویستە سەری ڕێزو قەدری بۆ دابنەوێنین .

ئەمە توێژینەوەیەکە لەسەر مەسەلەی جەنگ دیارە پێویستی بە سەرنج هەبوو، بەتایبەتی کە دەم لەبابەتێکی ئاڵۆزو دژوار دەدات، هەرچەندە کەلەناوجەرگەی ڕوداوەکانی جەنگی (قادسیەی سەدام) چاو هەڵدێنێ، بەلام لەڕاستیەکەیدا بناغەکەی لەسەر ذەیان کێشەی بیری و ڕامیاری و هونەری دێرین و هاوچەرخ بنیات نراوەو لق و پۆپی بەرەو چەند باسێکی چارەنوسی هاویشتوە، ویژەی کورد هەرچەندە لەم ڕۆژانەدا تاڕادەیەکی زۆر پێی نەکراوە سود لەجەنگی (قادسیەی سەدام) وەربگرێت و ئەو ڕاستییە بکا بەهەوێنی خەملاندن و گەیشتنی بە ڕادەی فەلسەفەی ئایدۆلۆجی و بیرو باوەڕی کە ناوەڕۆکی ویژەی میللەتە ستەم لێکراوەکانە .

بەلام ئێمە لەتوێژینەوەیەکماندا بەناونیشانی (هونەری کورتە چیرۆکی کوردی و جەنگی قادسیەی سەدام سەرنجمان بۆئەو کێشەیە ڕاکێشاوە .

هەروەها بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر لەهەمان ڕوانگەوە توێژینەوەیەکمان بە ناونیشانی (خەباتی چینایەتی، لەچیرۆکی پێشمەرگەدا) بەدووبەش دەربارەی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی دکتۆر ڕەحیمی قازی (پێشمەرگە) نووسیەوەو بۆچونەکانی ئێستامان بەبۆنەی جەنگی (قادسیەی سەدام) چەسپاند .... تا دوای .....

تێبینی : ئەمە باسێکی درێژە لە (١٢) لاپەڕە پێك هاتوە لەسەر پاڵەوانیەتی جەنگی قادسیەی سەدام، ئێمە تەنها چەند نمونەیەکمان وەرگرت، لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بلاو کراوەتەوە، ساڵی (١٩٨٥) ژمارە (١٠٧) لاپەڕە ٦ بۆ١٨.

شەهیدانی ڕێگەی سەربەستی

مەولود حەمد

هەرلەو ڕۆژەی کەحیزبی سەرکردە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بەسەر کردایەتی سەرۆکی لێهات و (سەدام حسین) شۆڕشی ۱۷_ ۳۰ ی تەمموزی پیرۆزی بەرپا کردو هاتە سەر حوکم، یەکێك لەبیرو باوەڕە سەرەکیە نەگۆڕەکانی ئەوەیە کەوا دۆستی گەلانی ئازادی خوازە ....هتد

(قادسیەی سەدام) عێراقیەتی تێکڕا کوردو عەرەبو برا کەمایەتیەکانی، لەنایابترین شێوەی وەفاو تێکەڵی لەگەڵ خاکی نیشتیماندا پیشان داو، جوانترین پەیوەندی ئەم گەلەی لەگەڵ شۆڕشەکەیدا ڕێکخست .

کورد لە (قادسیەی سەدام) دا وەك عێراقی هاوبەشی جەنگ بەشداری دەکات، چونکی زۆر باش دەزانێ لەم شەڕەیدا لەپێناوی سەربەرزی نیشتیمانیا خەبات دەکات ....هتد

هەزار سلاو لەگیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای سەربەرزی ولآت، هەزاران سلاو لەسەرکردەی خەبات گێڕ سەرەك (سەدام حسین).

تێبینی : گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ساڵی ۱۹۸۳ ژمارە ۹۷ لاپەڕە ۲۲.

پاشی سیٚ ساڵ شەڕ سەرکەوتن و سەربەرزی

هەمیشە هەربۆ عێراقی مەزنمانە

دڵپاك مەحمود

کاروان دەڕواو عێراقی خۆشەویست هەنگاوی پڕلەهیواو پێشکەوتن وسەرفرازی خۆی دەنیٚو میللەتی مەزنی عێراقیش کەسیٚ ساڵە توشی شەڕبوە سەردەکەویٚ .
گەلی کوردو عەرەب گەلی دەسکەوتو گەشەسەندنی عێراق، گەلی پەروەردەی شۆرشی ١٧_٣٠ ی تەموزی مەزن، گەلیٚ شەیدای شۆڕشەکەیو دەسکەوتو سەرکردایەتیەکەیو لەسەروی هەموویانەوە (سەدام حسێن) . گەلی دڵسۆزی خاکو نیشتیمانو سەرکەوتن .
هەرگیز دەستەپاچەو دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتوەو فێریش نەبوە .
هەرشەکاوەبێت ئاڵای بەرزی عێراق، بەسەرکردایەتی حزبو شۆڕش و لەسەروی هەموویانەوە. سەرەکی فەرماندە بەڕێز (سەدام حسێن) . سەرشۆڕی و زەلیلی بۆ دوژمنانی عێراق ....

تێبینی : گۆڤاری ڕۆشنبیری نویٚ ساڵی ١٩٨٣ ژمارە ٩٩ لاپەڕە ٧ .

گیانی پاک

ئەمین شێخ علاالدین نەقشبەندی

هەروەها هەموو مان ئەو وتەگرنگەی سەرۆك (سەدام حوسێن)مان لەیادەو لەگوێماندا ئەزرنگێتەوە، کەوتیان شەهیدەکان لەهەموومان بەرێزترن، درودی ئێمەش لەگەڵ ستایشی بێ پایاندا بۆئەوانەی کەبە بەخت کردن گیانی خۆیان پەخشی و شورەێکی پتەویان بەهەر چوار دەوری وڵاتەکەماندا کێشاوە بۆپاراستنی وڵات و دانیشتوانی وڵات لەدەست دەست درێژکەران .

بەڕاستی کام سەخی ئەتوانێ سەرماییێك ببەخشێت کەبەنرختربێت لەگیان، کام خەبات گەورەترە لەگیان بەختکردن،کەواتە: درودی خواتان لەسەر ئەی شەهیدان ئەی قارەمانانی ڕێگەی پاراستنی وڵات، لەپۆزەی چلکنوپیسی گورگی دوژمن .

دوژمنی داگیرکەر هەرچەن لاشەتان وەکو هەموو مردوێك خرابێتە گڵەوە، بەڵام یاتان هەمیشە والەناو دڵ و دەرونی هەموو عێراقێکی بەشەرەفی دڵسۆزدا، بەڕاستی ئێوە لەهەموومان مەزنترو بەرێزترو سەربەرز ترن .

تێبینی : ئەم بەڕێزە چەندین وتاری هەیە لەستایشی بەعسدا و دژی ئێران، ئەم وتارەشی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ساڵی ١٩٨٣ ژمارە ١٠٠ لاپەرە ١بۆ ٢ .

لەیادی کاروانی نەمری شەهیدان

نەسرین ژاڵەی

شەهید گیان هیچ خامێك ناتوانێ شتێك دەربارەت بنووسێ، زمان نازانێ لەبارەتەوە بدوێ، هەموو شتێکت بۆکەمە، بەڵام ئەبێت بەوەندە ڕازیبیت کە تێکۆشەر (سەدام حسین) ئەڵێ ((ئێوە لەگشتمان پیرۆزترو بەنرخترن))
ئێوە لەدڵ و دەرونی ئێمە ئەژین، ئەو چەپکە گوڵەی ئەیخەنە سەر گۆڕت، بەدڵێکی فراوان، باوەشی بۆبکەرەوە، پێشکەشی تۆ دەکرێت، لەو کەسانەی کەتۆ بەرگریت لێکردون، بەخوێنی گەشت ....هتد
کاتێ کەدێینە لاتان و سەرت لێدەدەین پێمان بڵێو فێرمانکە، ئەم ڕێگایە چەند خۆشە کەتۆ گرتوتە بەر، تاکو ئێمەش بەڵێنت پێبدەین و سوێندت بەکوردستان بۆ بخۆین ئەوا هاتین و ئێمەش لەدوای تۆین .

تێبینی : گوڤاری ڕۆشنبیری نوێ ساڵی ١٩٨٣ ژمارە ١٠٠ لاپەڕە ٦.

لەیادی لەدایکبونی سەرکردەدا

جەلال حەسەن خۆشناو

ئەگەر بمانەوێت لەکەسایەتی سەرۆکی فەرماندە و پێشەوای سەرکەوتن (سەدام حسین) بدوێین و لەگشت لایەنەکانی وەکو فەرماندەی مێژویی دەگمەن فەرماندەیەك کەلەناو میلەتەوە پێ گەیشتوە وەهەروەها لەناو جەرگەی شۆڕشەوە وەکو کانی یە ئاوێك دەربووە .

سەرۆك تەنیا سەرکردەی ئەم گۆڕانە لەسەر کۆمەڵ و مرۆڤی عێراقی و پەیوەندیەکانی پشکنێنەری سەرەکی لە شوێنی میریەوە نیە، بەڵکو فەرماندەیەکە سەرۆکایەتی ئەم گۆڕانە دەکات و ئەم شۆڕشە لەهەموو لایەنەکیەوە بەشێوەیەکی سەرکردایەتی دیاری کرداو بەڕێوە دەبات .

لێکۆڵینەوە لەهاتنی سەرۆکی مەزن (سەدام حسین) کردەیەکی ئاسان نیە نەك لەبەر گرێدراو گرانی باسەکە بەڵکو لەبەر زۆری کەلێن و تێکەڵاو بونی ئەم هەموانە .... تادوای

تێبینی : گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ساڵی ١٩٨٥ ژمارە ١٠٦ لاپەڕە ٢

جەژنەکانی تەمموز

مەولود سورچی

حەڤدە ساڵ لەمەوبەر پاش سەدان ساڵی ئێش و ئازارو نەهامەتی و ژێر دەستی شاڵاوی بێگانە، دوای سەدان ساڵی هەڵمژینی تاڵاوی تاریکی و دواکەوتن و ئەشکەنجەو بێ هیوایی گەلی مەزنی عێراق، شۆڕشی ۱۷_ ۳۰ ی تەمموزی ۱۹٦۸ کەحیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکردایەتی کردو ڕاپەڕاند و سەرکەوتوانە تەقیەوە .

هاتەمەیدان و نیشانەیەکی دیاری لەمێژوی گەل و وڵات و نەتەوەی عەرەبدا دروست کرد .هتدا ......

بەم جۆرە شۆڕشی سەرەك (سەدام حسین) ساغی کردەوە کەلەهەموو دوژمنان و لەهەموو نەهامەتی و تەنگانەیەکدا بەهێزترە، شۆڕشەکە لەتەرزدا نوێ یە بۆکامەرانی مرۆڤ و پێشکەوتنی مرۆڤ .

تێبینی : ئەم نووسینە باسێکی درێژە لەسەر دروست بونی بەعس، لەڕوی مێژوی و ستایشەوە . گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ساڵی ۱۹۸٥ ژمارە ۱۰٦ لاپەڕە ۱۱ بۆ ۲٤ .

شەش سالێ بورین لسەر شەڕی مەیی پاراستنێ

شەڕی قادسیا سەدام

جسیم ابراهیم دۆسکی

هندی باشترە سەرکفتن مزنترە گەلی عیراقێ بەرف سالا شەشێ ڤەچولگەل شەرێ مەیێ پیرۆز شەرێ (قادسیا سەدام)و عیراق موکوم ترەو بهێنترە ژهەر دەمەکی و ڤان پێنج سالێت بوری گەلی عێراقێ پتر ئێك گرتی بوو کرە شانەکا ب ئیکەڤەماییو دەست ژ ئێك بەرنە داو بەرڤ چوتا سالا شەشێ ژ شەرێ وبسەر بلندی بوهەمی عیراقا بوری .

ژدەمی بنەجیهکردنا روحا سەرکەفتنێ و گەهشتنە سەرکەفتنا دیماهی، یاکو دوژمنا پێ زانێ بەری هەڤالا.

ئودیاربونا بنەجیهکرنا روحا سەرکەفتنی ئەویوکونەهێلای خومەینیزفرینا لەشکری عیراقێ بوتوخیبێ بخوبکار بینیتبو موکوم کرنابنگەهیت خوێیت لەشکەری، ژ داخازیا رەنگی نوی یێ شەری کارکرنا هاو ولاتێت عێراقێ ....
تادوای

تێبینی : گوڤاری ڕۆشنبیری نوێ سالی١٩٨٥ ژمارە ١٠٨ لاپەڕە ١٢ .

چەند بەر پەڕەك

ژقادسیا سەدامی یا پیرۆز

جەمال بەرواری

دەمێ جەنگا (قادسیا سەدامی) دچیتە دناف سالا هەفتێدا یا پێدڤیە ئەم هندەك بەریەرا ژ وان هەفت سالێت بەردەوام ژ سەرکەوتنا ڤەدین، ل وانداستانێت میرانێ وزیرەکێیو پالەوانێ ئەوێت مێرخاسا عێراقێ تومار کرین ل هەمی بەرۆکێت شەری ول درێژاهیا هزارو دووسەد کیلۆمەتر .

هەروەکی سەرۆکێ (سەدام حسین) دگووتاراخودگوتی ب هەلکەفتنا شورشا ١٧–٣٠ی تیرمەهێ دەمێ گووتی : دەست درێژا فارسا لسەر عیراقێ نەکوبتەنێ یا ئێرانێ بوو بەلێ پیلانا زایۆنیزمێ و ئیستعمارێ بوو وان دڤیا تیرۆژکێت ئاقلی وتێ گەهشتێ دناف دلی هەوەدا بەرزەکەن .

ڕژێما ئێرانێ ئاگرێ شەڕێ دژی ولاتێ مە هەل کر ل چاری ئیلونێ ل سالا ١٩٨٠ .... تادوای

تێبینی : گوڤاری ڕۆشنبیری نوێ سالێ ١٩٨٦ ژمارە ١١١ لاپەرە ١٦ .

روناهیێ یەك ل سەر شەڕێ عیرقیێ ئیران

حەمید عەلی

ولسەر هەندێ را سەرۆکی قوماندار (سەدام حسین) گووتی مەچەنگ دگەل ئیرانی نەڤێت، بریارا مە جەنگ نینە بەلێ مە دڤیت هەمی پارچەکی عەردی عیراقی ڤەگرینە ڤە ئەوێ فورسان بری ئەم تەماعیا عەردێ ئیرانیێ ناکەین .

ئەو رۆژا عەردێ داگیر کرێ ڤەگریا ڤە لسەر دەستێت هێزێت چەکدارێت عێراقیێ زین القوس وسیف سعد ب قومانداریا قومانداریێ پالەوان (سەدام حسین) و لبن ئالایا وی داکوببیتە رۆژەك مێژوی د جەرك‌و هونافێت میللەتێ عێراقیێ یێ هێژا .

ولسەر ڤێ بنیاتێ حکومەتا ئیرانیێ تفاقا ٦ ئاداری سالا ١٩٧٥ و پرۆتوکولێت د گەل ژێچ دویر کەفت ئەو ژی ژ بەر نەقەدرگرتنا تێکەلاهێت جیرانەتێ و دەست درێژیا د ناف سەروبەرێت عێراقیێ بێت نافخوی ونەدانا .... تادوای

تێبینی : گوڤاری ڕۆشنبیری نوێ سالی ١٩٨٦ ژمارە ١١١ لاپەڕە ٢٦ بۆ ٣٢.

چەند دەرسێك لەقادسیەی سەدام

عبدلستار تاهیر شەریف

لەم چەند دێرەی خوارەوە کەبەراوردی هەندێ لەلایەنەکانی (قادسیەی سەدام) دەخەینە ڕوو وەك شریتێکی سینەمایی ئەو گەندو پیسانەی لەئەنجامی شەپۆلەکانی دەریاکانی جەنگەکە کەوتونەتەوە کەنارو، دەریاکان بەو پان و پۆریانەوە جێگایانیان نەکردوەتەوە. .... هتد

یەکێك لەو ڕاستیانەی تری (قادسیەی سەدام) خستویەتیە ڕوو لە پرسیارەکەی سەرۆك کۆمار تێکۆشەر (سەدام حسین) دەر ئەکەوێ کە پرسیارێك لەوانە دەکەین کەوا کەوتونەتە سەر هێڵی لادان و نۆکەری بێگانەن بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ لەو کەسانەی ناویان لەخۆیان ناوە (معارزە) و لەسەر سفرەی بێگانە ئەژین لەدەرەوە .... تادوای

تێبینی : گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ سالی ١٩٨٢ ژمارە ٩٣ لاپەرە ٨ .

تەمموزی شۆڕش و ڕاپەڕین

عبدالله ئسماعيل

لێرەدا دامو دەزگا ئیستیعماریەکان دیسان توانیان چەند نۆکەرێکی خۆیان لەژێر پێچەو پەردەی نەتەوەپەروەری درۆزنانەدا شاردرابونەوە، بەنیازی ئەوە بخزێنە ناو شۆڕشەوە کەلەناوەوە کنەی تێدابکەن‌و بەرەبەرە ناکۆکی بخەنە ناو ریزەکانی یەوە تا لەئەنجامدا بەمەردەکەی پاش چواردەی تەمموزی سالّی ١٩٨٥ ی ببەن .

بەلاّم قوریان بە کۆیلایەتی ئاگایان لەوە نەبو یان خەیالّی بەن کێشانیان وەگێلی کردبون نەیاندەزانی کە شۆڕشگێڕێکی هەلّکەوتووی وەکو (سەدام حسین) **کەلەبۆتەی خەباتدا قالّ بوەتەوە ئەگەر لەبن سەد پێچەو پەردەشدا خۆیان شاردبێتەوە هەر دەیان دۆزێتەوە.**

تێبینی :گۆڤاری رۆشنبیری نویّ سالّی ١٩٨٢ ژمارە ٩٨ لاپەرە (٥ بۆ ٧).

سەدام حسین پاڵەوانی کارەکانی تەنگانەیە

مەجید حەمید

لەناو ئەم داخانەدا دەرکەوت هاوڕێ (سەدام حسین) تێ ئەکۆشا بۆئەوەی ئەو کەلێنە چاك بکات کەلەپاش ١٨ ی رەشی تشرینی ساڵی ١٩٦٣ پەیدا بوو تاکو حزب کۆك بکاتەوەو ئەو تەقەلایەشی کەماندوبونی بۆنیەو ئەو ئاگاداریو بەشوێندا چونە رۆژانەیەی بەدوای کاروباری حزب .

هاوڕێ تێکۆشەر (سەدام حسین) بەنهێنیو گرجو گۆڵی خۆی بۆ کۆکردنەوەی حزبیەکانو سەردانی شانە حیزبیەکان تەرخان کرد . ...هتد

لەمەودوا سەرکردایەتی نەتەوەی پەیوەندی بە هاوڕێ (سەدام حسین)ەوە کردوو داوای لێکرد کەبەنهێنی بچێتە سوریا .... تادوای

تێبینی :گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ساڵی ١٩٨٤ ژمارە ١٠٢ لاپەرە ٣.

تو خیبێت مه کەلانه بۆ دوژمنان گۆرستانه

جەمال سلێمان قاسم

سەری کورێت میللەتێ عێراقێ دێ هەیە بلند بیت و ئالایەت سەرکەوتنێ دێ هەر دەدەست خۆش مێرۆ و مێرخاسێت عێراقی دا بن ، ل ژێر سێبەرا سەرۆکێ قارەمان (سەدام حسین) وتوخیبیت عێراقێ دێ هەر مینکەلا کەلایەکا موکم و هەر کەسی قوچانێ دگەل دیوارێ عیراقێ بکەت دێ مەژی دگوهادامێته خار .

سەرکەتن هەمی دەما بەهرا هێزیت مەێت قارەمانە . ومردنو سەر شوری بۆ جەمبازو سحریەندایە ل قومو تەهران .

نەمری بۆ شەهیدێن وەلاتی .ئەو شەهیدێت گیانی خۆ گوریئاخا عێراقێ کرین . شەهیدێن (قادسیا سەدامێ) .

تێبینی : گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ سالی ١٩٨٤ ژمارە ١٠٢ لاپەرە ١٥ .

دەوری سەرۆکی فەرماندە

سەدام حسین لەسەرکەوتنی مەزندا

کامەران ئەحمەد

ئەو جەنگە لەخۆ بەرگرییەی گەلی عێراق بەسەرۆکایەتی سەرۆکی تێکۆشەر (سەدام حسین) و بەبازوی هێزە چەکدارە نەبەردەکانی ماوەی هەشت سالی رەبەق، دژ بەدرندەترینو کینە لەدلو کەللە رەق ترین دوژمن لەسەردەمی نوێدا ئەنجامیان داو، تێیدا بەزوبانی بەتینیو بەسنگی فراوانو بەقوربانی دانی ئەوتۆ بەرگریان لەخاکو ئاو ئاسمانو سەربەرزیو شکۆمەندیو دەسەلاتی نیشتیمانونەتەوە کرد .

بۆهەموو جیهانیان چەسپاند ئەو گەلەی سەرۆکێکی داناو تێکۆشەرو هوشیاری وەك سەرەك (سەدام حسین) سەرکردایەتی بکات وبەرەو لوتکەی شارستانیەتو پێشکەوتن دەستی بگرێت، ئەوا ئەو گەلە هەرگیزاو هەرگیز رێ بەدوژمنانوبەناحەزان نادات .

تێبینی : گۆڤاری بەیان سالی ١٩٨٩ ژمارە ١٥٤ لاپەرە ٣.

هەڤاڵی تێکۆشەر سەدام حسین عێراقێکی دیموکراتیمان بۆ دادەمەزرێنێ

نازدار کاوانی

دیموکراتیەت سەرچاوەی هێزە بۆ تاکە کەسێك و بۆ کۆمەڵیش بەگشتی، ئەمەش والەگەل و نەتەوە دەکات کەلە پێشکەوتنێکی بەردەوام دا بێت و هەمیشە بۆپێشەوە هەنگاو بنێت، چونکە هەر بەدیموکراتیەت دەتوانی چارەسەری هەموو گیرو گرفتەکانی بکات پێشەوای مەزن (سەدام حسین) دەڵێ کاتێ مەسەلەی دیموکراتیەت دەخەینە ڕو تەنها مەبەست لەبەکار هێنانی نیە .... هتد

بەم شێوەیە سەرۆکی تێکۆشەر (سەدام حسین) دیموکراتیەتی پێشکەوتوی بۆ گەل و جەماوەر داڕشتوە، لەپێناو خزمەت کردنی بەرژەوەندی گەل و هێنانەدی ژیانێکی سەربەستو لەسایەی ڕابەرایەتی گەل و بەوشێوەیەی گەل خۆی دەیەوێ لەگەڵ هیواو ئاواتو ئامانجەکانی دا یەك بگرێ .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ژمارە ١٥٤ ساڵی ١٩٨٩ لاپەڕە ٧ .

شەهیدی نەمر عدنان خیرالله

هەمیشە لەیادی هەموو عێراقیەکاندایە

سالار محەمەد

لەرۆژی یەکی شەوال دا لەکۆتای مانگی رەمەزانی پیرۆزدا عێراق یەکێك لەرۆڵە تێکۆشەرو پاڵەوانەکانی لەدەست چو، ئەو رۆڵەیەی کەهەمیشە وەك ئەستێرەیەکی پرشنگ دار و رێبازی خەباتی نیشتیمانی رۆناك دەکردەوە .

بەم شێوەیە رۆڵەی ئازاو تێکۆشەر خوالێخۆشبو عدنان خیرالله خۆشەویستی سەرۆکی فەرماندە (صدام حسین) بوو براو هاورێی ژیانو خەباتی بێوچانی بوو، بەشەهید بونی ئەم هاورێ تێکۆشەرە خەمو پەژارە سەرتاپای عێراقی گرتەوە هەرلەسەروی ولآتەوە تاخواروی بۆ کۆچ کردنی یەکێك لە هەرە ئازاترین پیاوەکانی داستانی (قادسیەی سەدام) و ئەو شمشێرەی کە ئاڵآی ولآتی هەروەك دارخورماو لوتکەی چیاسەر کەشەکان بەرز کردبویەوە ....تاد

تێبینی : گۆڤاری بەیان ژمارە ١٥٥ ساڵی ١٩٨٩ لاپەرە ٣ .

بۆگیانی پاکی خوالێخۆشبوو
عدنان خیرالله وەزیری بەرگری

ئەستێرەی تێکۆشان داناچۆڕێ

سەعید باتاسی

ئەی پاڵەوان
ئەی سەربازی ڕێی کۆڵنەدان
تۆنەمردویت
نەڕۆیشتویت
تۆلەناخی هەمووماندا زیندویت
ناوو ناونیشانت
هەرماوەو هەردەمێنێ
وێنەی پاڵەوانیت لەبەر چاوە
نمونەی دڵسۆزیت
لەبەر چاوە
ئەی پاڵەوان .
ئەی سەربازی ڕێرەوی کاروان
ئەی ئەستێرەی پرشنگداری
ڕووی ئاسمان .... تادوای

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ۱۹۸۹ ژمارە ۱۵۵ لاپەرە ٤ .

خۆماڵی کردنه نەوت و پەرەسەندنی پرۆژەکانی ئابوری نیشتیمان

رێباز رەشید ئەحمەد

ئەوەبو هانی خومەینی جادو گەریان داو بەگژ شۆڕشیاندا داو لەچواری ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ دا دەستدرێژی کردەسەر گوندو شارەکانی سەر سنوری عێراق، عێراقیش وەلامی دایەوە و لەوەلامدانەوەدا سەرکەوت .

ئەمە وای لەو ڕژێمەکرد درێژە بەجەنگ بداتو ماوەی هەشت ساڵی رەبەق کەجەنگ بەردەوام بوو چەندان شالاوی هێنایە سەر عێراق بەمەبەستی داگیرکردنی خاکی عێراق، بەلام رۆلە نەبەزەکانی عێراق بەبازوی پۆلاین و سنگی پتەوی سەربازەکانی سەرۆك (سەدام حسين)و سەرکردەی لێهاتوانەی سەرۆکی تێکۆشەر فەرماندە (سەدام حسين) وایکرد عێراق لەساڵی ١٩٨٨ سەرکەوتن بەدی بهێنێ و ئەو ڕژێمە سەر بۆ بڕیاری ٥٩٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش دابنەوێنێت .... تادوای

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٩ ژمارە ١٥٥ لاپەرە ٦ .

هەندێ هوی سەرکەوتن لەجەنگی قادسیەی سەدام دا

هۆگر سورچی

فەرماندەی مێژوی لێهاتومان (سەدام حسین) دەورێکی یەکجار گەورەی بینی لەبەرێوەبردنی جەنگو وەدیهێنانی سەر کەوتنی مەزنی عێراق، چ لەروی نەخشە دانان چ لەبواری سەرپەریشتی کردنی مەیدانیو راستەو خۆیانەی راپەراندنی نەخشەکانەوە بێت .

بەتایبەتی چونکە سوپا قولێ بەکار تێکردنی فەرماندەکەی و رەفتارە عەسکەریەکەیەوە دەکەوێت، هەڵبەتە فەرماندە (سەدام حسین) خاوەن شارەزایەکی فراوانو رۆشنبیریەکی زانستیو مەوزو عیانەی سەرلەبەرو ئیرادەیەکی پۆلاین و تەواو باوەر بەخۆ بونو بیرو رەفتاری زیندو لەژینگەو دەوروبەر هەڵچێ نراوە ...... هتد

ئەمانە چەند هۆیەك بوون لەهۆیەکانی سەرکەوتنی عێراق مەزنمان لەجەنگی (قادسیەی سەدام) دا .... تادوای

تێبینی : گۆڤاری بەیان سالی ١٩٨٩ ژمارە ١٥٨ لاپەرە ٨ .

بەبۆنەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسا دانان و راپەراندنی لە کوردستان

کەرەم عەلی محەمەد

مەسەلەی هەڵبژاردن و دیموکراتیەت لە عێراقی (سەدام حسین) کارێکی سەر سوڕ هێنەر نیە و بەکارێکی ئاسای دەدرێتە قەڵەم، چونکە ئەمە هەڵوێستی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەو سەر کردەی داناو لێهاتوو کاك (سەدام حسین) بەردەوام دوپاتی ئەم لایەنە دەکات و داوا دەکات هەمیشە گەلەکەمان هوشیارانە هەریەکێ لەلایەن خۆیەوە هەست بە لێپرسراویەتی بکات .

بەمەش کۆمەڵ بەگشتی بەهێز دەبێت ئەمەش لەراستی دا لەعێراقی خۆشەویستماندا جێگای چەسپاوی خۆی گرتو هەموو عێراقیەکان لە چوار دەوری رابەرو مامۆستاو سەرکردەی دڵسۆزیان کۆبونەوەو بوون بە هێزێکی پۆڵاین بۆ پاراستنی عێراقی مەزن، لەژێر سایەی پاڵەوانی گەل هەڤال (سەدام حسین).

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٩ ژمارە ١٥٨دوا لاپەرە بەرگی گۆڤار .

عێراق و ئێران‌و پێویستی ئاڵوگۆڕ کردنی دیله‌کانی جه‌نگ .

زه‌ینه‌ب حسین

شه‌ری عه‌ره‌بی و ئیسرائیل و مه‌سه‌له‌ی هیندو پاکستان که ئاڵو گۆری دیله‌کان ته‌واو کراو گه‌ڕانه‌وه بۆ ولآت، پێش کشانه‌وه له‌خاکه‌کانی داگیرکراو پیش مۆر کردنی له‌سه‌ر رێکه‌وتنامه‌ی ئاشتی دا بۆیه کۆبونه‌وه‌ی جنیف.
داوای له‌هه‌ر دوو لا کرد بوو کۆبونه‌وه‌یان له‌ژێر ئالآی لێپرسراویه‌تی مرۆڤایه‌تیدا وه‌به‌شداری بوان له‌م کۆبونه‌وه‌یه خۆشحاڵی خۆیان ده‌ربڕی به‌رامبه‌ر هه‌موو هه‌نگاوه‌کانی مرۆڤایه‌تی وه‌ك به‌ره‌ڵاکردنی دیله‌کانی په‌ك که‌وتوه‌کان له‌لایه‌ن هه‌ردوو لاوه .
وه‌هه‌ر له‌م باره‌یه‌وه کۆبونه‌وه‌ی زاناکان دوپاتی پێشنیاری سه‌رۆکی فه‌رمانده (سه‌دام حسین) یان کرد که به‌رێزی ئامادوبونی عێراقی ئاشکرا کرد بوجێ به‌جێ کردنی ئاڵو گۆر کردنی به‌رفراوان ئه‌مه‌ش هه‌نگاوێکی باشه له‌کاری جێ به‌جێ کردنی ئاشتیه‌کی ته‌واو چه‌سپاوی نیوان هه‌ردو ولآت دا ......هتد.

تێبینی : گۆڤاری به‌یان ساڵی ١٩٨٩ ژماره ١٦٠ لاپه‌ره ٩ .

میهرەجانی میر بەرد

عەلی حسێن

ئەوەبو شۆرشی ١٧_ ٣٠ ی تەمموزی نەمر بەسەرۆکایەتی قارەمان (سەدام حسین) بەرپابوو میر بەردیش میربەردی نەمریش گەشایەوەو ڕوناکی لەئاسمانی شاری بەسرەدا نیشتیمانەکەمانو ولأتانی عەرەبی رۆشن کردەوە .

بەسەری زمانو داهێنانو بیری سەربەستو جوان، ئەوەبو لەیەکی نیسانی سالّی ١٩٧١ دا میهرەجانی یەکەمی میربەد کرایەوە، بەم جۆرە بۆجارێکی تر میربەد لەدایك بوو، بەبالأ جوانو بەرزو ڕەنگاو ڕەنگەکەیەوە هاتە دنیایەوە .

بەدەنگێکی ڕەسەنو ڕاستگۆوە بەرگی قەشەنگی خۆی پۆشی میربەد دەنگی زولالّی نەتەوەیەو ویژدانی زیندوی هەموومانەو ووتاری دلّو مێشکامانە، ئەمەش لەسایەی قارەمانی دلّسۆزمان (سەدام حسین) خوابیپارێزێ بۆ جاری دووەم هاتە دنیاوە .

تێبینی : پێش هەموو شتێك ئەم ناوە واتە عەلی حسێن ئەو عەلی حسێنە نیە کە ئێستە بەرپرسی لقی دەی حزبی پارتیە، تەنها لێك چونێك لەناوەکانیاندا هاتوە، گۆڤاری بەیان سالّی ١٩٨٩ ژمارە ١٦٠ دوالاپەرە بەرگی گۆڤارەکە .

٨ ی شوبات ڕۆژێکی پرشنگدار

کەریم محەمەد عەلی

(سەدام حسین) خوا بیپارێزێ بوکی شۆرشیان بەرپا کردو سەرکەوتنیان وەدی هێنا، بەلێ ئەمەش یەکەمین تاقی کردنەوەبو لەژیانی حزبماندا کە گەل بەرێوەی ببات، لەگەلێ ئەوەی ماوەی حوکومداریەتی شۆرشگێران نەبەردی کەمبوو، بەلاّم هەتا بلێیت دەسکەوتەکان زۆربون .

ئەم پالەوانانەی حزب لەخەباتو تێکۆشانیان دا بەردەوام بونو وازیان نەهێنا، چونکە ئامانجە پیرۆزەکە کەئامانج وداخوازی هەموو گەلەکەمانە لەبەر چاو بوو، هەتا رۆژی ١٧-٣٠ ی تەمموزی سالّی ١٩٦٨ هات و شۆرشی گەورەی پارتی سەرکردە لەژێر ئالاّی قارەمانی گەل (سەدام حسین)خوابیپارێزێ بەرپابوو گەلی عێراق لەسەرانسەری ولاّتەکەماندا پێشوازیان لێکرد .

تێبینی : گۆفاری بەیان سالّی ١٩٩٠ ژمارە ١٦٢ لاپەرە ٥ .

پیرۆز بێت جەژنی لەدایك بونی سەرۆکمان

محەمەد عبدلاً رەحمان هەورامی

سەرکردەی پاڵەوانو دلێری گەلەکەمان کاك (سەدام حسین) خوابیپارێزێ توانی بۆ ماوەی ئەم ساڵانە واتە هەر لەیەکەم رۆژی بەرپابونی شۆرشی ۱۷-۳۰ تەمموزەوە گەلەکەمان لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر بگوازێتەوە .

قارەمان (سەدام حسین) خوابیپارێزێ سەر لەهەرشارێك یان دێك دەدات خەڵکی بە لاو منداڵ و گەورەو بچوکەوە بەگۆرانیو هەڵپەرکێ و خۆشەویستی یەوە دەچنە پیری خۆشحاڵیو کامەرانی خۆیان دەر دەبرن.

ئیتر چۆن گەلەکەمان خۆیانو ماڵ و منداڵیان نەکەن قوربانی رابەری خۆشەویستو دڵسۆزیان، بەم بۆنەیەوە پیرۆزبای جەژنی لەدایك بوونی ئەستێرەی گەشی عێراق کاك (سەدام حسین) خوابیپارێزێ و تەمەنی درێژ بکات دەکەین، پیرۆزبای لەسەرۆکی خۆشەویستمان دەکەینو دەڵێین کاك (سەدام) هەتاهەتا بۆمان بمێنی .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ۱۹۹۰ ژمارە ۱٦٤ لاپەرە ٦.

قارەمان سەدام حسین و

جەژنی نەورۆز

نەریمان حسین کەریم

قارەمان (سەدام حسین) خوا بیپارێزێ ڕۆژی نەورۆزی کرد بە جەژنێکی ڕەسمی دەوڵەت و گەلی عێراق بەکوردو عەرەب و کەمایەتییەکانیەوە، لەسەرانسەری عێراق دا لەم ڕۆژە پیرۆزەدا ئاهەنگ گێران بەشداری دەکەن .

بەڵێ دەزانین سەرکردەی گەلەکەمان کاک (سەدام حسین) چەندکارێکی پیرۆزی کردوەو تاج رادەیەک بیری لەم مەسەلەیە کردوەتەوە، ئەمساڵ لەعێراقی خۆشەویستماندا لە ژێر سایەی پاڵەوانی گەل کاک (سەدام حسین) خوابیپارێزێ ئێمەش بەبۆنەی سەرکەوتنمان بەسەر دوژمنانی چەپەڵ واتە مەلاکانی تاران هێناو ئێرانیەکان لە(قادسیەی سەدام) دا بەزەبری چەك تۆچیان دادا .

بەڵی لەرۆژی جەژنی پیرۆزی نەورۆزدا خۆشەویستی خۆمان بۆ کاك (سەدام حسین) دەردەبرین و تەمەن درێژی بۆ دەخوازین .

تێبینی : گۆڤاری بەیانساڵی ١٩٩٠ ژمارە ١٦٤ لاپەرە ٧ .

فاو شاری فیدا کاریه

سەبیح عبد لمجید

ئەم خۆشیو سەربەستیو شەکاوەیەی من لەچیەوە هاتوە، ئەمە لەئەجامی ئەبەزیو قارەمانیەتی ئێوەوە بوە، ئێوەی رۆڵەی ئەم خاکە پیرۆزو پاك و بێگەردە، ئێوەی نەوەی قارەمان (سەدام حسین) خوابیپارێزێ .
بەڵێ فاو لەدڵ و دەرونو هەناوی هەموو عێراقیەکاندایە، ئێمەش ئەوپەری خۆشەویستی بۆ رابەرو پاڵەوانی گەلەکەمان کاك (سەدام حسین) خوابیپارێزێ دەردەبرین، چونکە هەموو سەرکەوتنو بەخشش و دەسکەوتەکانمان لەسایەی دایە .
کاك (سەدام حسین) پاڵەوانی گشت سەرکەوتنە، لەپاشە رۆژیشدا لەسایەی کاك (سەدام حسین) دا هەمیشە سەرکەوتن وەدی دەهێنین .
ئەم جیهانە لەتۆوە فێری خۆشەویستیو خەباتو رزگاریو قوربانی دان دەبن کاتێ دەیانەوێت باسی رزگاری شارێك بکەن .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ۱۹۹۰ ژمارە ١٦٤ دواڵاپەرە بەرگە گۆڤار .

بەبۆنەی یادی لەدایکبونی سەرکردەوە

چەند شاعیرێك شیعر بۆسەرکردە دەلێن.

نزار بەزاز . فاروق نەقشبەندی .هاشم جەباری .

عەباس مەجید . دیار محەمەد شەریف سندی

دگەل هاتناسەرۆك سەدامدایە ..... رەوشی هەمی ملاقەدا یە .
کاکە سەدامە.....و بابە سەدامە .
ئەی مێژوو سەرانسەری بون، ئەی عێراق خاكو پەردوت گشت ئالتونە .
ئەی سەدام سەرکردەی پڕ ئەمەك .
بەدەستم بێت هەموو دنیا دەکەم بەمۆم.
شاعیران بەگەزۆی ئەوین و
پیرۆزبایت بۆ بگێڕن .
هاتین بەمەشخەڵی سۆزو خەندەوە
هاتین لەدوندی قەندیلەوە
چۆپی دەکێشین
سرودی برایەتی ئەلێینەوە .

تێبینی : چەند هۆنراوەیەك بۆ یادی سەرۆکی عێراق سەدام حسین . گۆڤاری بەیانساڵی ۲۰۰۱ ژمارە ۱۸۸ لاپەرە ۲

لەپەنجەرەی رۆژگارەوە ....

نازم دڵبەند

کەلەدەرگای هەر ماڵە شەهیدێکی ئەم وڵاتە دەدرێ لەجیاتی هۆنینەوەی فرمێسک بانگەوازی سەرفرازی هەڵدەدەن، هاواردەکەن بژی سەرۆك، ئەو سەرکردەیەی لەشەوانی مەینەتی دا خۆشەویستی بۆ جەنگاوەران دەبەخشێ.
تۆش ئەی سەرکردە ئەوەتای لەناو گلێنەی چاوی هەمووماندا . خۆشەویستیمان پێببەخشە . بەگوێمانا بچرپێنە، کەبجەنگین بۆ سەرفرازی گەل، بۆئەوەی دوژمن خەونی نەزۆکانەی نەیەتە دی . تۆش ئەی سەرکردە فێرت کردین، وڵاتمان خۆشبوێت . ببین بەقەڵغانێ بۆگوللەی دوژمن .
لەو کاتەی بەرەنگاری دوژمن ئەبین، بقیژێنین بەدواوەبن، تەنها هەر تۆی سەرقافڵەچی و رابەری رێی تێکۆشانی نەبراوەمان ئەی پێشەوا (سەدام حسین) .

تێبینی : گۆڤاری بەیان . ساڵی ١٩٨٢ ژمارە ٨٢ لاپەرە ٣ .

بۆ سوپای قادسیەی سەدام

حەسەن نامیق رەشید

ئەوەی
لەشەوی لەدایك بونتا
مۆمت بۆنەسوتێنێ
شەستوو ، یەك چرا دانەگیرسێنێ
ووشەی ، چیرۆکوو ، شیعروو ، هۆنراوەی
کێکی تەمەنت بۆنەنەخشێنێ
دوای سەرکەوتنت
کە گەڕایتەوە
جا چۆن لەروی دێ
لەروتا دەستی رێز هەڵبڕێ
رۆلەی دلێری گەل بەرەنگاری
رەگەز پەرستیو دوژمن کاریو چاو برسێتی بۆ خاکی عێراق دەکات دوژمن لەناو ئەبات لەپێناوی قادسیەدا هەرگیز کۆڵ نادات .

تێبینی : گوڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٢ ژمارە ٨٢ لاپەرە ٨ .

دەنگدانەوە

ئەکرەم محمود سەمین

کاکە شوکر ئێمە بەسایەی شۆرشی تەمموزو بەسەرۆکایەتی (کاکە سەدام) هەموو شتمان بۆهەیە ، نەك وەکوبراو ئامۆزاکانمان لەئێران‌و سوریا هەموو شتێك لێ حەرام کراوە، بگرە هەتا مۆسیقاشیان لێ حەرمام کراوە .

بەڵێ لەکوردستانی عێراق میهرەجان ساز ئەدرێ، مرۆڤی کورد بەمافە رەواکانی خۆی شادومانە، دۆستایەتی دێرینەی کوردو عەرەب رۆژ لەدوای رۆژ لەسایەی شۆرشی ١٧-٣٠ تەممورو لەژێر باڵی میهرەبانی (سەرەك سەدام)دا بتەو تر دەبێت .

سیماو خاسیەتی نەتەوایەتی کورد پتر ڕەگ دائەکوتێ‌و لەبەهاری برایەتی دا شێرە بەفرینەکان ئەتوێنەوە، ئەمە حاڵی ئێمەیەو ئەوەش حاڵی ئامۆزاو برازاکانمان لە هەندەرانمان .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٢ ژمارە ٨٢ دوا لاپەرە بەرگی گۆڤار .

کوردستان لەچاوی سەرکردەوە

وەلید حەمەسەعید جاف

سەرەکی فەرماندە (سەدام حسین) خوا بیپارێزێ و ئاگاداری بێ، بایەخێکی زۆر بەهێنانەدی ئاواتەکانی گەلی کورد داوەو لەچارە سەرکردنی مەسەلەی کوردا چارەسەرکردنێك بەو جۆرەی لەگەل خۆشەویستی قوڵی سەرکردە بۆ گەلی عێراق هاوتایەو گەلی کوردیش زیاتر لەبەری ئەم خۆشەویستیە بەرکەوتوە .

دەر کردنی بەیانی١١ی ئادار و حوکمی زاتی بۆکورد بەتوانای گەلی کوردو عەرەبەوە هاتە دی، سەرەکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێ کاتێ شانازی دەکا بە گەلی کوردستانەوە قایل نابێت ناوی بە پاڵەوانی رزگاری نەتەوەبیەن، ئەوجا بەرێزی دەڵێ هەست ناکەم رازیم کاتێ دەبینم کوردێکی گەلەکەمان هەست دەکەم وا دەزانێ کەدەڵێین برا کوردەکان ئەوا ئەویش وەکو برایەکی ئەردەنی یان سوری دادەنێین، بەم شێوەیە سەرکردە دەروانێتە گەلی کوردمان .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ٢٠٠١ ژمارە ١٨٩ لاپەرە ٢.

خەرجیان سوتا ١٥\\ ئاب

عەلی ئیبراهیم دەروێش

سەرکەوتنێکی تازەی ئاسمانی
بری دەماری دڵی خومەینی
دورگەی خەرجیان کەوا سوتاوە
بۆمبای عێراق لەدڵیان داوە
فرۆکەکانمان شوێنیان ئەزانن
پاشاکانی قوم باباش بزانن
سوپای دڵسۆزمان بۆیان وەستاوە
وێنەی سەرۆکیان لەدڵیان داوە
عێراق ئەناسێ دۆستو دوژمنی
چڵکاو خۆرانی سوریاو قومی
تاکو سنور خۆی پاك نەکاتەوە
جەنگی رەوای گەل گشت نەباتەوە
رۆڵەی ئەم خاکە قەت چەك دانانێ
بەکوردو عەرەب ئەتان روخێنێ ....تادوای

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٥ ژمارە ١١٢ لاپەرە ٧ .

بۆ چاڤێتە کەکێ سەدام

هەوار بابەکر

بۆ چاڤێتە کەکێ سەدام
دلێت تێرن یێ ڤەدگێرن
چاڤێت زەلال پرهنێرن
ل هەمی گاڤا ئەو دلێرن
گولێت ژینێ دگەل ڤیانە
بۆ دیتنا بابێ واری
کاروانێ تە دێ ب رێ کەڤیت کەکێ
سەدام
دەنگێ مرادا ب سەر کەڤیت
ژیان بارانە بو دکەڤیت
چەند دریژبیت شەرێ ژینێ
چەند برێژیت چپکێت خینێ
کاروانێتە هەر دێ هەبیت
ناڤێ کاروانی نا کەڤیت

تێبینی : گوڤاری بەیان سالی ١٩٨٥ ژمارە ١١٤ لاپەرە ٢.

•

چیرۆك نووسانی قادسیه

ئازاد مەحمود

ئەو رۆشنبیرانەی قەلەمەکانیان لەگەل لولەی تفەنگا بوەتە تیرو دەچەقێتە ناو چاوی دوژمنی گێلی هیچ نەزان، چیرۆك نووس و شاعیریو روناکبیرانی کورد، خۆشەویستی ئەم عێراقە مەزنەن، چونکە ئەم عێراقە شیرینە عێراقی کوردو عەرەبە، عێراقی برایەتیو دەسکەوتی مەزنە، عێراقی ئۆتۆنۆمیە، گەلی کوردمان لەعێراقدا سەربەرزە .

چونکە خاوەنی سەرکردەی بەتواناو بەهێزو پالەوانی هەڤاڵ (سەدام حسین) خوابیپارێزێیە.

دەبا هەر لەگەشەدابێت وشەی پیرۆزی کوردی، پیرۆزبێت ئەو سەرکەوتنەی کە چیرۆك نووسانی کورد لەپێش برکێی چیرۆکی کوردیدا لەسەر داستانی مەزنی (قادسیەی سەدام) پیرۆز بەدەستیان هێنا .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٦ ژمارە ١١٧ دوا لاپەرە بەرگی کتێب .

سەرکردەو خۆماڵی کردنی نەوت

رەفعەت گلی

هەندێ راستی هەن پێویستە بەردەوام باس بکرێن و بخرێنە یاد، لەوانەبەعسی عەرەبی سۆسیالیست لە رۆژی یەکەمی لەدایک بونی دا سەربەخۆی سیاسی وسەربەخۆی ئابوری پێکەوەپەوەیست کردوهەردوکیانی بەمەسەلەیەکی گرنگ دانا.

ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی گەلەکەمان بە سەرۆکایەتی تێکۆشەر(سەدام حسین) وەدیی هێنا، سەرەتایەکی راستەقینەبوو بۆسەربەخۆی عێراق، هەروەها بەخاڵێکی سەرەتای دەژمێرا بەرەو شارستانیەتی نوێ لەمێژوی عێراقدا .

ئەو سەرکەوتنە بوە هۆی گۆرانی تەرازوی زۆربەی دەوڵەتان لەناوچەکەدا، پیرۆزبێت سەرکەوتنمان لەیادی خۆماڵی کردنی نەوت، کە هەرگیزاو هەرگیز لەیاد ناچێت چونکە مێژو بە وشەی زێرین لەسەر لاپەرەکانی خۆی دەینوسێتەوە .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٦ ژمارە١١٩ لاپەرە ٢ .

سەرکردەی هەموو گەل

جەمال ئەحمەد

لەگوندێکی ساکاری ئەم عێراقە، ڕۆڵەیەکی بەجەرگ لەدایك بوو، کەهەر لەسەرتای ژیانی لاویەتی جموجوڵو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەو خەباتی لەهەموو بوارێکی کارکردندا دەری خست، ئەم رۆڵەیە دەبێتە موژدەیەکی گەورە بۆ عێراقی سەربڵند .

کەبەخۆشەویستی ئەم رۆڵە چاو نەترسەی لەباوەش گرت ئەگەر بێتو بەژیانو خەباتی سەرکردەی خۆشەویست (سەدام حسین) دا بچینەوە، پرە لەنمونەی قارەمانیەتی، و فیداکاری و چاونەترسی و هەستی شۆرشگێرانە بۆ گۆڕینی عێراقو پێشکەوتنی ژیانو زامن کردنی ئاسودەییو خۆشبەختی بۆ گەلی عێراق .

لەسەردەمی هاورێو تێکۆشەر (سەدام حسین) عێراق کەوتەقۆناغێکی نوێوە، بەماوەیەکی کورت، وڵات سەردەمی راپەرینو تەقینەوەی شارستانی بەخۆیەوە بینی کەسەرنجی هەموو دنیای راکێشا، خۆشەویستی گەل بۆ سەرکردە (سەدام حسین) ناتوانرێ سنوری بۆدابنرێ .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٦ ژمارە ١٢٠ لاپەرە ٢.

تیرمه ها دەسکەفتیا

سمکۆ عەلی

کا هاتنه ئامادەکرن بۆ شۆرشا ١٧-٣٠ تیرمەهێ پشتێ کەفتنا ٨ شواتێ ل چریا دووێ سالا ١٩٦٣ و هەژ وێ رۆژێ قوماندار یا پارتێ دەست ب هزرو بیرێت خو کرن بو رابونا شورشێ دژی حوکمێ عارفێ .

وان هەڤال (سەدام حسین) بو دەمێ شولی کومکرنا پێك هینانێ دانای لسەر ستوی خو لوەختێ هاتیە ژێك ڤەگرن و تەرا بەرابون ژ لایێ رژێما چریی، هەڤال (سەدام حسین) بەرز بو وەکی قوماندارێکی قارەمان لدەمی پارتی گەلەك نەخوشی بەرهنگار بوین ئەو ژیك بدەورەکی بەرز رابو ژ قوماندارییا بزاڤا پارتی و رابو شورشی.

شولا هەنی کەتە لسەر ستوی (سەدام حسین) ئەڤە ژیك هاتە کردن ل ٣٠ تیرمەهێ و شۆرش قورتال بو ژ ڤی کری کرێی نەد دیدا .

تێبینی : گۆڤاری بەیان سالێ ١٩٨٦ ژمارە ١٢٠ لاپەرە ٤ .

ولاٚتی من عێراقه

بهەلکەفتنا لەشکرێ مەیی قەهرەمان لەفەیلەقا ئێکێ وسیٚو حەفتی

عبدالله تاهیر بێسفکی

عێراقا رەنگین
هەی نیشتیمانی من
خاکێ پربها
ولاٚتێ شیرین
ئەی خوینا سور
دناف دلیدا
من دڤیت .... تە
بدەمە بەر سنگی خۆ
لەجەژنێت سەرکەفتنیت
زێریندا
من دڤێت
نافێ تە
بێ جوان عیراق
گول‌ورێحانا .... تادوای

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٦ ژمارە ١٢٠ لاپەرە ١٠.

باهەرشەكاوەبێت ئالاّی شۆرشی
١٧-٣٠ ی تەمموزی پیرۆز

عوسمان حەمد

شۆرشی ١٧-٣٠ ی تەمموزی مەزن بەسەرۆكایەتی بەرێز سەرەكی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێ مۆمی ١٨ مینی دەكوژێنێتەوە و یادی بیرەوەری تەمەنی پر لەگۆرانكاریەو رونـاكی گشت لایەنێكی ولاّتە خۆشەویستەكەمان دەكاتەوە .

شۆرشی ١٧-٣٠ی تەمموزی پیرۆز هەرلەسەرتای بەرپابونیەوە مەسەلەی كوردو چارەسەركردنی رەچاوكرد بوو، ئەوەبو دوای بەرپابونی بەشێوەیەكی ئاشتی مەسەلەی كوردی چارەسەركردو هێمنیو ئاشتی گەرایەوە ولاّت، بەسەدەها پرۆژەی ئاوەدان كردەوە و گۆرینی روی كوردستانی عێراقی جێ بەجێ كرد، بێگومان لەم گۆرانكاریانە بێ هاوتای بەرێز سەرۆكی فەرماندە (سەدام حسین) دەورێكی هەرە گرنگ و بالاّی لەدابین كردنیدا هەبوو .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٦ ژمارە ١٢٠ لاپەرە ٦ .

شۆرشا تیرمەهیٚو پیٚشکەفتنا رەوشنبیریا کوردی

وەسفی ردیٚنی

پشتی شەفەقا شۆرشی ١٧–٣٠ تیرمەها مەزن گەهشتیە هەمی دەڤەریت، ئەڤەیە شۆرشا ١٧–٣٠ی تیرمەهامەزن، شورشا دەسکەفتا شورشا پارتا بەعسا هەڤپشتك، شورشا بەیانا ١١ ئادارا پیرۆزاو ئوتونومی، ئەو شورشا ئەوا ئیکەتیا نیشتیمانی لعیراقی بهیٚز ئیٚخستیو کریە موکومترین چەپەرو سەنگەر بەرانبەر هیٚرشت ڤەمایٚیت دەجال خومەینی، ئو ژبیرا مە نەچیت کە مەزنترین دەسکەفتی ئەو دەمیٚ سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) گووتی: من دڤیت ئە فیربم ئەزمانی کوردی .

یان دەمی گووتی : کوردا لعیراقی دوو مافیت هەین مافەك وەك کوردو مافەك وەك عیراقی، ئەڤ گوتنیك سەرۆکی قوماندار جهیٚ شەهنازیی یە بو کوردیٚت عیراقا نوی، عیراقا شورشا ١٧–٣٠ تیرمەهیٚ هەزار سلڤ ل بیرهتنا شورشا ١٧– ٣٠ی تیرمەهیٚ مەزن .

تیٚبینی : گۆڤاری بەیان سالێ ١٩٨٦ ژمارە ١٢٠ دوالاپەرە بەرگی گۆڤار .

هەڵوێستێکی پاڵەوانانەی قادسیەی سەدام

غازی ئەحمەد سعدالله

لێرەدا لەسەر کیەوان هیدایەت داوای کرد قسەبکات ئەویش ریگای داو گووتی :
گەورەم کەئێمە لەنیوەی ریگادابوین بگەینە ئامانجەکەمان فەرمانده‌ی هێز شەهید بوو، کە ئێوە فەرماناتان دەداینێ بەردەوام داوای چۆنیەتی بارودۆخی شارتان دەکرد، دەبو لاسایی دەنگی فەرمانده‌ی هێز بکەمەوە تا فەرمانەکان وەربگرم .
رایبگەیەنم چونکە بارو دۆخەکە ناسك بوو نەدەتوانرا هەواڵی شەهید بونی فەرمانده‌ی هێزەکە بدرکێنم، بۆیە بەم چەشنە بەردەوام بوم، تا یارمەتیدەری فەرمانده‌ی هێز گەیشتو روداوەکەم بۆگێرایەوە .
ئەمە هەموو ئەوەبوو کەدەبو باسی بکەم، ئینجا داوای لێبوردنی کرد گووتی : ئەرکەکە وای پێویست دەکرد .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٦ ژمارە ١٢٢ دوالاپەرە بەرگی گۆڤار .

کونگرا ئێکی یا تورەڤان ونڤیسەڤانێت کورد

سگڤان عبدلحکیم

لناڤ خەلکیدا هەردیسا تورەڤانو نڤیسەڤانێت کورد بکارەک مەزن رادبن ژ بۆ تێگەهاندنا خەلکیو ئاڤا کرنا جڤاکی لبن خیفەتا عیراقا خەملاندنی بقوماندارایا سەرۆکی مە (سەدام حسین) خودێ بپارێزێ .

ئی کونگری نڤیسەری لە ٢٢\ ١٠ \ ١٩٨٦ هاتە دانان ، دەستەیە کونکری بۆ هەلبژاردن

د. نافع ئەیوب ئاکرەی

سەلاح شوان

عبدالکریم فەندی

محەمەدبەدری

سعید یەحیا خەتاب

سگڤان عبدلکریم

دلّشاد مەریوانی

تێبینی : گۆڤاری بەیان سالّی ١٩٨٦ ژمارە ١٢٤ دوالاپەرە بەرگی گۆڤار .

شەهیدانی نیشتیمان

سەلامی ڕەواندز

لەراستیدا جەنگاوەرانی عێراق و لەبەر ئەوەی (سەدام حسین) سەرکردەو راپەریانە، هەمیشە سەربەرزنو سەرکەوتونو هەرگیز دوژمنان ناتوانن زەفەریان پێ بەرن یان فاکیان گلاو بکەن .

لەرۆژی شەهیدا سوارچاکانی قادسیەی دووەم بەڵێنی بۆ سەرکردەی قارەمان (سەدام حسین) نوێ دەکەینەوە کەوا سنوری ولآت بکەینە گۆرستان بۆ دوژمنانی ولآتمان .

جەنگاوەری عێراق زیاتر هێرش دەکاتو زیاتر سوپاو پاسدارانی مەلاکان رەوانەی دۆزەخ دەکەن، زیاتر سەرکەوتن وەدی دەهێنن زیاتر ئەوەیان چەسپان کەوا هێز نیە بتوانێت بزەی سەرلێوی عێراقیەکان بسرێتەوە .

بەڵێن دەدەین شەهیدانمان کەوا تۆڵە لێان بکەینەوەو بە هەزاران لێیان رەوانەی دۆزەخ بکەین، ئەمریش هەربۆ شەهیدانە .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٦ ژمارە ١٢٥ لاپەرە ١٠ .

لەدایك بونی سەرکردە لەدایکبونی عیراقی نوێیە

شاسوار بەرزنجی

لەدایك بوونی سەرکردەی مەزن (سەدام حسین) لەو بارو دۆخەدا کەولاتەکەمان پێیدا ڕەت دەبوو، خۆی لەخۆیدا ئاسۆیەکی نوێ بوو، کە عێراقیەکان بەکوردو عەرەبەوە بەم ڕۆژە پیرۆزە سەر بلند بوون .

لێرە باسی ئەو دەورە خەبات گێرە گەورەیە ناکرێت کەسەرکردەی گەل (سەدام حسین) لەمێژودا نواندویەتی، کەبێگومان بریتیە لەخەباتێکی درێژخایەن لەپێناو ئەوەی عێراقی نوێ بگاتە لوتکەی پێشکەوتن‌و گەشانەوە، دەوری خەباتگێری بێهاوتا (سەدام حسین) لەوەدایە کە عێراقی خستە قۆناغێکی ترەوەو لە ستەمکاری ڕزگاری کردو خستیە ئەو ڕۆژە پیرۆزەی کە ئەمڕۆ بەوپەڕی سەربەرزی دەناسرێ‌و مرۆڤ شانازی بە عێراقیەتی خۆی دەکات .

(سەدام حسین) سەرکردەیەکی کەم وێنەیە لەمێژوی نوێدا کەهەموو واتایەکی دیاری سەرکردایەتی پێوەدیارە .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٧ ژمارە ١٢٩ لاپەرە ٦ .

بیرێکی ڕاگوزەر و دوو دیمەن

ئەوزادشەفیق مەحمود

هەموومان بەپێی فەرمانی ئەفسەرەکەمان چەند هەنگاوێك پاشەو پاش کشاینەوە، دەی خۆتان بەزەویدا راکێشن، خۆمان بەزەویدا راکێشا، وتمان ئەی تۆ پێمان نالێی چی ؟ ووتی: لوغمێکم لە چێر دەستایە، نەجولێنەوە، دوورتان گرتوە، لەناکاودا لوغم تەقی، ئەفسەری هەڤاڵمان گیانی پاکی سپارت، لەگەڵ دەنگی تەقینەوەی لوغمەکەدا دەسرێژێکمان لێکرا، ئەفسەری شەهیدمان دور خستەوە .

ئیدی پاشان .... هەروا ژمارەیەك چەك‌و کەرەسەی جەنگ‌و داگیرکردنی سەنگەری بنکەکەیان دەست کەوت، کەرۆژ بووەوە، هەڤاڵانمان سەربازانی (قادسیەی سەدام) گەیشتنە یارمەتی دانمان، بۆگواستنەوەی لاشەی ئەفسەری شەهیدمان، لەگەل گواستنەوەی چەك‌و کەرەستەی دەست کەوتومان چەك کردنی بەدیل گیراوەکان بۆبنکەی ناوچەی خۆمان .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٢ ژمارە ٧٩ لاپەرە ٥ .

چیرۆك لەبەردەم جەنگەوە

بازێکی مەنگ

ئازاد شەفیق

شەوێك تیپێکی دوژمن، کەبریتی بو لەسەربازی هێزی تایبەت و پاسەوانەکانی خومەینی، لەناوچەی سەرپێڵ زەهاودا لەوەدا بوون کەهێرش بەرنەسەر بنکەی بازو هاورێکانی بەگەمارۆدانیان، بەلآم بازی دلێرمان بە دوو چاوی پرتیشك.
دوو گوێی رادارەوە دوژمنی وەدیکرد ؟ بازو هەڤالانی پێشی ئەوەی دوژمن نەخشەی خۆی بەکار بهێنێ و بجولێتەوە گەمارۆی هێزی فارسی دوژمنی دا .
بەموشەك و دەست ڕێژی توندو تیژ بەبێ ماوە دان بەو هێزە دوژمنە کە ناچاری کردن پاش زیانێکی گەورە و کوژراو بەجێ هێلان لەگەڵ چەك و کەرەسەی جەنگ، دوژمن بەسەر شۆڕی بگەرێتەوە ؟ لەدورەوە دوو پەیکەر بەدیار کەوتن، دوو سەربازی ئێرانی بەجێ ماو، دەستەسرێکی سپیان بەرز کردەوە، لەکوشتن ڕزگاریان بوو، باز ڕوی کلاشینکۆفەکەی کردنێ فەرمانێ گەیشتە گوێی باز نەیانکوژێ .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٢ ژمارە ٧٩ لاپەرە ٦ .

نیشتیمانەکەم

پرشنگ شەفیق

دڵنیابە، ئێمەین ڕۆڵەی کۆڵنەدەر، دژی فارسی دوژمن و نەژاد پەرستو هەموو دوژمنان دەجەنگین هەتا دەگەین بەمافی دادوەریمان لەخاکو ئاوماندا بەسەرۆکایەتی فەرماندەی دلێر، سەرۆکی تێکۆشەرمان (سەدام حسین) .

فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، پەیمانت دەدەینێ کە هەموو ڕۆژێك سەرکەوتنی نوێ تۆمار بکەین لەبەرکانی جەنگدا، بەشایەتی داستانەکانمان لەبسێتینو خەفافیەو سەرپێلو زەهاو گێلانی ڕۆژئاواو سۆمارو بەرەکانی تری .

دوژمنمان لەفارس و زایۆنیو ڕەگەز پەرستی، بەهاوکاری ئیمپریالیزمی ئەمریکی داوێکی چەپەڵو پیسیان بۆدانابوین، دەستی دوژمنایەتیان بۆسەر سنورەکان کێشا، شارەکانمانیان بۆردومان کرد، فارسی کینە بازو نەژاد پەرست، لەناو ئامانج دابوو کەبەئاسانی بەئاواتو ئامانجی خۆی بگات، بەڵام نەیدەزانی بەچوەشێرانی عێراقی شۆڕش، عێراقی بەعس بەئاسانی بۆیان نایەتە دەس، .... تادوای

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٢ ژمارە ٧٩ لاپەرە ٨ .

خومەینی و نیازی ئیمپریالیزم

ئیسماعیل گەیلانی

رۆڵەکانی عێراق سنگیان کردە قەڵغانی بەرگری کردن لەخاکی عێراق، هەموو عێراقیەکان بەگەنجو لاو پیرو ئافرەت، دەستیان بەرز کردەوە داوا ئەکەن بەشداری لەجەنگی (قادسیەی سەدام) دا بکەن .

هەروەك بەردەوامیش لەبەژداری کردنیان لەجەنگی ڕەوادا جەنگی شەرەفمەندی، دایکانو خوشکان شانازیان بە ڕۆڵەو براکانیان ئەکرد بەخوێنی پاکی خۆیان نیشتیمان ئەپارێزن ئائەمەیە مرۆڤی عێراقی نوێ، کەلەژێر سێبەری شۆرشی ١٧-٣٠ تەمموزی نەمردا کەپارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست پشتی پێبەستوە و باوەریشی هەرگیزاو هەرگیز بەم گەلە مەزنە لەق نابێت بانۆکەرانو هەموو نیاز چەپەڵەکان لەداخانا یەخەی خۆیان هەڵدرن .

ئەو گەلەی کەباوەری بە سەرکردایەتی سیاییو مێژووی پارتو شۆرش هەیە باوەرپەکی پتەویشی هەیە بە سەرۆکی تێکۆشەر (سەدام حسین) .

تێبینی :گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٤ ژمارە ٩٩ لاپەرە ١٠ .

سەرۆك سەدام حسین و دەوری سەرکردایەتی دەرکەوتووی لەبزوتنەوەی بێلایەنیدا

کوردۆ محەمەد

لەبەر ئەوە سیاسەتی بزوتنەوەی بێلایەن بریتی بوو لە دوژمنکاری کردنی ئیمپریالیزم و شوێن کەوتن و داگیر کردن، هەروەك لەوتارەکەی سەرۆکی تێکۆشەر (سەدام حسین)دا هاتووە دوژمنکاری کردنی ئیمپریالیزم تەقەلایەکەبۆ وەدیهاتنی هەلّکەوتوانی نیشتیمانی و نەتەوەیی گەلان و بەربەرکانی کردنی شوێن کەوتن و وەدیهێنانی دروشمی سەربەستی و دوژمنکاری کردنی داگیرکردنە، جێ گرەوەی سرۆشتی و وەدیهێنانی ڕەوای بەو گەیشتنە پێشکەوتنێکی ئەو سەربەست هەلبژێری و سەربەست رەفتار بکا .

سەرۆك (سەدام حسین) لەوتارەکەیدا دەسنیشان کردنی ئەو دەمە تەقێیەی کەلەنێوان پەیوەندی سەربەستی مرۆڤولە نێوان ڕزگار بووندا هەیە لەژێر دەستەی دەرەو بێگانەیەك دەستی بەسەر هەموو توانایەکدا گرتوە .

تێبینی : گۆڤاری بەیان سالّی ١٩٨٢ ژمارە ٨١ لاپەرە ٩ .

سەبارەت بەنووسنی مێژووەوە

ن‍ۆزان مارف

سەرەك (سەدام حسین) ئاگاداری ئەوەش ئەكات كەئەبێ وریای ئەوەبن لەشیكردنەوەی مێژوودا لایەنی راستی بگیرێو پشت بەتیوری ڕوت نەبەسترێ بەو باوەرەی كە بۆ هەموو سەردەم هەموو شوێنێك دەست ئەدات .

چونكە ئەمە دەستمان پێ لە تایبەت كاریمان هەلئەگرێو ئەكەوینە ناو ئومەمیەتێكی بەرەلآو لەشێوازە بێكەڵكیەكەیدا گیر دەخۆین، سەرۆكی تێكۆشەر (سەدام حسین) ئەوە دوپات ئەكاتەوە كە بەعسیەك ئەبێت شیكردنەوەی ئازایانەی ئەوتۆ بەدەستەوە بدات .

حزبەكەمان حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست دەربڕینێكی ڕاستو ڕەسەنو بەتوانا لەم ڕووەوە دەر ئەبرێ .

هەڵوێستیشمان بەرانبەر بەئاینەكانی ئاسمان ئەوەیە كەلەنێوان كوفرو ئایندا بێلایەن نینو لەگەڵ ئایندایِنو مافی سەربەستیش بەمرۆڤ ئەدەین .

كەباوەری بەوە هەبێت چ ئاینێكی بوێ بەپێی ئەو رێبازەی كەباوەری پێیەتی مەسەلەی ئاینی خۆی هەلبژێرێ .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٢ ژمارە ٨١ لاپەرە ١٠ .

هەموو خۆشەویستیەك بۆ سەدام حسین ی سەرکردە

فەقێ حسێن

ئەم هەموو خۆشەویستیە بۆ هەبێ بەرانبەر (سەدام حسین)ی سەرکردە ؟ ئەم پرسیارە کەسێك دەیکات خەڵکی ئەم وڵاتە نەبێت، بەڵام ئەبینێ هەموو جەماوەر بەشانازیو خۆشەویستیەوە لەدەوری سەرکردەی پێشەوا (سەدام حسین) کۆ ئەبینەوە .

خۆشەویستی وشەیەکی گەورەیەو شەیداکان بەگەلێ جۆری شەیدایان بەکاری ئەهێنن، بەڵام شەیدای بوونی نیشتیمان بەگەورەترینی ئەوانە ئەمێنێتەوە، شەیدا بوونی سەرکردەی جەماوەر شان ئەدات لەشانی شەیدا بوونی نیشتیمان، (سەدام حسین) هەموو خۆشەویستی یەکو شەیدایەکی دەست ئەکەوێ لەهەموو لایەکەوە .

(سەدام حسین) ئەم سەرچاوە نەتەوایە مرۆڤانە نوێ یە کە ئەم خاکە دروستی کرد توانی لەماوەیەکی کەمدا نەخشەی دوا ڕۆژ بۆنەتەوەو نیشتیمان بکێشێ و توانی دەرمان لەسەر برین دا بنێ بۆ ئەوەی بەرزی بەعسی بردنەوەی نەتەوەی عەرەب دروست بکات .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٢ ژمارە ٨١ لاپەرە١٢.

لەچیرۆکی جەنگەوە

چەپکە نێرگزێك‌و مانگەشەو

جەلال ئەسعەد چەرمەگا

دەست خۆش دەست خۆش کاوە گیان دەست ڕاست وانەبێت، ئەك باوکی باوکم نەخێر لەدووهەمیشدا، لەسێهەمیشدا، بەلاّم هەرچەندە هاوارم کرد لێی کەلەسەنگەرەکەوە نەچێتە دەرەوە بەلاّم بەقسەی نەکردم، بەراکردن بەرەو دەبابە شکاوەکە رایکرد، هەرلەو کاتەدا هێرشەکەی دوژمن شکاو دوژمن بەرەو دواوە گەرایەوە بەلاّم بەداخەوە .

هەزارجار بەداخەوە، دیارە لەدورەوە چاویان لەکاوە بوو، لەسەر یەکێك لەو زرێپۆشانە کە کاوە شکاندبووی گوللەیەکی ڕەشاش دەرچوو دای لەسەر سنگی پاکی کاوە ی دلێرو ئازا .

کاوە کەوت، داخی گرانم کاوە شەهید بوو، کاوە داستانێکی تۆمار کرد کە بەردەوام شایەنی باسەو جێگای سەر بەرزیە بۆ هەموو فەوجەکەمان هەڵمگرت‌و نام بەسنگمەوە، تێر تێر ماچم کرد، هێنامەوە ناو سەنگەرەکەمان‌و بەدەستە سرەکەی گیرفانی نێرگزەکەم بەست‌و خستمەوە سەر سنگی .

تێبینی : گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٢ ژمارە ٨١ لاپەرە ١٨ .

جەژنی سوپای سەرکەوتن

یاسین تەها

خۆ لاپەڕەی ئەم شەش ساڵەی جەنگی (قادسیەی سەدام) گەلێك ڕاستی بۆدنیا لەفیداکاری و نموونەی قارەمانیەتی سوپای دلێرمان ڕوون کردەوە، لەهەموو هێرشێکدا ئێران کردیە سەر ولأتە ئازیزەکەمان، بەشی هەر شکستو دۆڕان بوو .

ئەمەش لەئەنجامی لێهاتویی سەرکردەی گەل (سەدام حسین)و دەستی مەردانەی سوپای دلێر کە زۆر مەردانە توانی بوونی خۆی بسەلمێنێ، لەهەمان کاتا ئەو ورە بەرزەی دەربری کە سوپا قارەمانەکەمان هەیەتی لە تۆمار کردنی هەموو مانایەکی سەرەکەوتن لەجەنگدا .

یەکێك لەخاسیەتە هەرە دیارەکانی سوپای عێراق، بریتیە لەوەی کە ئەم سوپایە سوپای باوەرە، واتە بەبیرو مێشكو هەموو ویژدان دەجەنگێت، ئەمە یەکێك بوو لەهۆیەکانی سەرکەوتن .

سەرکردەی خەباتگێڕیش (سەدام حسین) هەمیشە لەگەل جەنگاوەران ژیاوە، زۆر لەنزیکەوە لەتۆمار کردنی سەرکەوتنەکان بەشداری کردوە، بگرە هۆیەکی دیار بوە لەبەرز کردنەوەی ورەی جەنگاوەران .

تێبینی : ئەم یاسن تەهایە، یاسین تەهای هاوڕێم لەڕۆژنامەی ئاوێنە نیە تکایە باخوێنەران ئەوە بزانن، چونکە ئەو هاوڕێیەم زۆر منداڵەو لەنەوەی نەوەدەکانە .

گۆڤاری تۆتۆتۆمی ساڵی ١٩٨٢ ژمارە ٤ لاپەرە ٥٩.

قائد شعبنا يطير صدور ابناء كردستان بوسام الشرفوالعزة

عماد عثمان احمد البارزانى
مدير عام ديوان المجلس التشريعى

اوضح السيد الرئيس لقد القائد (صدام حسين) فى كلمة التاريخية مع المقاتلين الشجاع جملة حقائق جوهرية عن الاوضاع التى يعيشاها ابناء شعبنا الكردى فى كردستان العراق وما تحققت لهم من مكاسب عظيمة من خلال ثورة من تمموز الخالدة .

وما يعيشة اشقائنا الاكراد فى الاقطار المجاورة فى ظل الانظمة الحاكمة فى هدة البلدان . نحن لا نريد التزكير بالكتسبات العظيمة التى تحققت لشعبنا الكردى فى كردستان لاننا نعيشها ونلمسها لمس اليد واصبحت ولضحة وضوح الشمس ولا نريد مقارنة وضعنا بوضع اخواننا فى الدورل المجاورة لانكم تعرفون .

تێبینی : گۆڤاری ئۆتۆنۆمی ساڵی ۱۹۸۳ ژماره ۲ لاپەره ٥

یادی پیرۆز

عومەر عەلی شەریف

ئەمڕۆ لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧-٣٠ گەلاوێژی پیرۆز جەژنی نەورۆز لەکوردستانی عێراق تام و نرخێکی تایبەتی هەیە، چونکە جەژنی برایەتیو یەکیەتیو ئۆتۆنۆمی هاتە پاڵ، ئێمە لەرۆژانێکی وەك ئەمڕۆدا کەیادی ئادارو نەورۆزو ئۆتۆنۆمی ئەکەینەوە، یادی کاروانێکی پێشکەوتنو پردەسکەوت دەکەینەوە .

لەناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، ئەم ناوچەیە کەبایەخێکی ئێجگار بێ هاوتای پێ دراوە لەلایەن ئەندازیاری ئۆتۆنۆمی سەرۆکی خۆشەویست (سەدام حسین) خوابیپارێزێ .

یادت بەخێر ئادارو ئۆتۆنۆمی کوردستان، پتەو تربێت کاروانی ئۆتۆنۆمی و پێشکەوتن لەژێر ئاڵای سەرۆکی خۆشەویستمان، (سەدام حسین) خوابیپارێزێ .

یادت بەخێر ئەی جەژنی نەورۆزی خۆشەویست یادت بەخێر ئەی کاوەی ئاسنگەر، تێکدەری قەلای زوڵمی ئەژدیهاك .

تێبینی : گۆڤاری ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٨٧ ژمارە ١ لاپەرە ٥١ .

سەربەرزی بۆ ئۆتۆنۆمی و ڕەوتی پێشکەوتن و پەرەپێدان .

فائیق تاهیر ڕەشید

لەم ڕۆژە پیرۆزانەدا کەپڕە لەسەرکەوتن، بەسەر خومەینیە زایۆنیزمەکانا، ئەو سەرکەوتنە گەورە گەورانەی کە سەربازانی عێراقی ئازاو دلێر وەدەستی دەهێنن نیشانەی ورەبەرزی و بڕوایەکی پۆلاینە بەسەر کەوتنی یەکجارەکی .
گەلی عێراقی تێکۆشەر لەسایەی دەسکەوتە بەکەڵك و چاکەکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمموزو سەرکردە پاڵەوانەکەی بەڕێز (سەدام حسین). خوابیپارێزێ .
بەبۆنەی جەژنەکانی ئازارو نەورۆزەوە گەرمترین پیرۆزبای لەسەرۆکی فەرماندەمان بەڕێز (سەدام حسین) دەکەین . سەربەرزی و سەر فرازی بۆ گەلی کوردمان کەبەرو بومی تاقیمانەی ئۆتۆنۆمین .
لەسایەی ئالآی شەکاوەی عێراق و بەسەرکردایەتی ڕۆڵە بەوەفاکەی گەل کاك (سەدام حسین) خوابیپارێزێ هەر لەسەر کەوتنەوە بەری ئاسۆش گەش و ڕوناکە .

تێبینی : گۆڤاری ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٨٨ ژمارە ٥٨ لاپەرە ٦٥

وتەو لێدوانەکانی سەرکردە قوتاپخانەی گەلن

خالید خۆشناو

(سەدام حسین))سەرکردەو شۆڕەسواری لەخۆبردوی حیزبوگەلو هەمیشە هەستی شۆڕشگێڕانەی بەوتەو ڕەفتاری بەجێ دەر دەبڕێو، هەربۆیە داوا لەگشت ئەندامانوکادیرانی حزب دەکات کەلەهەموو هەنگاوێکیاندا ئەوسیفەتە پەیڕەو بکەنو بەهۆیەوە خۆیان لەگێرەشێوێنیو خوانەخواستە لەڕێگای ڕاست لادان بپارێزنو هەمیشە بیرو باوەڕ وبەها بەنرخەکانی حزب بخەنە پێش چاو .
ئەوەتاسەرۆکی فرماندە زنجیرەیەك دانیشتنو چاوپێکەوتنی لەگەڵ کادیری بەرەی پێشەوادا سازکردوە، لەیەکێك لەو چاوپێکەوتنانەدا دەفەرموێ ((پێویستە گەل ڕەزامەندی خۆی بەبێ هاندانی کەس دەرببڕێوسەربەست بێت لەو هەڵبژاردنەی دابەجۆش بیت لەئاست دەوری سەرکردایەتی ئەم هاوڕێیە یان ئەویان ....لەهەر ئاستوشوێنێکدا ڕابەرایەتی گەلی کرد گەل لەلایەنی مرۆڤایەتیەوە لێی ڕازی بێتو لەو ڕەوشتو کردارانەی کەپەیوەندی بەبیرو باوەڕەوە هەیە ئازادە ....
جائەوەی لەپەیوەندی بەستن بە گەلەوە هەبێت ئەوا بێگومان سەرکەوتو دەبێت، وتەو لێدوانەکانی قوتاپخانە بەچێژوگەل، واتای شۆڕشو مەرجانی پاراستنی گەل فێری کادیرانی حزب دەکات ، کەئەمەش بنچینەی چەسپاوە بۆپاراستنی حزب . ... هتد

تێبینی : ئەم وتارە لە ساڵی (١٩٩٩) وە لە ژمارە (١٣٧) ی گۆڤاری ڕەنگین بلاّو بوەتەوە، لە لاپەڕە (٢).

ئالاَی عێراق هەمیشە بەرزە

ئەحمەد زەردەشت

گـەلی کوردمـان ڕۆلێکـی کـاری گـەری هەبوولەکێـشەی بـەرگری کـردن لـەخاكو نیشتیمانو هەڵسوڕانی جەنگە عادیلانەکەماندا، هـەروەها ڕۆشـنبیرانو نووسـەرانو ئـەدیبو هونەرمەنـدانی کـورد، هەریەکـەو لەئاسـتی خۆیـەوە دەسپێـشخەری و پێشبڕکێیان دەکـرد و هەسـتی نیشتیمان پـەروەری خۆیـان بەئـەدەبو هونـەری ڕاستو نایاب دەردەبڕیو وەك شانەی هـەنگ کاریـان دەکـردوو بەرهـەمو داهێنـانی شـۆڕش گێڕانـەیان بـۆ هانـدانی جەماوەرییـەکی لـەو ڕاسـتیە پتـەو چەسپاوانەی داسـتانی (قادسـیەی سـەدام) ئـەوەبو گـشت ڕۆڵـەکانی گـەل بـەکوردو عـەرەبو کەمایەتیەکانی ترەوە لەدەوری سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسێن) خوا بیپـارێزێ کۆببنەوە .

جەنگی قادسیە بوبەبەردی بناغەی پتەو کردنی یەکیەتی گەلی عێراقمانو بنچینەی بـەرگری کـرتن لەجـەنگی داسـتانی (ام المعـارك) داو لـەوەو پاشـتر خـۆڕاگرتنی لەڕادەبەدەری مەردانەی گەل لەئاست گەمارۆی ستەمکاری .

هەزار سلاَو بۆگیانی پاکی شـەهیدانی نیـشتیمان و پیرۆزبـای لـەخۆمانو سـەرۆکی فەرمانــدە (ســەدام حــسێن) خوابیپــارێزێو ســەرکەوتن هـــەربۆ گەلەکــەمان ......ماویەتی...

تێبینی : ئەم وتارە لەگۆڤاری ڕەنگین سالَی (١٩٩٩) ژمارە (١٣٧) لاپەڕە (٤) بلاَو بوەتەوە .

سلاّو له سه‌ر كرده‌ی رۆژی سه‌ركه‌وتنی مه‌زن

كامیل جه‌میل سوره مێری

هه‌موو جیهان ئاگاداره عێراق پاش هه‌شت ساڵ جه‌نگه به‌ناهه‌ق به‌سه‌ریدا سه‌پێنراو چۆن به‌سه‌ر كه‌وتن لێی ده‌رچوو، ئه‌و سه‌ركه‌وتنه‌ی قادسیه‌بو به‌هۆی مه‌ترسی هێزه گه‌وره‌كانی سه‌ر زه‌مین له‌سه‌ر كرده‌و گه‌ل وسوپای عێراق، چاك ده‌یان زانی بناغه‌ی ئێران له سه‌رده‌می حه‌مه‌ره‌زاو دارێژرابوكه‌به‌رانبه‌ر گه‌وره‌ترین ولاّتو زلترین هێزبوه‌ستێ، ئه‌یانزانی كه راوبۆچونو نه‌خشه‌كانیان پوچه‌ڵ ده‌كرێته‌وه .

ئه‌وه‌تا ئه‌مرۆش ئێران داری ئه‌و كرداره نابه‌جێو به‌ناهه‌ق چونه به‌گژ عێراقیه‌كاندابه‌گیانیه‌وه دیاره، وه‌ك گه‌له‌كه‌ش بۆیان رون بوه‌ته‌وه زیاتر ئه‌و ووتارو باس وئاینو خاكو داگیر كردنه هه‌موبۆ رۆژ بردنه‌سه‌ر بوبۆشه‌ره‌كه، كه هه‌ڵیان گیرساند ئه‌وه‌بوو هه‌موفرتوفێڵو درۆو باسی سه‌ركه‌وتنو گه‌یاندنی باوه‌ریان به‌جیهان وه‌ك خۆیان وتیان به‌رداخێك ژه‌هری مێژوو بوو سوپاو گه‌لی عێراق به ئازایه‌تی سه‌ركرده ده‌رخواردی دانو وه‌كوگورزێكی وی پیادان تاكو مێژوو ماوه ده‌بێ گه‌لی ئێران نه‌فره‌ت له خوێنو شه‌رو كوشتن بكه‌ن .... هتد

تێبینی : ئه‌م وتاره له ساڵی (١٩٩٩) گوڤاری ره‌نگین ژماره (١٣٧) لاپه‌ره (٥) بلاّو بوه‌ته‌وه .

سەر كردەمانی

ئیبراهیم رەحیم بەرزنجی

بژیت ،سەربەرز بیت ،
نیشتیمانەكەم ...
لانەی بەچكە شێر
هێزو گیانەكەم
لەچی دەنالّی ؟
باری قورسی گەمارۆیە !
یا نالّە نالّەو زەبری برینت !
دەسا بەبەس بێ
گیانمان فیداتە ..
لەپێشە هە نگاومان
سەرمان لەرێتە
راسپاردەی باو باپیرانمانی
گەوهەری بینای
چاوەكانمانی
كاتێ دەروانیت لەتیشكی خۆرو
ئاسمانی شینت ، خاكی بەپێزو پڕ خێرت
نووسراوە بێگەرد،لەهەموولایەك
كاكە ((سەدامی)) سەركردەمان

تێبینی : ئەمشیعرە لەگۆڤاری رەنگین سالّی (١٩٩٩) ژمارە (١٣٧) لاپەرە (٥) بلاّو بوەتەوە .

چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد

سالار عو سمان زەنگەنە

پێش بەرپابونی شۆرشی ١٧– ٣٠ ی تەموزی مەزنی١٩٦٨ میلەتی کوردمان بە بارو دۆخێکی ناهەمواردا دەڕۆیشتو کۆنەپەرستانو ئیستعمار وزایۆنیزم سودیان لە شەڕی براکوژی چێژتبو . ئەوەبو دوای چەندین سالْ لەشەڕی براکوژیو ئاژاوە، حیزبی بەعسی سۆشیالیست عەرەب لە (١١) ی ئاداری سالْی ١٩٧٠ بەیان نامەی ئاداری دەرکردو بەسەر کردایەتی ڕابەری لێهاتو ئەندازیاری ئۆتۆنۆمی کوردستان کاك (سەدام حسێن) (خابیپارێزێ) بایەخێکی گەورەی دا بەناوچەی کوردستان و بەمیلەتی کوردمان وناوچەی ئۆتۆنۆمی .

بۆ پێشکەوتنو بوژانەوەو شادمانی میلەتی کوردمان و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پێش دەکەوتو دەبوژایەوەو بەرەو پێشەوە دەچوو، کە ئێستا بارێکی ناهەمواروتەمێکی رەش دایگرتوەتەوەو منەی سەرلەنوێ گەڕانەوەی دەسەلاتی شۆرشە تاتیشکی ڕوناکی رووی تێبکاتەوە، هەزار سلاْوی وەفاداری بۆ سەرۆکی تێکۆشەر کاك (سەدام حسێن) خوابیپارێزێ ....ماویەتی ....

تێبینی: ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕەنگین سالْی ١٩٩٩لەژمارە (١٢٧) لاپەرە (٣٠) بلاْو بوەتەوە .

شۆڕشی تەموز ڕەوتی سەرکەوتنی بەردەوام

دکتۆر فوئاد حسین ئەحمەد

گەر خێرا بەوردی بەڕەوتی مەزنی شۆڕشی ١٧- ٣٠ تەموزی مەزن بچینەوە هەرلەیەکەم ڕۆژی هەڵگیرسانی لەساڵی ١٩٦٨ تا ئێستاکەئەمەش بەوتارێکی ئاوها کورتو دەمودەس هەقی تەواوی خۆی نادرێتێ، بەڵام هیچ نەبێت دەتوانین هەندێ لایەنی پڕ ڕوناکی ڕەوتی شۆڕشە سەرکەوتوەکەمان بخەینە ڕوو کەخاوەنی گەلێ دەسکەوتی مەزنو باڵایە کە بۆ ڕۆڵەکانی گەلی عێراق لە سێبەری شۆڕشو بەڕێز سەرۆکی فەرماندەی تێکۆشەر (سەدام حسین) خوا پشتو پەنای بێت هاتوەتە دی ....

سەرفرازیو ئاوەدان کردنەوە و ئارامی ناوچەی کوردستانی عێراقی گرتەوەو گەلێ دەسکەوتی دی مەزن کەلەسێبەری شۆڕش هاتوەتە دی ئەوەی خاوەن ویژدان بێ ئەبێ دان بەوە بنێت کەم شۆڕش هەیە لەدنیا دەسکەوتی یەك لە دوا یەکی بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی مسۆگەر کردوە وەکو شۆڕشی ١٧ –٣٠ – تەمموزو لەسێبەری سەرکردەی دانا(سەدام حسین) خوابیپارێزێ............ تادوای ....

تێبینی : ئەم وتارە لەگۆڤاری ڕەنگین بلاو کراوەتەوە لەساڵی ٢٠٠٢ لەژمارە (١٦٢) لاپەڕە (٦)

جەنگە پیرۆزەکەی خۆماڵی کردنی نەوت

ئسماعیل فازڵ جاف

هەموو ساڵێك لەیەکی حوزەیرانەوە ئەو یادە پیرۆزەمان دێتەوە یاد، بەڵێ بڕیاری خۆماڵی کردنی نەوت کە بەهەوڵ کۆششو بیری ڕۆشنبیری بلیمەتانەی سەرکردە (سەدام حسین) خوابیپارێزێ هاتە دی سەرکەوتنێکی تەواوەتی سیاسی بو بۆ عێراق لەتەك سەرفرازی ئابوری کەسەرکەوتنە سیاسیەکە بێ سەرکەوتنو سەربەستی ئابوری چ ناگەیەنێ و عێراق توانی چۆك بەکۆمپانیا قۆرغ کارە ئیمپریالیزمو زایۆنیزمەکان داداو سەر لەئاستی خواستو ویستی عێراقدا دانەوێنێ ....هتد

ئەوەش بوو هەر ئەو جەنگەش بوو دوو جەنگی گەورەی تری لەدواوە بووکە یەکەمیان جەنگی (قادسیەی سەدام)ی شکۆمەند بو، ئەویتریش داستانی (ام المعارك) پیرۆزە .... کەهەردوو کیان لنگە فرتێی دوا هەناسەی ئیمپریالیزم بوو بەمەبەستی تۆڵە کردنەوەی ناڕەوا، بەلآم خواست و ویستی عێراق و عێراقیەکان بەهێزو تواناتر بوو .

پشت بەیەزدان هەرسەرکەوتو دەبین و لەگشت بارێکدا چۆك بۆ داگیر کەرو چاوچنۆكو بێگانە دادەنێین ....هتد

تێبینی : ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕەنگینی ساڵی (٢٠٠٢) و ژمارە (١٦٠) لاپەڕە ٤ بلآو کراوەتەوە .

ڕۆڵەی کوردو ڕۆژی کشانی مەزن

مەی محەمەد

حەمە وەك هەموو بەیانیەك لەخەو هەستاو دەموچاو ددانەکانی پاك شتو جلە جوانەکانی لەبەر کردو لەپەنجەرەکەوە سەیری دیمەنی چیاو هەتاوەکەی کرد، کەزۆر جوانو دڵڕفێن بوو، خەڵك هەموویان دەم بەپێکەنینو ڕوو خۆش بەو ناوەدا وەك ئاهەنگ هاتوو چۆیان ئەکرد، حەمەیش وێنەی تابلۆیەکی جوانی کێشاو بەدایكو باوکی ووت ئەوە من ئامادەم تا پێکەوە بە بڕۆین بۆمەڵبەندی ڕادان بۆسەر لەنوێ پەسەند کردنەوەی سەرکردە ،

باوکی بەزەردەخەنەوە سەیری حەمەی کرد ووتی : حەمە گیان ناشێ تۆ بەشداری کەیت لەم ڕا دەربڕینەدا حەمەش بەپەستیەکەوە ووتی : بۆ بابەگیان، لەوەڵامدا پێی ووت: ئەزانی بۆ چونکە تەمەنت لە ١٨ ساڵ بەرەو خوارترە بەڵام حەمەسوربو ووتی: من ئەم هەڵبژاردنە ببینم باوکی بەپێکەنینەوە ووتی قەینا تۆیش لەگەڵما وەرە تاسەیر بکەینو هاوبەشی خۆشی هەموومان بێت حەمە دڵی خۆش بوو تابلۆکەی هەڵگرت لەگەڵ باوكو دایکی دا ڕۆیشت و چوونەڕیزی ئەو خەڵکەوە کەهەموویان بەیەك دڵ و بەیەك دەنگ دەیانگوت بەڵێ بەڵێ بۆ (کاکە سەدام) . خوابیپارێزێو پشتیوانی بێت .

تێبینی : گۆڤاری ڕەنگین . ساڵی ٢٠٠٢ ژمارە ١٦٤ لاپەڕە ٦ .

سەدام حسین بەهاری هەمیشەی عێراق

ڕێزان

کاروانی ڕازاوەی بەهارو ڕۆژ بەڕۆژ لەعێراقی سەر بەرزو خۆشەویست دا هەنگاو دەنێ بەرەو شادی و جەژنو بەختیاری تاکە گەیشتینە (٢١) ی مانگ، جەژنی نەورۆز لەئاسۆی وڵاتدا سەری دەردێنێو هەموو ساڵێك سروشتی جوانی کوردستان خۆی لەئاوێنەی دڵودەروونی ڕۆڵەکانی دا دەنوێنێ .
ئیتر ڕۆڵەکانی عێراق بەکوردو عەرەبەوە دەستی یەکتری دەگرنو شان بەشان شای شانازی دەگێڕنو بەدەنگی زوڵاڵ بانگی سەربەستی ئەدەن، هاوار دەکەن بەخێربێیت نەورۆز، بەخێربێیت بەهار لەخاکی بەهاردا ، لەنیشتیمانی (سەدام حسین)دا کەخۆی بەهاری هەمیشەی هەموو عێراقیەکانە ، کەوا ئێمە گشتمان گیانی خۆمان دەخەینە بەر دەستی لەپێناو سەربەرزی ئەو نیشتیمانەی کەسەرۆکی بەڕێز گەیاندیە لوتکە، سانەی نیشتیمان بەهرەی ڕەنگین ئەی خاکی (سەدام حسین)، خوابکا هەموو ڕۆژانت بەهارو جەژن بێت، جەژن لەتۆو لەڕۆڵەکانی گەل پیرۆزبێت .

تێبینی : ئەم نووسینە بەناوی خوازراوەوە بڵاو کراوەتەوە ، دەشێ نووسەرەکانی ئەو سەردەمە بزانن کێ یە، لەگۆڤاری ڕەنگین ، ساڵی ١٩٨٩ .ژمارە ١٦ . لاپەڕە ٥ .

له سه‌دا سه‌د عێراقیه

موختار فایه‌ق

ئه سه‌رکه‌فتنا بناڤو ده‌نگ یاکو عێراقیێ بده‌ست ئێخستی وساروخا (الحسین) دروست کرد به‌ده‌ستا کورێت عێراقی و سه‌دا سه‌د عێراقیه، به‌ڕاستی دیاریا زه‌لامێت پیشه‌سازی یا عه‌سکه‌ری بۆ سه‌رۆکێ قوماندار (سه‌دام حسین) (خودێ بهێلێت) جوانترین دیاریاو نیشانه‌یا تێگه‌هشتن‌و ئاقلێ مه‌ندیا کورێ عێراقیێ نه .

ڤێجا بلا بزانیت کو هه‌ر ساروخه‌کا الحسین بکه‌ڤتیه سه‌ر قوم تهران دێ تولێ ڤه‌کرنا بیت بۆوان شه‌هیدێن سلێمانیی‌و حلبچه‌و به‌سراو نه‌خۆشخانا دهۆکێ‌و قوتابخانا بلات الشهدا و ئه‌ڤه‌یه به‌رسڤا مه‌و هه‌که ئه‌و تێناگه‌هن ئان خۆ تێناگه‌هینن بلا باش بزانن کومه به‌رسیڤێت مکوم ترو دژوارتر ێیت هه‌ین .

تێبینی : ئه‌م وتاره له‌گۆڤاری ڕه‌نگین بلاو بوه‌ته‌وه سالی ۱۹۸۸ لاپه‌ڕه ۷ ژماره‌ی تایبه‌ت به‌نه‌وروز .

سێ بروسکەی پیرۆز بای بۆ سەدام حسین

یەکەم : مامەند قەشقە : بمناسبةاحتفال قطرنا باعیاد ازار ءنوروز ، ارفع للرئیس القائد صدام حسین احر التهانی والتریکات ونحدد العهد والولاء لسیادتة فی الحفاظ علی روح النصر فی معرکة قادسیة صدام مجید .

دوەم : عمر حسن رسول : فی هدة الایام الخوالد التی یحتفل فیها قطرنا المناضل باعیاد ازار ء نوروز نتقدم بازکی ایات التهانی والتبریکات الی قائد السیر المناضل صدام حسین حفظةاللة مجددین العهد والولاء لسیادتة لنکون امناء للدفاع عن عراقنا الشامخ

سێیەم حسن حسین اللةداد : بمناسبة احتفالات شعبان العظیم باعیاد ازار ء نوروز ارفع ازکی التهانی والتبریکات الی القائد المنتصر صدام حسین حفظةاللة وتبقی الجماهیر الطلابیة جنود اوفیاء خلف رایتة دفاعا عن عراقنا العظیم .

تێبینی : ئەم سێ پەیمان تازە کردنەوەیە بۆ صدام لە گۆڤاری ڕەنگینی ١٩٨٨ ژمارەی تایبەت لاپەڕە ٩ بڵاوبونەتەوە

هێزی گەل‌و سەرکردەی قارەمان سەدام حسین ..

عادل حسن ئەحمەد

بۆماوەیەکی زۆر کورت‌و بۆئەوەی سەرکردەی گەل پاڵەوان (سەدام حسین) بۆگەلانی سەرزەمین دووپاتی بکاتەوە کەعێراقیەکان هێزوو توانایەکی بێ پایانیان هەیەو جڵەوی جەنگیان بەدەستەوەیە سێ هێرشی گەورەی کردە سەر دوژمنی داخ لەدڵ کە مەلایەکی پوچ‌و گەوج فەرمان ڕەوایان دەکات،

یەکەمین هێرش لەفاوبو داستانێکی مێژویمان بەکات‌و وەختێکی کەمدا تۆمارکرد .

دوژمن لەژێر پێی پاڵەوانەکانی قادسیەی دووەم تلانەوەو بە هەزارانیان ڕەوانەی دۆزەخ کران فاومان گەڕاندەوە، بەڵام چ جۆرە گەڕاندنەوەیەك مەگەر هەر دوژمن خۆی بزانێ سەربازەکانی (سەدام حسین) چۆن گورزی کوشندە دەوەشێنن، ئافەرین بۆ سەرکردەی قارەمان (سەدام حسین) و سەربازە دلێرەکانی .

تێبینی :ئەم وتارە لەساڵی ١٩٨٨ لە ژمارە ٨ ی گۆڤاری ڕەنگین لاپەڕە ٢ بڵاو بوەتەوە .

بروسکەی پیرۆز بای

شێخ عەلی شێخ ئەمین بەرزنجی

بەبۆنــەی یادەکــانی نــەورۆزو ئــادارەوە، وەك ســەربازێکە بــەوەفاو ئــازای نــاو بەرەکانی جەنگ پەیمانی خۆم دوربارە دەکەمەوە بۆ سەرۆكو سەرکردەم (سەدام حسین) گەورە خوابیپارێزێ .

تێبینی :ڕەنگین ژمارە ٨ لاپەڕە ٥ .

بروسکەی پیرۆزبای

ئەنوەر میرزا

بەبۆنەی جەژنی خۆشی ١٧_ ٣٠ ی تەموزی پیرۆزەوە بەڵێنی خۆم دوپات دەکەمەوە بۆ سەرۆکی فەرماندەم (سەدام حسین) خوابیپارێزێ کە سەربازێکی بەوەفای ڕێبازەکەی بم .

تێبینی : ڕەنگین ژمارە ٨ لاپەڕە ٨ ساڵی ١٩٨٨

بروسكەی پیرۆزبای

حەمید زیرۆ هەركی

بەبۆنەی جەژنەكانی نەورۆزو ئادارو ١٧ی ٣٠ی تەموزەوە پیرۆزبای لەخۆمو سەرۆكی فەرماندەم كاكە (سەدام حسین) خوابیپارێزێ دەكەمو بەڵێنی وەفاو ئەمەكداری بۆ خۆیو ڕێبازەكەی دوبارەكدەكەمەوە هیوادارم خواسەلامەتی كاتو سەركەوتوبێت بۆمان .

تێبینی : ڕەنگین ژمارە ٨ لاپەڕە ٨ ساڵی ١٩٨٨

بروسکەی پیرۆز بای

عسمەت دینۆ

بەبۆنـــەی یـــادی ۱۷ی ۳۰ی تـــەموزەوە . ئێمـــە وەك ســـەربازێکی بـــەوەفادڕی ئاخونـدەکانی تـارانی عنـسوری دەوەسـتینەوەو وەبـەناوی خـۆمو فەوجەکەمـەوە بەردەوام دەبم لەدیفاع کردن لەسەرۆکی فەرماندەم (سەدام حـسین) خوابیپـارێزێ بەرەو سەرکەوتنی عێراقی مەزن.

تێبینی : ڕەنگین ژمارە ۸ ساڵی ۱۹۸۸ لاپەڕە ۵۷

بروسکەی پیرۆز بای

مەسعود کەبیر سورچی

بەناوی خۆمو فەوجەکەمانەوە ئامادەین بۆ دیفاع کردنی نیشتیمانو سەرکردەمان (سەدام حسین) خوابیپارێزێ ،وە بەبۆنەی شۆرشی ١٧_٣٠ تەموزەوە پیرۆز بای خۆمان ئاراستەدەکەین و بەردەوام دەبین لەبەرگری کردن .

تێبینی : ڕەنگین ساڵی ١٩٨٨ ژمارە ٨ لاپەڕە ٥٧

بروسکەی پیرۆز بای

فازڵ مستەفا بەرواری

بەبۆنەی جەژنی تەموزی ئازاوە، وەك سەربازێکی بەوەفا بەڵێنی خۆم دوپات دەکەمەوە بۆ نیشتیمانو سەرۆکی فەرماندەم (سەدام حسین) خوا بیپارێزێ.

تێبینی : ڕەنگین ژمارە ٨ ساڵی ١٩٨٨ لاپەڕە ٥٧

بروسکەی پیرۆزبای

تاهیر حسین محەمەد جەباری

بەبۆنەی جەژنی تەموزی نوێوە، چاوەڕوانین لەبەرەکانی شەڕدا بۆ بەرەنگار بونەوە بەخۆمانو فەوجەکەمانەوە، بۆ سەرکەوتنی سەرۆکی گەورەمان (سەدام حسین) خوابیپارێزێ ، بۆ دیفاع کردن لەکوردی شەرەفمەند لەژێر ئالأی سەرۆکی فەرماندەمان .

تێبینی : ڕەنگین ژمارە ٩ سالّی ١٩٨٨ لاپەڕە ٥

خۆر دەركەوت

سوركێو

شەو بوو، هەر شەوبوو ڕوناكی پڕبو لەتاریكی لەپی ڕەشی دێوەكان بەر ڕۆژیان گرت چاو چاوی نەدەبینی جەماوەر ماتو سەرسام بوو، بەلاَم ئەوەندەی پێنەچو كورەی خۆر لەپی دەستیانی سوتاند فریشتەی ڕوناكی خۆی ئاشكراكرد ئینجا شەوە زەنگ لەترسیدا سپی هەلگەڕا تینی خۆر دەریای خوێنی وشك كرد ،

بەتیشكەكەی چاوی شەمشەمە كوێرە و كوندەپەپوی كوێر كرد، كەلاوەكان ئاوەدان كرانەوە، سێدارەكان پێچرانەوە بولبولی خۆش ئاواز خوێندی شمشالی بەهەشت ڕوی زەوی سڕیەوە، كۆترە سپیەكان دیسانەوە بەئاسمانی شین دا دایانەوە لە شەقەی بالّ، پەریەكانو ساواكان كەوتنەوە خەندەو گڕوگالّ (ئافەرین خۆر ، ئافەرین سەدام ،)

تێبینی : ئەم ناوە خوازراوە دلّنیام نووسەرەكانی ئەو سەردەمە دەیناسن، ڕەنگین سالّی ١٩٨٨ ژمارە ٤ لاپەڕە ٤ .

سەدام حسین و سەرکەوتنی خۆماڵی کردنی نەوت

قەیس حسین حەمید

جارێک لەپێش هەموو شتێکەوە دەبێت ئەوەبزانین کەخۆماڵی کردنی نەوت بەجەنگێکی گەورە دەژمێرێت .... تاد

ئالێرەوە هەر لەم ڕوانگەیەوە، سەرکردەی سیاسیمان و پاڵەوانی گەلەکەمان هەڤاڵی تێکۆشەر (سەدام حسین) سەیری مەسەلەکەی کردو هەرلەیەکەمین ڕۆژی بەرپابونی شۆڕشی ١٧_٣٠ ی تەممووزەوە نەخشەو پلانی بۆ مەسەلەکە دانا، ئەم کارە وانەبێت کارێکی ئاسان بێت بەڵکو هەروەکو وتمان بەجەنگێکی گەورەی میلەت دەژمێرێت .

بەلام سەرۆکی داناو هوشیارمان کاك (سەدام حسین) خوابیپارێزێت بەحیکمەتو سەبوری و دانایەوە، لەگەڵ هیمەتی گەلی پاڵەوانی عێراقدا توانی سەرکەوتنێکی گەورە و نایاب بەسەر ئەم کۆمپانیا مۆنۆپۆلانەدا بهێنێ و ئاڵای عێراق بەرزو شەکاوە بێتو باکی لەدوژمنان نەبێت .

تێبینی : ڕەنگین ساڵی ١٩٨٨ ژمارە ٤ لاپەرە ٨ ،

٢٠٠٤/٣/٦

عابد سەرکەڤتنەکا دی یا عیراقی یە

بریندار مزوری

رۆژبەرۆژیێ عێراقا پێنگاڤێت بەرفرە دهاڤێتن بۆ ئاڤاکرنا عیراقا مەزن ،ئۆهەرۆژ دگەهنە کورێت ولاتی . دوهی مزگینی یا موشەکا حسین پاشی موشەکا عەباس موشەکا ژ ێکبر فاو (١) ئێك – شاشی بالەفرا ئاگاهداری یا زویکا عدنان (١)

ئەڤکاریێ سەرکڤتنا زانیاریا مەزن دەڤ دەستەکە کازانانو ئەندازیارو هونەر زانێت عیراقی بجه هات ئەوان ل بن قوماندار (سەدام حسین) چاودێریا فریق دکتۆر عامر حمودی السعید کاردکر . یێ کو ئەڤ کاریێ دانایا پێش چاڤێت خۆبو بجهێنا ویێ ل دەمەکێ وەسا عێراقی یا جاراکادی دیار کر کوئەون خودانێت علمو زانینێ .

تێبینی : ڕەنگین سالێ ١٩٨٩ ژمارە ٢٤ _ ٢٥ _ لاپەڕە ٢ .

ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەسکەوتێکی مەزنە

شەفیق مەحمود جاف

ئۆتۆنـۆمی واتـە حـوکمی خـۆ بـەڕێوەبردن، لـە ١٤ی تـەموزی سـاڵی ١٩٥٨ لەڕوخاندنی قەڵای زۆرداری قاسمیو عارفی لە شۆڕشە مەزنەکەماندا بەسەرۆکایەتی بەعسی عـەرەبی سۆشیالیـست بەڕابـەری سـەرۆکی فەرمانـدەی دلێـر و ڕابـەری سەرکەوتنمان سەرۆک (سەدام حسین) ئێمەی کردە خاوەنی ئۆتۆنۆمی .

ئەمـەش بەهـەداری بەخـشینی شۆڕشـەو لـەژیانێکی بەختـەوەری و کامـەرانیو سەربەستیو سەربەخۆدا دەژێیت، لەژێر سێبەری ئاڵای شـەکاوەی شۆڕشـەکەمان بەڕابـەریو سـەرۆکایەتی ڕۆڵـەی دلێـری عێـراق عێراقـی کـوردو عـەرەب سـەرۆکی فەرماندەی ئەندازیاری شۆڕشو چەسپێنەری ئۆتۆنۆمی کوردستان بـەڕێز (سـەدام حسین) خوابیپارێزێ .

تێبینی : ڕەنگین ساڵی ١٩٩٠ ژمارە ٢٩ لاپەڕە٢٣ .

سەرۆکی فەرماندەو گەورە سەدام حسین . خوابیپارێزێ

فتاح جاف

بۆ گەورەو سەرکردەو هاورێم بەڵێنت دەدەمێ سەربازێکی بەوەفاو شکۆمەندی تۆبم ئامادەم بەهەموو شێوەیە بەرگری لە عێراقی ئازیزم بکەم و وە پیرۆزبای خۆشم ئاراستەی تۆی گەورەو سەرکردەم دەکەم گەورەم (سەدام حسێن) خوا بتپارێزێ

تێبینی : ڕەنگین ساڵی ١٩٨٩ ژمارە ٢٩ لاپەڕە ٢٥

سەرۆکی فەرماندە سەدام حسین

سەردارجاف

بەڵێنی وەفای خۆم دوپات دەکەمەوە بۆ تۆی گەورەو بەرێزم ئامادەیم تێدایە لەپێناوی تۆو عێراقدا ببمەسەربازێکی ئازاو بەوەفا، کۆڵیش نادەم تاسەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن تۆماردەکەین، هەربمێنی بۆمان .

تێبینی : ڕەنگین سالی ١٩٨٩ ژمارە ٢٩ لاپەڕە ٢٥

شۆڕشی ١٧ _ ٣٠ تەمموز

گەلاوێژ حەسەن

لەبارو دۆخێکە ئاڵۆزدا ڕێی کاروانی خۆی بڕی، ئەم کارانەش بوو کەهانی سەرکردەکانی ئەم شۆڕشەو هەڤاڵانی بەسەرۆکایەتی سەرۆکی پاڵەوان سەرۆک (سەدام حسین) خوابیپارێزێ، هەڤاڵان سەرکردەکانی ئەم شۆڕشە بەسەرۆکایەتی سەرۆك (سەدام حسین) و بەڕابەرایەتی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب دوای ئەوەی کە لێپسراوی ولاتی گرتە دەست .

ئیتر دەستیان کردە تێکۆشان بۆبەدی هێنانی خۆماڵی کردنی نەوت، ئەوەبو لەجەنگی (قادسیەی سەدام)ی پیرۆز ئەم شۆڕشە توانی بەم دەسکەوتە مەزنانەی خۆی جێگریکا لەناو دڵی میلەتا، بەڕاستی ئەم شۆڕشە داستانێکی نوێی تۆمار کرد لەمێژووی جیهاندا.

سەرۆکمان خوا دەست بەتەمەنیەوە بگرێت، توانی هەموو گەلی عێراق لەژێر یەك ئاڵاو یەك بیرو باوەڕدا کۆبکاتەوە .

تێبینی : ڕەنگین ساڵی ١٩٩٠ ژمارە ٢٩ لاپەڕە ٢٧ .

شۆڕشی ١٧ _ ٣٠ گەلاوێژ لەناخی عێراقیەکانەوە هەڵقوڵاوە

دڵشاد ئەیوب سەعید

عێراقیەکان بەکوردو عەرەبو کەمایەتیەکانەوە بەوپەڕی خۆشی و کامەرانی یەوە یادی بیرەوەری ٢٢ ساڵەی بەرپابونی شۆڕشی ١٧ _ ٣٠ ی گەلاوێژی مەزن دەکەنەوە، بەسەرکردایەتی سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێ کەلەبەر سێبەریدا بەخۆشیو بەختەوەری هێمنو ئاسودەی دەژین .

ئەم شۆڕشە لەڕۆژی ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ بەسەرکردایەتی پارتی پێشڕەو پارتی بەعسی سۆشیالیست عەرەب بەرپابوو بەدەسکەوتێکی مەزن بۆگەلو نەتەوە دەمێك بوو چاوەڕێی شۆڕشێکی وایان دەکرد کەلەزوڵم وزۆرداری ڕزگاریان بکات، ڕوی ڕۆشنی عێراق دەربخات، ئەم شۆڕشە سەرتاپای ژیانی هەموو عێراقیەکانی گۆڕی .

سەدان دەسکەوتی بۆگەلو نەتەوە هێنا سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) دەورێکی سەرەکی هەبوو لەسەر کردایەتی کردنی ئەم شۆڕشە .... هتد

تێبینی : ڕەنگین ساڵی ١٩٩٠ ژمارە ٢٩ لاپەڕە ٢٧ .

شایی وشەی سەربەستو شایی شانازە

ئیلهام عبدالکریم

بەچاودێری سەرۆکی تێکۆشەر (سەدام حسین)میهرەجانی گەورەی میربەد دەستی پێکرد، کەوا مامۆستا لەتیف نەسیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری لەبری سەرکردە وتارێکی خوێندەوە.

لەماوەی نێوان ٢٤ تا١ | ١٢\\ ١٠٨٧ شاری بەغدا چەند ڕۆژێکی نەمری بەسەر برد کەوشەی ڕەنگینی تێدا دەدرەوشایەوە دەنگی هەڵبەستو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی تێدا بەرز دەبویەوە، هەموو جیهان هاتبوو تا دڵخۆشی ئەو منداڵانە بدەنەوە لەقوتابخانەی بلات الشهدا دا کەبەهۆی ساروخی خومەینیەوە زەردەخەنەیان لەسەر لابرابوو دڵخۆشی بدەنەوە .... هتد

تێبینی : ڕەنگین ڕیپۆرتاژێك لەسەر ستایش کردنی بەعسو سەرکردەکەی، ساڵی ١٩٨٧ ژمارە تایبەت لاپەڕە ٩ .

پاراسایکۆلۆجیاو قادسیەی سەدام

سەلاحەدین عەباس

جارێکیـــان منــدالێکی قوتــابی دێــت بــۆلای ســەرۆکمان (ســـەدام حــسێن) خوابیپارێزێ تەوقـەی لەگـەڵ دەکات، سـەرۆکمان بەقوتابیەکـە دەڵێـت تـۆم دیـوە سالێك لەمەوبەر لەم شـوێنە، قوتابیەکـە وەلاّم دەداتـەوەو دەڵێـت : بـەڵێ گـەورەم فەرمودەت ڕاستە پار هاتوم بۆلات لەم شوێنە .

سەرۆکی بەڕێزمان خوابیپارێزێ لەو شوێنەی ئازایـەتی دەبەخـشی بەجـەنگاوەران هەندێ جار لای یـەکێکیان دەوەسـتاو بـە جـەنگاوەرەکانی دەوت تـۆ خـەڵقی فـلاّن پارێزگـای یـان تـۆ فلاّنـە عەشـیرەتی، هـەمووی ڕاسـت دەردەچـوو سـەرۆکمان خوابیپارێزێ بە درێژی جـەنگی قادسـیەی دووەم دژی فارسـە مەجوسـەکان دەیـان جار بەوپەڕی بڕواوە دەیگوت پشت بە خوا ئێمەسەرکەوتوین .... هتد

تێبینی : گۆڤاری ڕەنگین شاڵی ١١٩٨٩ ژمارە ٢٦ بلاپەڕە ٦ .

بەبۆنەی لەدایکبونی سەرۆکی خۆشەویستەوە

سەبیح عبد لمجید

لە ٢٨ی نیسانی هەرساڵێکدا، سەرانسەری گەلی عێراقی خۆشەویستمان، یادێکی شیرینو شکۆدار ئەکاتەوە، یادی لە دایکبونی سەرۆکی بەڕێز هەڤاڵ (سەدام حسین) هەر لەم ڕۆژەوە لەساڵی ١٩٣٧ و لەڕۆژی دووشەممەدا، سەرۆکی تێکۆشەر لەگەڕەکی حارە و لەشاری تکریتا چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە، مەبەستی ئاهەنگ گێڕانیش بەم ڕۆژە پیرۆزە لەلای ئێمەی عێراقی، گرنگی تایبەتی هەیە .
چونکە لەئەنجامدا ئەم ڕۆژە بوبە ئومێدی هەموانو (سەدام حسین) یش بو بەڕەمزی هەموو خودێکی عێراقو سەرکردایەتی بەرزی عێراقو دڵنیایی عێراقو کاروانی بێ کۆتاییو دەسکەوتی مەزنی عێراق .

تێبینی : گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ساڵی ١٩٨٣ ژمارە ٩٧ لاپەڕە ١٨ .

یاریزانە بچوکەکان دەریان نەبرد
یاریزانە گەورەکان هاتنە گۆڕێ

دکتۆر سگڤان حوسێن بامەڕنی

ئەوەبو بازۆفتێکیان بەسیخوری ناردە ولآتەکەمان بۆئەوەی دەست درێـژی بکەنـە سەر ئاسایشمان دوای ئەوەی کە عێراقیش مافی ڕەوای خۆی بـەکار بـردو بـازوفتی هەواڵەی دۆزەخ کرا، یاری زانە گەورەکان کردیانـە شـینو شـیپەڕۆ وای لـەدۆو وای لەدۆشاو، بەئومێدی ئەوەی ڕژێمی زایۆنی دەست لەعێراق بوەشـێنێ پاکانـەش بـۆ ئـەو دەسـت وەشـاندنەی بکـەن، بـەلآم سـەرکردەی بەجـەرگو نەبـەردی عێـراق (سەدام حسین) لەو خەونو خەیالآتە ئاگاداری کردنەوە کە عێراق پاروێکی دڕکاویـە لەگەرویان گیر دەبێ و دەیان فەوتێنێ .

تاکو ئێستاش باوکی ناجیو شێرە بەفرینـەکانی بنتـاگون چـاویان لەڕێیـەو بـۆنی نەوتی عێراقو خاکە ڕەنگینەکەی گێژو وێژی کردوون، بەڵکە ئەمە خوایکرد جارێکی دی شـوێن پێـی خۆیـان تێدابکەنـەوەو وەکـو جـاری جـاران بکەونـە تـالآنی کردنـی خێروبێری ولآتەکەمانو چەوسـاندنەوەی گەلەکـەمان، بـەلآم خـەیاڵیان خـاوە وەك بلێـی نـەزانن سـەرکردەی نەبـەز (سـەدام حـسین) پێـشەنگی پێـشکەوتنی ئـەم نیشتیمانیە.

تێبینی : گۆڤاری تەندروستیو کۆمەڵ ساڵی ١٩٩٠ ژمارەی تایبەت بەرگی گۆڤار .

لەسایەی سێبەری سەرکردەدا

ئەحمەد عبدلقادر نەقشبەندی

لەسایەوسێبەری چاودێری کردنی بەمروەتو هەمیشەی دامەزرێنەری شکۆی عێراقی نوێو ئەندازیاری دەسکەوتە داهێنەرەکانی و پاڵەوانی سەرکەوتنە مەزنەکان، سەرۆکی فەرماندە بەڕێز (سەدام حسین) خوابیپارێزێو ئاگاداری بێت بۆ کاروانی حوکمی زاتیو ناوچەی کوردستان و ڕۆڵە شکۆدارەکانی وە لەو جەنگی ئەو ئاهەنگەی کە گەلی نەبەزی عێراق دەیگێڕن .

بەبۆنەی داستانە پڕ قارەمانێتیە بێ هاوتاکانی هێزە چەکدارە ئازاکانمان بەدرێژای بەرەکانمان شەری دژی تاقمەچەپەڵەکەی خومەینی، بەو پەری هەستی شانازیو سەربڵندیەوە پێشوازی یادی هەژدە ساڵانەی بڵاوکردنەوەی بەیانامەی یانزەی ئازاری مێژووی دەکەین .

ئەو بەیان نامەیەی کە بناغە ڕاستو پتەوەکانی یەکیەتی چەسپاند، ئەوا پەیمان تازە دەکەینەوە کەوا لەسەر هەمان ڕێڕەوی ساڵانی ڕابردوو بڕواتو عێراق بەرەو بەندەری بەختەوەری و دوارۆژێکی خۆش ببات بەڕابەرایەتی شۆڕەسواری مەزنو سەرکردەی هێژا سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێ وا ئاگاداربێت .

تێبینی : گۆڤاری تەندروستی ساڵی ١٩٨٨ ژمارە ٦ لاپەرە ٤ بۆ ٦٢ .

ئۆتۆنۆمی هیوای هەموو عێراقیەوە

سەعدون خەلیفە

ئەزمونی ئۆتۆنۆمی پیادەکردنی داهێنانێکی مەزنەو نمونەی راستگۆی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستە ئەم ئەزمونەش دەکرێت بکرێتە دەلیلی کار بۆ هەموو ولآتێك کەچەند نەتەوەیەکی تیابێت، جاخزمەت گوزاری گشتی کەبۆ هەموو خەلکی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەنجام دەدرێت لەعێراق دا .

جاناوچەی ئۆتۆنۆمی لەعێراق تایبەتمەندیەکی جوگرافیو دەوروبەری هەیەو موشکیلەی تەندروستی هەیەو تایبەتە بەم ناوچەیە هەتا لە مەشق پێکردنو ئامادەکای کادیری تەندروستی کارگەر .

ئالەوێوە دەبێ بەسەر جۆری ئەم موشکیلانە خەست بینەوە کەخەلکەکە پێوەیەوە دەنالێنن، ئابەم جۆرە ئەم ناوچەیە دوارۆژێکی پرشنگداری دەبێت ئەگەر پشت بەنەخشەی خۆجێیەتی بەسترا بۆ دەست نیشانکردنی چارەسەرکردنی موشکیلەکان . ... تاداوی

تێبینی : گۆڤاری تەندروستی چاوپێکەوتن . سالی ١٩٨٨ ژمارە ٦ لاپەرە ٤ بۆ ٦٩

بەبۆنەی ڕۆژی تەندروستی عێراقییەوە

عبدالرزاق مەرعی حسن

بەم جۆرە ئابوریەکی بەهێزمان بۆ هاتە کایەوە لەسایەی ویستو ئیرادەی سەرەکی فەرماندە، فەرماندەی شۆڕشو سەرکردایەتی نیشتیمانی دڵسۆز، (سەدام حسین) خوابیپارێزێ .. سەرکردەی شۆڕشی ١٧-٣٠ گەلاوێژی نەمر، هەروەها پێشکەوتنێکی زانستیو ڕۆشنبیری لەئاستێکی بەرزدا هاتەکایەوە کەدرێژەوە بە شارستانیەتی دۆڵی رافیدەینە لەهەموو مەیدانێکی زانستی دا .

جالەبەر ئەوەی کەپرۆسەی ڕاپەرینی گەل پەیوەستە بە هێزو توانای بۆ دەرباز بوون لەدواکەوتویو نەخۆشیەکانی هەروەها هێزو توانای بۆ گرتنی خورەوشتیو قیەمو رەفتاری ڕاستو ڕەوان لەرەفتاری ڕۆژانەیدا ئەوا سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێ دەمانخاتە نێوان رەوگەی شارستانیو پێشکەوتن لە خیلالی رەفتاری شارستانی مرۆڤی عێراقی تازەداو ئەوەشیان لەئاستی سەرکەوتنو ئاشتی دایە .

هەروەها سەرۆکی فەرماندە دەست نیشانی رەگەزەکانی شارستانی کردوە بەپاکو خاوێنیو ڕێکیو ڕێکخستنو لیاقەو وردبینی لەبیرو تەگبیردا، لەروی بنیاتنانی مرۆڤی عێراقی ئەوە بەرێزیان چەمکی تەعبیە دەست نیشان دەکات .... تادوای .

تێبینی : گۆڤاری تەندروستی . ساڵی ١٩٨٩ ژمارە ١٢ لاپەرە ٥بۆ٧٢ .

یەکیەتی نیشتیمانی لەپیلانی دوژمنان بەهێزترە

دکتۆر نیهاد ئەبتەر زەنگەنە

سەرکەوتنی عێراق بوو بەهۆی سەپاندنی ئاشتی بەسەر دوژمنانی عێراقدا کەدەیانویست ڕێبازی پێشکەوتن خوازی شۆڕشگێرانەی گەلەکەمان بەرەو چەرخەکانی ناوەراست ببەنەوە، سایۆنیزم لەسەرکەوتنەکەمان بەگومانەو ئیمپیریالیەت و دارو دەستەکەی هەولّی ئەوەیان دا ڕێرەوی ئاشتی تێك بدەن .

بەلاّم سەرۆکی فەماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێ فەرمووی ئەو جۆرە جموجولاّنە سەرە دەرزیەکن دەچن بەتەنێکی زلدا، هەموو هەولّ و کۆششی سەهیۆنیەت و ئەمریکا ڕێبازی شۆڕش‌و یەکیەتی نیشتیمانی پتەومانە چەواشە ناکەن لەعێراقی سەرکەوتوو ئاشتی خوازدا .

مەزنمان‌و رەمزی پایەبەرز سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێ قەلاّی پۆلاّین دژی هەموو گێرەشێوێن‌و ئەوانەی لەزەلکاودا مەلەدەکەن ئەوانەی دەیانەوێت ڕێبازی شۆڕش لەهێلّی خۆی لابدەن لەعێراقی خۆشەویستدا و یەکیەتی نیشتیمانی تێك بدەن .

ئەو یەکیەتیەی کەلەنێو هەردوو گەلی کوردو عەرەب لەعێراقی بەهێزدا بەسەرۆکایەتی (سەدام حسین) بۆ هەمیشە ....تادوای

تێبینی : گۆڤاری تەندروستی . سالّی ١٩٨٨ ژمارە ١١ لاپەرە ٣ .

ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی

محەمەد ئەمین محەمەد ئەحمەد

ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی ئێستاکە جولآنەوەیەکی رۆشنبیری وابەخۆیەوە دەبینێت کەبەهیچ جۆرێك لەسەر شێوەی ئێستاکەیدا نەبوە، ئەو جولآنەوەیەش دوا بەدوای ئەو پاڵپشتیو پتەو کردنەی دامو دەزگا ئۆتۆنۆمیەوە دێت کەسەر کردایەتی شۆڕش گرنگیەکی زۆری پێداوە لەپێناوی گەشەپێدانی کاروبارەکانیان بەڕادەیەك کە بتوانێ جێ بەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی زامن بکات .

ئەم گرنگی پێدانەش لەئەنجامی ئەوسەرلێدانە مەیدانیەی سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێ بۆناوچەکەو چاوپێکەوتنی بەلێپسراوان و بەردەوام ڕێنمای کردنی دامو دەزگاکاندا وەدەر دەکەوێت .

وەلەئەنجامی ئەو زیاتر گرنگی پێدانە و ئەو یارمەتیو پاڵپشتیە بێ سنورانەی جولآنەوەی رۆشنبیری لەناوچەکەدا کەئەمانەتی ئێمەیە . ئەمانەتی رۆشنبیرانو لاوانە ڕابەرایەتی دەکات گەشەی کردوە . ... تادوای

تێبینی : گۆڤاری تەندروستی . ژمارە ٦ ساڵی ١٩٨٨ لاپەرە٥بۆ ٦٨ .

بۆ سەرەکی فەرماندە

حەمەساڵەح عەزیز لادێیی

باوکی بەرێزو سەرداری وڵات
بەهۆی تۆوە گەل گەیشت بەئاوات
خاوەن ڕەو ڕەوەی مێژووی ئەم خاکە
هەمیشە خەریك کرداری چاکە
لەداوی دوژمن گەلت دەرهێنا
هێناتە ریزی گەلانی دنیا
داوی دوژمنت هەمووت کرد پوچەڵ
تۆ حوکمی گەلت هێنایە دەست گەل
تەمیمی نەوتت جێگای دیارە
دڵی دوژمنان بۆی بریندارە
هەندێ پیاو هاتن پیاوی ئیسرائیل
ئەیانویست خاك و وڵات بکەن دیل
.................تادوای

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٨٨٥ ژمارە ٧٧٢ لاپەرە ٧ .

جەنگاوەرانی سلێمانی لەیادی ٢٢ ساڵەی بوکی شۆڕشا

ئەم ریپۆرتاژە لەلایەن لقی سلێمانی رۆژنامەی هاوکاریەوە کراوە، بەبۆنەی ٢٢ ساڵەی شۆرشی بەعسەوە، لەناو ئەم ریپۆرتاژەدا کەسانێکی زۆری بالآدەست لەناو کایە جیاجیاکانی حزبی بەعسدا قسەدەکەن لەپێناوی ستایش کردنی ئەو حزبە، لێرە بەنمونە چەن قسەیەك وەر دەگرین وەك ئەمانەتێکی رۆژنامەوانی .

عمرمحەمەد عویز : من کەجەنگاوەرێکم لە کۆمەڵەی بەرگری کردنی فرۆکە سڵاو رێزم بۆسەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) ئەنێرم کەپشت بەخوا سەرکەوتن هەربۆ ئێمەیە .

محەمەد عبدالقادر عەزیز: بەشداری کردنمان لە سوپاگەکانی سوپای میللی ئەرکێکی دلێرو جوامێرانەیە بەرانبەر بەنیشتیمانو بەرگری کردن لەخاكو ولآتو پشت بەخواو سەرەکی تێکۆشەر باوکی گەورەمان (سەدام حسین) ی فەرماندە.

حسین مازی هادی : بەتواناو باوەڕەوە پەیمانی وەفاداری بۆ سەرەکی بێهاوتا (سەدام حسین) نوێ دەکەینەوە .

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٨٥ ژمارە ٧٧٥ لاپەرە ٥ .

دیاری بۆ لەشکری عێراق
ولآتی سەرکەفتنا

مسلم شکری عبد رەحمان

دنێ رۆژا ئاشێ هویر
رابموسن دەست ژدویر
کوبخازن ئاشتی
دگەل مافێن راستیی
بوتوم جیهان دیاربوو
ناحەزین بن دەستی
دێ شارینن گوفندی
ژبۆ خاترا ریوەندی
مە سۆز دایە ئەڤودوو
ئە ڤەمرینوی فندی
ل گوندی ب هلورین
هەرو هەردی هەلپەرین
دێ بلندکێن ئالاتە
وەك پلنگا دێ خورین
.... تادوای

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری سالّی ١٩٨٥ ژمارە ٧٨٠ لاپەرە ١٤ .

کارتی پیرۆزبایی

مەهدی عبدلآجاسم

پیرۆزبێت سەرکەوتنی گەورەی گەلی عێراقمان، ئەو سەرکەوتنەی کەهەتا هەتایە لەرزە لەدڵی دوژمنی نەزانی داگیرکەر کەنەتوانێ جارێکی تر پێ بنێتە سنوری عێراقی خۆشەویستمان، سڵاو رێزم بۆ سەرۆکی فەرماندە تێکۆشەر هەڤاڵ (سەدام حسین) کەسەرکردەی بەتواناى عێراقی مەزنە، سڵاو لەبرا سەربازەکان کەبەگیان سنوری عێراقیان پاراست، مردنو سەرشۆری بۆ داگیرکەران، سڵاو لەشەهیدانی (قادسیەی سەدامی) پیرۆز ئەوانەی لەهەمووان شکۆدار ترن .

کارتی پیرۆزبای

ئەنوەر محەمەد مەحمود

بۆسەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان و بیرەوەری هەفتەی (قادسیەی سەدام). بەبۆنەی هەفتەی (قادسیەی سەدامی) پیرۆزەوە سلاوی مامۆستایانی سلێمانی پێشکەش بە سەرەکی فەرمانده هەفالی تێکۆشەر (سەدام حسین) .... تادوای

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری سالی ١٩٨٥ ژمارە ٧٨٢ لاپەرە ٣ .

تۆ

عەباس کامیل غەریب

ئەقلّو تەکبیرو سیاسەت زانی تۆ
دەریای تەفکیری فراوانی تۆ
سامان‌و کۆشکی فەزلّی هونەرت
کێوی بەهێزی نیشتیمانی تۆ
ئەی قارەمانی هەلّکەوتوی مێژوو
هەموو دلّبەندین بەئیحسانی تۆ
تائێستە زەمان رۆلّەی وای نەدی
وێنەی سوارچاکی‌و نەوجەوانی تۆ
ناوخۆی ولاّت‌و ئیسلام‌و عەرەب
دوعاگۆین بژی حوکمرانی تۆ
بۆمان بهێلّی هەر (سەدام حسین)
خوایا بەلوتفی بێپایانی تۆ

تێبینی : ئەم شیعرە ژمارە ٧٨٢ ی رۆژنامەی هاوکاری لە سالّی ١٩٨٥ لاپەرە ٧ بلاّوکراوەتەوە .

پێشەوا

میوا تەها

کاتێ کەوا تۆ بویت بەپێشەوا
ڕۆژمان لێ هەڵهات شەومان لێ ئاوا
هەر لەو ڕۆژەوەی کەسەرەکمانی
گشتمان وادەژین بەکامەرانی
هەرتۆ خونچە بوی کەوا بوی بەگوڵ
گشت خۆشمان دەوێی بەئارەزوی دڵ
هەرخۆت سەرۆکی ئەی کاکە (سەدام)
تۆمان خۆشدەوێیت . زیاتری لەبرام
ئێمە پێنج ساڵە کەدەکەین خەبات
بۆپاراستنی دێهاتو وڵات
سەرۆکمان بەخۆی بریاری داوە
شەر سودی نیە هەرخۆشی باوە
خومەی نەزانە سەری شێواوە
مێزەر بەسەری جادوگەرناوە .
.... تادوای

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٨٥ ژمارە ٧٩٠ لاپەرە ٧ .

چوارده ملیۆن مۆم

ئازاد عبدلسەمەد

بەڵێ ئەو نەخشە گەورەیەی لەمێشکی (سەدام حسین) دا بوو، زۆرلەوە گەورەتر بوو کەبەدوو چاوەکانی خۆمان بیبینین، لەچوار ساڵو نیوی جەنگ هێشتا عێراق لەبنیات نانو پەرەسەندنو پێشکەوتنی نەکەوتوە، دوای چوار ساڵ عێراق هەر لەسەرکەوتن دایە .

بەڵێ ئەو عێراقە سەرکەوتوە بەدانایی سەرکردەکانی بوو بەو ئەفسانە گەورەیە بەبلیمەتی مرۆڤێکی وەکو (سەدام حسین) بوبەرابەرو پێشرەو، لەپێناو بەرگری کردن لەخاکی عێراقو لەخاکی نەتەوە عەرەبەکان .

بۆیە (سەدام حسین) بەرەمزی خەباتو تێکۆشانی مێژووی عێراق دەژمێرێت، بۆیە کاتێ مۆمێکی تر لەژیانی ئەو مرۆڤە مەزنەدا هەڵدەگیرسێنین، چوارده ملیۆن مۆم لەدڵی گەورەو بچوکی ئەو عێراقەدا هەڵ دەگیرسێ بۆیە گەل بە (سەدام حسین) سەر بڵندە .

بۆیە پێی شادە، چونکە (سەدام حسێن) رزگار کەری عێراقو عێراقیەکانە، سەدام ئاواتە .

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٨٥ ژمارە ٧٨٧ دوالاپەرە . گۆشەی هەرجارەو نووسینێك .

لەیادی لەدایك بونی سەرکردە

کاوە محەمەد ئەبوبەکر

ئەی سەرکردە لەوەتەی هەیت هەموو ساتێك ژیانت بریتیە لە خەباتو کۆڵنەدان، لەڕەنجو هیلاکی لەپێناو پاراستنی ئەم عێراقە ئازیزە، لەدەست جادو گەران چونکە تۆ ڕەسەنیت .

تۆخۆری هەڵاتوی ئەم عێراقە بەرینەی لەچیاوە تا دەشتایی، خۆشیان دەوێی، خۆشەویستی تۆ وێردی سەرزاری هەموو منداڵانە، کەلە هەموو کاتێك باوکی ئەوانیت، هەمیشە لەباوەشیان دەگری،

عێراق بەتۆوە جوانە عێراق بەتۆوە گەشەو سەر بڵندە .

چونکە تۆبۆی تێکۆشایتو خێرت بەخشی ئەم وڵاتە شیرینەت کردە جوانی و مانای خۆشەویستیت فێرمان کرد، ئەی سەرکردەم لەهەر شوێنێك کەپەیدا ئەبیت خۆشیمان بۆدێنی، خۆشی دابەش دەکەیت بەسەرمانا .

کوردستانت کردە بەهەشت، بۆیە کەناوت دێ پیرو منداڵ ئافرەتو پیاو لەگەڵ ناوت دەهەژێن، تۆبویت سەربەرزیت فێرکردین بەشادیو خۆشی .

گەلەکەت شانازیت پێدەکا، لەئامێزت دەگرێت، دوعات بۆدەکا، لەکارگەو قوتابخانەو هەموو کونجو کەلەبەرێك بۆت هاوار دەکەن، بژی (سەدام) بژی ئەو رۆڵە بەجەرگەی .... تادوای .

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٨٥ ژمارە ٧٨٦ دوالاپەرە .

بەتامترین یەکتر ناسین

محەمەد ساڵەح عبدلکریم

لەهەمووی بەتامتر لەلام ئەم یەکتر ناسینەیە لەگەڵ جەنگاوەراندا لە بەرەکانی جەنگدا دژی ئێرانی رەگەز پەرست، لەپشویەکمدا بۆ بەغدا بەرێکەوت جەنگاوەرێکم بینی کە لەقاعیدەکەی خۆم بوو، ئای کەدڵم کرایەوە بەپەرۆشەوە هەواڵی جەنگاوەرانم لێپرسی .

خوێنەران لەلاتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم ئەم یەکتر ناسینە لە بەرەکانی جەنگدا پێك دێت، بەتامترو چێژی زیاتری دەمێنێتەوە لەو یەکتر ناسینەی کەلەزانکۆدا لەگەڵ شۆخێکدا پێك دەهات، هۆی سەلماندنی قسەکەم زۆرن .

یەکێك لەوانە ئامانجە ئامانجی هەموو جەنگاوەرانی (قادسیەی سەدام) سەرکەوتنەو بەرز کردنەوەو شەکاوەیی ئاڵای عێراقە لەژێر سێبەری هاورێی بێهاوتا (سەدام حسین) داو پیس نەبونی خاکە بەپیتو بەرەکەتەکەمان بەهاتنی دوژمنی هیچ نەزان، بەڵام ئامانجی یەکتری ناسین دوور لەبەری جەنگەوە یان مادیە یان بەرژەوەندیەکی کەسایەتی تایبەتی .

هۆی تر زۆرە بۆسەلماندنی قسەکەم ئێوە بیری لێبکەنەوە .

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٨٥ ژمارە ٨٠٦ دواڵاپەرە گۆشەی (هەرجارێك نووسینێك) .

پێشکەشە بەشەهیدانی جەنگی (قادسیەی سەدام) ی تێکۆشەر

ئاوڕی تۆ..... زۆر پرشنگە بێ لەکەیە

سەلاح سەلیم سەیدۆك

ئازاریان چاند
سەختی ڕێیانم بەداسی دڵو بەژان بریەوە
شەهید بووم و تاهەتایە
نەمریم بۆخۆم دوریەوە
کێ وەکو خۆر
لە زبانی مێژوو دەگا
تا وەڵامی شەهیدەکان بداتەوە
بەلای لایەی
گڕ مژینی تۆپ نەسڵەمێتو
کوێرە ڕێیان نەبیاتەوە
ئەزانم گەردی سەر سەختی
تاریکە شەوی فەرهەنگم
ئەخەیتە نێو گەروی چرا
جارێکی تر
تۆناسوتێی لەگێژەنا
مەشخەڵانو کڵپەی گڕا .... ئادوای

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٨٥ ژمارە ٨١٨ لاپەرە ٤

شۆڕشی بیستی ئەمر

سەربەرست شارباژێڕی

ئەوانەی ناحەز بەعێراق و گەلی عێراقن خەیاڵیان خاوە ئەگەر وابیر بکەنەوە گوایە لەڕێگای ئەو شەڕەوە بەهۆی خومەینی جادوگەرەوە بەسەریاندا سەپاندوە دەتوانن مل بەگەلی عێراق کەچ بکەن . عێراقی ئەمڕۆ لەلوتکەی سەربەرزیو سەرکەوتندایە، چۆن لەبەرەبەیانی مێژووەوە توانیویەتی دوژمنەکانی بکاتە پەندی زەمانە هەرنەوەکانی ونەمانەن ئەوە پێنج ساڵە ڕووبەرووی دڕندەترین گەردەلولدا وەستاونو وەك شورای پۆلاین بەرگری لەمێژوو بوون و سەرکەوتنیان دەکەن .

عێراقی مەزن، عێراقی رۆڵەی سەرکەوتو (سەدام حسین) لەیادی ٦٥ ساڵەی ئەم شۆڕشەدا دەزانێ چۆن بەرگری لەمێژووی پڕ لەشانازی خۆی دەکاتو زیاترو بەرەو لوتکەی سەربەرزی زیاتر هەڵدەکشێو بەتوانای لەبن نەهاتوی ناحەزەکانی بەناخی شکاندنو سەرپێ شۆرکردندا دەباتە خوارێ .

یادی شۆڕشی بیستی ئەمر گیانی ئازایەتیو مەردایەتی گەلی عێراق پتەو تر دەکاو یەکێتی نیشتیمانی کورد و عەرەب زیاتر دەچەسپێنێ و بەو پتەویو بەو یەکیتییە گومڕا کەرانەی ئێران دەکەن بەپەندو لوتیان لەزەلکاوی شکاندنی هەتا هەتای وەردەدەن.

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٨٥ ژمارە ٧٩٥ دوالاپەرە گۆشەی هەرجارەو نووسینێك .

جەماوەری مەخموور پیرۆزبایی لەسەرۆك دەكەن بەبۆنەی جەژنی لەدایك بونیەوە

غەفور مەخموری

جەماوەری قەزای مەخموور بەبۆنەی جەژنی لەدایك بوونی سەرۆكی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێت، پیرۆزبایی لەسەرۆك دەكەن و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازن بەم شێوەیەی خوارەوە .

هەڤاڵ خزر حسین عەلی ڕازگری سەركردایەتی پارتی لەمەخموور، لەكاتێكا كەگەلەكەمان ئاهەنگ دەگێڕێ بەبۆنەی جەژنی لەدایك بوونی سەرۆكی خەباتگێر (سەدام حسین) خوابیپارێزێ .بەڵێنو وەفاداری خۆمان دووبارە دەكەینەوە كەسەربازێكی بەوەفابین بۆبەرگری كردن لەخاكی پیرۆزی عێراقو نەتەوەی عەرەب و داواكارین لەیەزدان تەمەن درێژبێت بۆهوشیار كردنەوەی نەتەوەو ڕێگای رزگار كردنی سەركەوتنو ئاشتی پیرۆزبێت جەژنی لەدایك بونت پێشرەوی كاروانمان لەكۆتایدا هەزاران سلاو لەگیانی پاكی شەهیدانی (قادسیەی صدام حسین) هەموو ئەوانەی لەپیناوی عیراقدا گیانیان بەخشیوەو بەخوێن مێژووی عێراقیان تۆمار كردوە .

هاوڕێ عادل ئەحمەد حسین ڕازگری نووسینگەی قوتابیو لاوانی پارتی مەخموور لەمانگی نیسانی ئاسمانی عێراق هەڵهات ئەویش لە دایك بوونی هەڤاڵی تێكۆشەر (سەدام حسین) بوو .... تادوای .

تێبینی : ئەم ریپۆرتاژە لە شاری مەخموور ئەنجام دراوە لە رۆژنامەی هاوكاری بلاوكراوەتەوە .

عێراقی یەك پارچە

سەلاح شوان

کەپەڵە هەورێکی سپی لەباکوری زاخۆوە بەدەم شنەبای پایزی فێنکی کوردستانەوە هەڵنەکاو تەزوی خۆشەویستی بۆگەرمیانو بۆرۆخی دەریا دەبا، هیچ قارونێك لەئێستا بەدواوە بۆی نیە داوای پەساپۆرتی پەرینەوەی لێبکاتو نەهێڵێت فێنکی چیا سەرکەشو سەرفرازەکانی کوردستان گەرماکەی هاوین لە لەشی عێراقیەکانی باشور بڕەوێنێتەوە .

چونکە ئەمرۆکە پارچەکانی ئازیزی خاکی عێراق کەلەجەرگەی عێراقیەکان بچڕێنرابوو بەدەستی دانایانەی (سەدام حسین) تیمارکرایەوە، جێ برینەکەی بۆهەتا هەتایە سارێژ بوو، هەرچی میکرۆبێکی ژەهر رێژ هەبوو کەلەو بەشەی دابوو تەفرو تونا کراو ژەهرەکانیان بوەوە ژەهری خۆکوژی، هائەمڕۆ ها سبەینێ لەناویان دەبات، چونکە بۆهەرکوێك بڕۆن هەرپێوەیانەوەیە .

دەمێك بوو دوژمنی کەم فرسەت لەرۆژانێکی تاریکی ئەم وڵاتەدا نەشتەرگەرییەکی ناجوامێرانەی لەگەڵ ئەم خاکەپیرۆزەی عێراقدا کردو بەشێکی ناسکی لەشی دابڕی.

دەمێکیش بوو ئەم بەشە دابڕاوە دژی جەستە گشتیەکە بەکار دەهێنراو دەمێکیش بوو هەردوو بەشی لێك دابڕاو تاسەی سەرلەنوێ گیرسانەوە تا لەسەر دەستی حەکیمانەی (سەدام حسین)ئەم ئاواتە شیرینەبەدی هاتو بۆ هەتا هەتایە عێراقی (سەدام) مەزن بووەوە بەیەك نیشتیمانی یەك پارچەو هیچ هێزێك نییە لە دنیادا دایبڕێت .

تێبینی : رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە ٥٤ لاپەری ٣ بەرواری ١٩٩٠ .

عێراقی سەربڵند

برهان هەژار

لەگەڵ هەڵهاتنی تیشکی زێرینی بەرەبەیانی ١٧–٣٠ تەمموزی پیرۆز، کەلەلایەن حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە بەرپابوو، هەرلەو ڕۆژەوە مژدەی ئازادیو پێشکەوتنی ئینسانی عێراقی بەکوردو عەرەبو کەمایەتیەکانیەوە پێ بەخشراو ڕەگو ڕیشەی ڕەسەنایەتی هێندەی تر بەخاکدا چوو، بالآی دارگوێزو خورما بەرزتر بوو هەموو شتێك ڕوی لەهەنگاو نانو داهێنان کرد، ئەم هەموو گۆڕانو پەرەسەندنەی بەختیاری ژیانی عێراقیەکان لەبەر ڕوناکی بیری پاڵەوانی سەربڵند (سەدام حسین) ی ڕۆڵەی بەجەرگ تیشکی دایەوە .
(سەدام حسین) ئەو قارەمانە شۆڕشگێرەیە کەترسێکی گەورەی خستوەتە دڵی زایۆنیزمو دوژمنانەوە . ئەوەتا لەماوەی ئەم بیست ساڵی بەرپابونی شۆڕشە مەزنەکەی ١٧–٣٠ تەمموز هەموو ڕاستیەکان لەبەر چاون هەرلەبنیات نانی شارستانیەتەوە تا داهێنانی زانست لەوڵاتدا، هەروەکو وتمان ئەمە حەقیقەتەو لەبەر تیشکی خۆرا ئەدرەوشێتەوە ئەمە عێراقی (سەدام حسین) ە هەموو شتێك لەسێبەریا ڕۆشنەو هەڵوێستی مەبدەئی تیا ڕوونە .

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ . ژمارە ٩ لاپەرە ٣ ساڵی ١٩٨٩ .

سەرکردەو سوپاو سەرکەوتن

وریا سەعدلأمحەمەد

سەرکردەی گەلو خەباتگێر (سەدام حسین) دەڵێ :ئێمە ئامانەوێت سوپای عێراق تەنیا بەرگری لەسنووری عێراق بکات، بەڵکو دەمانەوێ سوپا ببێتەشێری دەریا دژی دوژمنان : شتێکی ڕونو ئاشکرایە کەیەکێك لەو هۆیانەی کەبووە بناغەی سەرکەوتنەکانمان لەجەنگی (قادسیەی سەدام) دا سەرکردایەتی کردنی وریایانەی سەرەکی فەرماندە (سەدام حسین) بووە .

کەهەر لەڕۆژی یەکەمی جەنگی ڕەوامانەوە بەو پەڕی دانایی‌و بەشێوەیەکی ورد وەکو ڕابەرێکی دڵسۆز توانی وەکو ئەندازیارێکی سەربازی بەتوانا ڕابەرایەتی جەنگ بکا، جگەلەوە سەرکردەی گەل بەوپەڕی تواناوە ئامۆژگاری‌و ڕاسپاردەی بەجێی پێشکەش کرد .

ئامادەبونی لەزۆربەی سەرکەوتنەکانماندا بووە هۆیەکی گەورە کە جەنگاوەری عێراق بە ورەیەکی بەرزەوە بچێتە بەرەکانی جەنگ، چونکە سەرکردە (سەدام حسین) خۆشی لەگەڵیاندا لەسەنگەردابوو، ڕاسپاردەکانی سەرەکی فەرماندە نەك تەنیا لەڕوی سەربازیەوە بوو، بەڵکو هەمیشە لەنزیکەوە ڕاستی ئەوەی بۆڕوون کردینەوە، کەعێراق لەپێناوی هەقدا شەڕ دەکاو لەسەر ئەو بنەرەتە جەنگاوەری عێراق چەك هەڵدەگرێ............. تادوای .

تێبینی :ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٢٢ لاپەرە ١١ .

جەژنی سوپا جەژنی سەرکەوتن

هەڵمەت محەمەد

جەنگاوەری ئەمڕۆی عێراق بەباوەڕ شەڕ دەکا، بۆیە لەهەموو هەنگاوێکیا سەرکەوتن تۆمار دەکات، سەرکردەی کاروانیش هاوڕێ (سەدام حسین)هەمیشە لەتەک جەنگاوەری بەجەرگی عێراق لەدروست کردنی سەرکەوتندا نەخشەی ئەندازیاری سەربازی کێشاوە، ئەمساڵیش کەیادی جەژنی سوپای هەموو گەل دەکەینەوە، دووبارە وێنەی ئەو جەنگاوەرە گەورەیە دەبینین کەچۆن بەخوێن قوربانی دەدات .

بۆیە لەجەژنەکەیدا هەموومان بەتێکڕا گۆرانی خۆشەویستی دەڵێین، چونکە سوپا مەدالیای سەرکەوتنمانە، ئاهەنگی جەژنی سوپای دلێر ئاهەنگی سەرکەوتنەبەسەر ئەو ڕژێمە بۆگەنەی ڕۆژ بەڕۆژ سوپاکەی بەرەو شپرزەبون دەچێتو ناتوانێت لە سەر چۆك بوەستێت، چونکە عێراق هەموو کات لەهەڵوێستی هێزەوە رادەوەستێو بەرپەرچی دلێرانە دەداتەوە و خەونی کورتە باڵاکانی ئێران دەپوکێنێتەوە، ئەو جەنگەی کە ئێران سەپاندی بەسەر سوپاکەماندا بەتەواوەتی ڕوونی کردەوە کە سوپاکەمان چەندە بەوئازایەو ڕووبەڕووی گێژەلولی زەردی ئێران بوەتەوە .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٢٢ ، لاپەرە ، ١١ .

گەلی کورد ملکەچ نابیّ

وریا دڵپاك

بۆئەوەی دەوری پیرۆزی خۆی لە داستانی قادسیەدا ببینیّ دوژمنانی عێراق گەلێکیان بەلاوە سەیربوکە بە کارەساتێکی گەورەیە کە کورد بچێتە ژێر سێبەری شۆڕشەوە، ئەو شۆڕشەی کەعێراقی خستە قۆناغی ترەوە و ژیانی ئاسودەی بۆکورد هێنایە دی.

ئەو شۆڕشەی کە گەلی کوردی لە زیلەت ڕزگارکرد، هەموو هۆیەکی حەسانەوەو پێشکەوتنی بۆ گەل کرد، ئەوانەی کەلەنزیکەوە گوێیان لەوتەی ئەمجارەی (سەدام حسین) ی ڕابەرو پێشەوا ڕاگرت، ئەگەر خۆیان هەڵنەخەڵەتێنن دەزانن ئەم عێراقە ئازیزە چ لوتکەیەکی بەرزە، چ ئەفسانەیەکە لەخۆشەویستی .

دەزانن ئەم عێراقە ئازیزە بەئاسانی هەڵناوەرێت، ئەوەتانیّ گەلی کورد بەباوەڕ لەپێناوی پاراستنی ئەم عێراقە چەك لەشانە بۆبەرەنگار بونەوەی پیلانەکانی دوژمن لەسەروی هەمووشیانەوە ڕەگەز پەرستە داخ لەدڵەکانی ئێران .

قوربانی دەدات، مل کەچ ناکا، گەلی کورد قوربانی دەدات بۆ پاراستنی عێراقی لوتکەو عێراقی هەمیشە ڕوو لەڕۆژی ئاسودەی .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦، ژمارە ٨٢٤ ، لاپەڕە ٢ .

لەبەر ڕوناکی وتەبەنرخەکەی سەرۆکی فەرماندە سەدام حسین دا نیشتیمان پەروەری لەنێوان ئەرك و مافدا

عەبدلا عەباس

ڕۆژی ١٩٨٦\١١\١٥ سەرکردەی گەلی عێراقی مەزن (سەدام حسین) لەکاتی بەخشینی نیشانەی ڕافیدەین و مەدالیای ئازایەتی بەدەستەیەك لەو پاڵەوانانەی تەقەلای نمونەیان دا لەهاوکاری کردنی هێزە چەکدارەکانماندا دژی دەست درێژی دوژمنی ئێران، وتەیەکی گرنگی ئاراستەکرد .

سەرەکی فەرماندە لەوتە بەنرخەکەیدا ڕوناکی دەخاتە سەر عێراقی مەزن، عێراقیەکان لەمانای هەرە ڕاستی نیشتیمان پەروەری گەیشتن بەیەکسانی هەڵسوکەوت کردنیان لەگەڵ ئەرکو مافەکانیاندا لەنیشتیمانە مەزنەکەیاندا کەعێراقە.

هەروەك سەرکردە لە وتەیەکی تری بەنرخیا دوپاتی کردەوە هیچ کەسێ هیچی بەسەرعێراقەوە نیەو نابێت ڕاسپاردەو ئامۆژگاریەکانی سەرکردەمان ڕاسپاردەو ئامۆژگاری حاکم نیە بۆگەلەکەی بەڵکو بیرکردنەوەو ئاراستەکردنە لەناو گەلەوە لەپێناو سودی هەرەبەرزی گەلدا کە پاراستنی سەربەرزیو سەربەخۆی گەلو نیشتیمانە، ئەم عێراقە نوێیەو عێراقی پەروەردەبوو لەبەر ڕوناکی ئەم بەها پیرۆزانەدا حەقی خۆیەتی ئەوپەری شانازی بەبیروباوەڕو ئازایەتی خۆیەوە بکات .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٢٥،لاپەرە٤ .

سوپای میللی و گیانی سەرکەوتن

خەسرۆ باپیر

ڕاستیەکی هەرە دیار ئەوەیە کە ئەو جەماوەرە بەباوەڕی هاتە ڕیزەکانی سوپای میللی ناتوانرێت لەناو بچێت، بەڵکو دەستێکی هێندە پۆڵاینە کەخەونی دوژمنان زیندەبەچاڵ دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین دامەزراندنی سوپای میللی لەگەڵ بارودۆخی تازەدا، بەتەواوەتی یەکتری گرتەوە .

کێ بێگومان باوەڕی مرۆڤی عێراقی تازەکردەوە بۆقوربانی دانو ئامادەکردنی بەو شێوەیەی کەسەردەمی ئێستا داخوازیەتی، بەڵام لەجەنگی (قادسیەی سەدام)ی پیرۆزدا ئەوەی شتێکی ڕونو ئاشکرایە کە سوپای میللی بەشدار بوو لەپاراستنی هێمنی باری ناوخۆیو بەرەکانی کوشتاردا بۆماوەی شەش ساڵ دەجەنگێتو لەزۆربەی سەرکەوتنەکاندا چیرۆکی پاڵەوانی تۆمار کردوە .

سوپای میللی بوارێکی لەبار بوو بۆهەموو عێراقیەکان کەدەوری خۆیان بینی لەبەشداری کردنی جەنگی (قادسیەی صدام)و گیانی سەرکەوتن، گەلەکەمان لەگەڵ تێکرای ئەرکی نیشتیمانیدا یەکتری گرتەوە لەوەستانی مەردانەو بەرەنگار بونەوەی نەخشەی دوژمن .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، لاپەرە ٦ . ژمارە ٨٢٧ .

بوکی شۆڕشەکان

ئەوزاد ڕەووف

ئەوەتا هەروەکو بینیمان لەیەکەم ڕۆژی لەدایك بوونی شۆرشی ١٧-٣٠ ی تەمموزی نەمردا دوژمنانی گەلەکەمان بەدەیان کۆسپو درکو داڵیان لەڕێگای شۆڕشدا چاند، بەڵام لەراستیدا شۆڕشو پاڵەوانانی بەعسو گەلی نەبەزی عێراق ئەوەی چەسپاندا کەلەهەموو پیلانو نیازی خراپیان بەهێزترەو هەرگیز دوژمنان ناتوانن خەونە نارەواو چەپەڵەکانیان بهێنە دی .

ئەوەتا ماوەی شەش ساڵە قارەمانانی قادسیەی دووەمو لەژێر ئاڵای هەڤاڵی دانا (سەدام حسین) ئەوپەڕی سەرکەوتن دروست دەکەنو لوتی دوژمنی شکاندوەو ئەوەی بەتەواوەتی دووپات کردۆتەوە کەهێزنیە لەسەرانسەری دنیادا بتوانێت خاکی پیرۆزی عێراق گلاو بکات .

پارتی بەعس بۆئەوە لەدایك بوە کە سەرکەوتن بۆگەلەکەمان بخولقێنێتو هەتاهەتایە بەسەربەرزی و سەرفرازیو بەکامەرانی بژیت، هەزار سڵاو بۆشۆڕشی هەشتی شوبات لەیادی لەدایك بونیدا، هەروەها بۆدەسکەوتەکانی بوکی شۆرشمان دەتوانین بڵێین ئێمە بەوپەڕی شانازیەوە دەتوانین باسی ئەوە بکەین کەشۆڕش لەنیشتیمانەکەماندا توانی دەوری نەتەوایەتی پێشرەوی ڕەسەن بگێرێت .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری : ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٢٧ ،لاپەرە ٨ .

بۆ جەژنی سوپای میللی

دڵشاد مەغدید

باوکم عومری حەفتاساڵە جەنگاوەرە
برام هێشتا مێر منداڵە لەسەنگەرە
دایکم کێکو کولیچەیان بۆدەنێرێ
رۆڵەکانی بەیەزدانی پاك ئەسپێرێ
ئێمە هەموو گەورەو بچوك جەنگاوەرین
لەرێی بەرزی نیشتیماندا گیان پەروەرین .

سوپای میللی

محەمەد سۆفی

بابە کەچەکت ئەکەیتە سەرشان
ڕوناکی ئەدەی بەناخی ژیان
ڕێی ئازادیمان بۆئەکەیتەوە
ڕۆژی ڕوناکمان بیرئەخەیتەوە
لەتەنگانەدا ئەبیتە چرا
بەهیمەتی تۆ مەشخەڵ هەڵئەکا .
لەریزی سوپا زۆر بەسەر بەرزی
هیوامان وایە هەرگیز نەبەزی

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ،ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٢٧ ، دوالاپەڕە .

عيراقا سەركەفتنى

عبيدلا حسن عەلى دۆسكى

نهۆ پيڤەهين زانابن
نەل ناڤ كولوزانابن
بەلاڤ بن هەمى درابن
دگەل دوژمنى دزانابن
بو (سەدامى)مەسۆزا دى
مەسوند خارى ب خوداى
ئەم بەرنادەين مللەتى خۆ
بو ئارمانجا مە داناى
خوێنى دەرژى وەك روبارا
گوه نادەينە چ زێمارا
دێ سەركەڤين سەرێت چيا
خوش كەين دلێ ولاتيا
ئەز دەرمان ناكەم برينا
دێ هەركەم هزرو تەخرينا
بێژم ميللەتێ من كانێ؟
بو عيراقێ ئەز وەكو دينا

تێبينى : ڕۆژنامەى هاوكارى ، سالى ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٢٨ ،لاپەرە ١١ .

عیراقا من

ئیبراهیم محەمەد عامر

قەد جهی خو
ئەم بەرنادەین بۆ دەجالا
ئا د ڤێرەدا
دزڤروکا ڤەژینیدا
ئازادی دێ هەتەکرین
بو شەهیدکی ولاتی
ئا د ڤیره دا
جانێ مەزنێ شەهیدی کی
ژ شەهیدێت قادسیێ
دکەت هاوارو دەبیژیت
ئەزی ئێکم
ژ شەهیدێك وەلاتێ خو
ئەو وەلات ژی
داخازا وێ سەرکەفتنه
ل سەر خوین مێژێت جیهانێ
ئومێدا وی هەر ئاشتی یه
ب سەرۆکایەتیا (هەڤال سەدامیه)
ئیتر سوپاس

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، سالّی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٢٨ ، لاپەرە ١٥ .

سەرۆکی قوماندار

سەفەر شەعبان یاسین

هۆ سەربازێت (قادسیا سەدامی)
تۆ بۆ دەسکەفیت شورشێ زێرڤانی
دژی خومەینیا دژی خۆش نێچیرەڤانی
هەڤال (سەدام)تو روناهیا ڤی وەلاتی
تەئینیا ناڤ ژینا مەشادی
تورۆژەك نوی لمە هەلهاتی
ئەم ژی خەلکی کوردستانێ
بو جەنگی و سەرکەفتنی
دگەل تەینە هەتا مردنێ
ئەم دێ رابین دژی ئیرانی
هێرشی بەینە سەر تەهرانێ
دابستین مافێ کوردستانێ

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، سالّی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٢٩، دوالاپەرە .

بەدڵو بەگیان لەگەڵ جەنگاوەرانی قادسیەداین

نەوزاد کاکە

عێراقیەکان بەردەوام بەدرێژای مێژوو ئێستاو لەپاشە ڕۆژدا بۆکارو فەرمانی قورس و گرنگو سەخت دەگەڕێن، ڕوبەڕوی شتی گرانو زەحمەت دەوەستن، بۆ سەرکەوتنی مەزنو نایابوگەورە، جالەبەر ئەمانە دەڵێین هەرگیز سەرکەوتنی ئاسانو هەرزانی لەهیچ شەڕێکدا وەدی نەهێناوە .

بەدرێژای شەری ڕەواماندا گشت جەنگو شەڕەکانی لەو چەشنانە بوونە کە مێژوو شانازی پێیانەوە بکاتو لەلاپەرە زێرینەکانی دا تۆماریان بکات، بگرە هەتا لەو شەڕە خێرایانەی کەسەرکەوتنی گەورەی لەماوەی چەند کاتژمێرێك دا وەدی هێناوە ڕووبەڕووی مانو نەمان بوونەتەوە .

ئێمەی عێراقیان ژیانمان لاخۆشەویستەو حەزمان لێیە بۆ خۆمانو بۆ ئەوانەی لەچواردەورماندا دەژین، بەڵام ڕەتی ئەم جۆرە شێوازانە دەکەینەوە کەدوژمنان بەچاوێکی سوکەوە سەیری گیانو خاکو کەرامەتمان بکەن .

ئێمە لەپێناوی ئەوەدا دەجەنگین بۆ ئەوەی هەمیشە سەر بەرز بین، سەرفراز بین، خاکمان لەچاو جنۆکان بپارێزینیو ئاڵای پیرۆزمان بەردەوام شەکاوە بێت، دەشزانین خۆبەخت کردنو شەهیدبوون لەپێناوی گەلو خاکو کەرامەتدا چ واتایەك دەبەخشێت، لەبەر ئەمانە جەنگاوەرانی قادسیەی دووەم لەماوەی شەشە ساڵی جەنگدا بەجوانترینو ڕەنگینترین شێوە بەرگری لەخاکی پیرۆزی خۆیان دەکەن .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٣٠ ، لاپەرە ٧ .

هەربژی بەسرەی جوان

هیوا عبدلقادر محەمەد

هۆ بەسرەی جوان
هەی سوار چاکە ئازاکە
شیری تۆڵەت هەربڵندەو هەربڵند
سەری ئەو خەڵەفاوانە
قوت دەکا
کەدەیانەوێ داگیرت بکەن
هۆ بەسرەی جوان
هەی بوکی خوارووی وڵات
خوشکی باکوری وڵات
هەی برشنگداری رۆژهەلاٌتو
رۆژئاوای عێراق
هەی کیژۆڵە رەش تاڵەکەی عێراق
هەی بەسرە
تۆ درکیو دەچەقیتە ناو چاوی دوژمنان
هەموو عێراق حەزی لێتەو خۆشی دەوێی
گۆرانیت بۆدەڵێن سوارچاکانی (سەدام حسین) لەهەولێرو سلێمانیو
میسانو نەجەف .

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٣٠ ، دوالاپەرە .

گەورەترین شەر لەباشوری عێراقدا

سەکینە مەنسور حسن

هەروەکو سەرەکی فەرماندە وقارەمانی عێراق (سەدام حسین) ووتی‌و فەرمووی کەئەگەر لەشەرەکانی تردا چەند نەفەرێکیان بەسەر شۆڕیەوە ڕایی کردبیّ ئەوا ئەمجارە ئەوەندەیشی بەچاوی خۆیان نابیین‌و ڕۆژگاریش ئەمە دەسەلمێنیّ، قسەکانی سەرۆکمان لەشوێنی خۆی بوو.

ئەمجارە نابیّ کەسیان بگەڕێنەوە کەواتە باشتر وایە بگەڕێنەوە لەرێبازی چەوتیان دەست هەلگرن لەدوژمنکاری یان، کە هەرگیز ملشکانی خۆیان‌و کاول بوونی ئێرانی تێدا یە .

بەتایبەتی پاش ئەو هەموو زیانانەی کەبەهێزە تێك شکاوەکەی گەیشت کە ژمارەی کوژراوەکانی چل و پێنج هەزار کەس بوون‌و سەدوو پەنجا هەزار بریندار، جگە لەچەك‌و ئامێرو فرۆکە هەزاران سلاّو بۆ سەرۆکی گەل هەڤاڵی رێگای خەبات‌و تێکۆشانمان قارەمانی میلەت (صدام حسین)و رۆڵە نەبەردەکانی بۆ ئەو سەرکەوتنانەی کەلەبەری فەیلەقی سیّ و حەوت وەدەستیان هێنا .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٣٤ ، لاپەرە ، ٢ .

عێراقی خۆشمێرن

عەلی محەمەد بەندی

ئەی خومەینی نە بسلمان
تەدەما ناڤو نیشان ......؟
هند هیڤیا دکی بەس هەربێت باران
خوینێ پاڤژ بکت ژ کولانێت تەهران
هندی تۆپو تەیارێت تەببینین
چ جارا ئەم خونا ترسینین
توپرسیار بکە کائەم کین
نێ ئەم کورێت قوماندار (سەدام)ین
ئەڤە سەرێ پێنج سالانە
شەری دکی لگەل عیراقیانە
تونابیژیت خوکوئەو بەلانە
هەر بکەڤین ناخون خومانە

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ . ژمارە ٨٣٥ ، پەرە ١٢ ،

سەرۆك‌و میلەت

بەدل محەمەد دۆسكی

گەر پەزێ بێ شڤان بیت
گەلو بەرهەم نابیت
گەمیا بێ کەمیڤان
برا دێ هەر وەرگەربێت
لەشکەر بێ سەرۆك بیت
پاشکەفتن باراوی بیت
سەرەك كی یەو
دێ كی بیت
هەلگری ئالاڤی میللەت بیت
خەباتکەروَ شورشگیر بیت
سەرەکی من ئالاَ میللەتی بهەژینە
لسەرێ قاچیا هەر بچەقینە
ئەم هەڤالیت لەکوری میللەتینە
كلو دەردا تووو بمرینە
.... تادوای

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ، سالی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٣٨ ، لاپەرە ، ١٠ .

بەند کردنی نرخی نەوت کارناکاتە سەر ئابوری عێراق

نەوزاد هەڵەبجەیی

ئابوری عێراق گەلێ بەهێزو گەلی عێراق ڕاستی بارو دۆخەکە دەزانێتو بەگوێرەی ئەم رادەیەو بەرزتریش رەفتار دەکات بەرەنگاری پیلانەکانیان دەبێتەوە، ئەوەش باش دەزانێت کەوا باری ئابوری و بەهێزکردنی هەرگیز گرنگیەتی لە گرنگیەتی لایەنی سوپای کەمترنیە، بەتایبەتی لەشکرێکی دوور و درێژو گەلێ ولاّتان تیایدا بەشداری دەکات و یارمەتی دوژمن دەدەن .

هەروەها عێراقیەکان ئێستا بەچەشنێك کاردەکەنو چالاکی خۆیان دەنوێنن کەهەرگیز بەو چەشنە نیە کەدوژمنان پیلانیان بۆدادەنێن، عێراقیەکان لەژێر سایەی سەرکردەی دانا هەڤاڵ (سەدام حسین) لەقاوغی کۆنو لاسایی کردنەوە تێپەڕی .

بوونو لەهەرحالەتێکدا بەچەشنێکی نوێو بەرەفتاری شیاو گونجاو دەجولێن کەپشتی دوژمن پێی دەشکێننو سەرکەوتن وەدی دەهێنن .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، سالّی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٤٠ ، لاپەرە ٦.

گفتوگۆیەك

عەبدلاّ سالّح شارباژێری

پێشکەشە بەشەهیدانی نیشتیمان
شەهیدانی رەوتی عێراقی مەزن .
لەناو سەنگەرێ
دیم کەللەسەرێ
خوێنی سور بەخوڕ
دەهاتە دەرێ
ئەوەندە جوانبو
ئەو کەللەسەرە
کەنەخشێنرابوو
بەو خوێنە تەڕە
وەك گولاّلە سورە
ئەدرەوشایەوە
کاتێ بەپەلە
چوم بەلایەوە
سلاوم لێکرد
بەزمانی خۆی
سەری کرنوشم
زوو دانەواند بۆی............ تادوای

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ، سالّی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٤٠ ، لاپەرە ٧ .

تەمموزی بەخشندە .. تەمموزی سەرکەوتن

ئاریان هەورامانی

شۆرشی تەممووزو سەرکردە قارەمانەکەی هەڤاڵ (سەدام حسین) گەلەکەمانیان لەچاوچنۆکەکان ڕزگارکردو سەربەرزیمان بۆ مایەوە و دوژمن نائومێد بوو لەمەرامو ئارەزوی نابەجێو نامرۆڤایەتی دا .

شۆڕشی تەمموز خاوەن ئازارو خۆماڵی کردنی نەوتو خوێندن بەئیجباریو سەدان دەسکەوتی ترە چرای ئازادیو خۆشبەختیو کەرامەت بۆگەلەکەمانی هەلگرتوە و بەردەوام نیشتیمانەکەمان لەسایەی دا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر پێشدەکەویێو هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێتو ڕیگای سەختی ژیان شەقارو لەت لەت دەکات .

بەدوژمنان دەڵێین با ئەوەیان بیرکەوێتەوە کەوا تیشکی خۆر بەبێژەنگ ناگیرێ، سلاو بۆقارەمانی گەل (سەدام حسین) لەجەژنەکانی تەممووزدا سلاو بۆجەنگاوەرانی قادسیەی دووەم کەئێستاو هەر لەم کاتەدا بەدەیان لەسوپاو ئالەتی دوژمن گۆڕدەکەن، سلاو بۆشەهیدانی نیشتیمان کەوا گیانی شیرینی خۆیان لەپێناوی خاکو شۆڕشدا پێشکەش کرد .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکای ، ساڵی ١٩٨٦ ، لاپەرە ١١، ژمارە ٨٤٨ .

بەبۆنەی هەفتەی (قادسیەی سەدام)

بۆدەجال خومەینی

مەسعود سالح ئامێدی

هۆزان ڤانم شورەشڤانم
بۆ عێراقی بەرەڤانم
ئەز لەشکرەم ئەڤە هاتم
خودان ئاخم نەبێ وارم
من نەڤێت ترس من
نەڤێت برس
من نەڤێت عەجەم نەڤێت فارس
کاتەناهی ئەی خومەینی
ژیان خوشە تورزورداری
ئەز فوراتم رۆژهەلاتی
دیجامەئەز ژوودا
هاتم
ئەز وەک هەیڤم قەد
نارەڤم
ئەز نوی روژم نەرەش
شەڤم

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٥٦ ، لاپەرە ٨ .

عیراقا سەرکەفتی

حازم شەوکەت

عیراقا من واریَ نەمرا
سەریَ خوبلندکە لەناڤ دوژمنا
تویىَ ولاتیَ خەباتکەرا

بو وەیە سەرکەفتن گەلێ دلێرا
بکەن خەباتیَ دگەل شورەشگێرا
دیَ بسەرکەڤین سەرنەیارا
دیَ پارێزیم ئاخا پیرۆز
عیراقی مە ئەزم دلسۆز
بو خومەینی ئەزم جەرگسوز
چەپەریت دووژمنا بکەنە گورر
خوپەرێسا نەهێلن لژێرو ژورر
دیاری بۆ ولات خینا سوور
کوردوعەرەب ئێکن ب دلو ئەڤین
بسەرۆکاتیا هەڤال (سەدام حسین)
دیَ عێراقیَ پارێزن دژی خومەینی

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٥٦، لاپەرە ٨ .

تیشكێك لەسەر شۆڕشی ١٧ی تەمموز

ئەجدەت مجید

دوبارە شتێكی زۆر تەبیعیە كەشۆڕش بەقوڵی ڕەگ داكوتێ‌و خۆی بگرێت، بەڵگەی ئەم ڕەگ داكوتانە و ئەم خۆگرتنەش ئەوەیە كە شۆڕش زۆر ئازایانەو لێهاتوانە لەڕووی دوژمنان‌و پیلانەكانیاندا وەستاو بەربەرەكانی كردن، ئەو پیلانانەی كەهێزە دوژمنەكان ئیمپریالیزمی جیهانی‌و زایۆنیزو نۆكەرەكانیان لەناوچەكەدا پێی هەستا .

لەپێش هەمویانەوە ڕژێمی حافز ئەسەدو قەزافی كەیارمەتی‌و پشتگیری دوژمنانی عێراقیان كرد لەپیلان گێراندا، ئەوەتە لەگەڵ ئەوەشدا پیلانەكان جۆراو جۆرو دڕندانە بوون شۆڕش توانی كەبەتوندی لە ڕوویاندا بوەستێ‌و بەرپەرچیان بداتەوە، ئازایەتی‌و مەردایەتیش لەم بەرپەرچەدانەوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆسەركردایەتی سەرۆكی فەرماندە (سەدام حسین) و دەگەڕێتەوە بۆ زیرەكی‌و لێهاتووی‌و وریایی‌و دووربینی ئەو .

دوا پیلانی دژی عێراقمان ئەو شەڕە دوژمنانە بوو كەرژێمی خومەینی دژی ولاتەكەمان هەڵگیرساندو عیراقیە مەردەكان ڕوو بەڕووی وەستان‌و پەكیان خست، ئەوەتە لەگەڵ ئەوەشدا كە زیاتر لە شەش ساڵ بەسەر ئەم شەڕەدا تێپەڕی كەچی گەلی عێراق زیاتر بەهێزەو باشتردەست لەدوژمن دەوەشێنێ‌و ڕۆژ بەڕۆژ شێوەی تازەو دیاری بەكار دێنێ بۆ لێدانی دوژمن و پەك خستنی .

تێبینی :ڕۆژنامەی هاوكاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٥٧،لاپەرە ٤ .

عیراق وەلاتێ منە

دیاری بۆلەشکری مەیێ قەهرەمان

مقداد مەردان دێرگژنیکی

وەلاتێ من
عیراقا رەنگین
وارێ ئەز لێ خودانییم
و مازنییم
چما دێ هێلم
ئەڤرو دوژمن
ل سەر بژیت
عیراقا من
جهێ شێرا
زێرەڤانیم
خرسنورا
ڤیرا ڤیرا
دێ توخوبێ خرێ
کەم خوین
داگەل ب تەسەریەست
بژین ....تادوای

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٥٧ ، لاپەرە ٧.

بهەلكەفتنا هەفتیا (قادسیا سەدام)

ئاخ و خوێن

ئیحسان نعمان

مەزن بو زارۆكا نەبنە قوربان
هەمی نەگرێدەن ئێك سوزو پەیمان
دێ چاوا دورێت مەرەڤن كۆڤان
ئێ گەلو
خوینا من نە ئاڤەكو بچیت بەلاش
نەخێ دێیێ
شین ببین ئەڤ دارو تەراش
دێ .... ببتە ئاڤ وپێ شول كەن هەمی ئاش
داخەمین دلێ من بهێرن باش
دێ خوینێ و ئاخێ تێكدا شێلین
ناڤو نیشانێت تە پێ نڤیسین
داتەل تەڤ جیهانێ بدەیتە نیاسین
كو ئەم عیراقینەو ناترسین

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوكاری : ساڵی ١٩٨٦، ژمارە ٨٦٠ ، لاپەرە ٨.

لەشکەرێ سەرکەفتنا

بهلکەفتنا (قادسیا سەدام)

حەمەد ئوسمانا

وەلات پێکەڤەبو لەشکەر
توخیب هەمی کر چەپەر
دوژمن دورئێخست بشەر
ژین ل وان کر کەسەر
کورێت عێراقیێ شێرن
زەندوپێلاو تبل کێرن
مەژی لخومەینی دهێرن
بلا بێن گەر ب وێرن
لەشکەرێ ئازادیێ
لەشکەرێ سەربەستێی
بۆمە سازکە سەرکەفتنێ
تەناهێی‌و ئاشتیێ
سەرکەفتنێ چێکەئەی لەشکەر
خۆژ بن زولمی بینەدەر
بەسە نەبن دەر بەدەر
روناهیی بیخە دەڤەر

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٦٠ ، لاپەرە ٨.

من پسیارکر

پشکێشه بو لەشکەری عیراقیٚ یێ قارەمان

نەسرەدین هادی

من پسیارکر
هو چیاوو
بو چی دارێن تە خرش بوینە
بەری نادەن
بۆشکەفتێن تە
بێ دەنگ بوینە
دەنگ ڤەنادەن
عەورێ ل هنداڤی سەرێتە
یێ تاری بوی
باراناوی نابەریتن
برپیسێن وی لدور گەلیا
شەوقێ نادەن
ئەرێ ماهوین لقێریا نادەن
وی گۆتە من
.... تادوای

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری . سالی ١٩٨٦ ، ژمارە ٨٦٠ ، لاپەرە ٨ .

تاقمە حوكمرانەكانی تاران‌و
پاشگەزبونەوە پووپەشانەو ترسنۆكانە .

عبدلكريم عەبدلاَ

ئێستاش دەڵێن گوایە ئەم ساڵ ساڵی بەیەك لادا كەوتنی جەنگ دەبو، كەچی سەركردایەتی سەرۆكی تێكۆشەر (سەدام حسین) خوابیپارێزێت بەیەك لادا كەوتنەی جەنگی بەبەرژەوەندی عێراقی عەرەبی‌و ئیسلامی كەوتەوەو هێزی زەمینی‌و ئاسمانی‌و دەریایمان دامودەزگاكانی دوژمنیان بۆردوومان كردو گڕیان تێبەردا .

سەركردەی تێكۆشەر (سەدام حسین) خوابیپارێزێت فەرماندەی گەل‌و سوپا دەكات‌و قارەمانی ئەو لەخۆ بەرگری كردنەیە، هەموو جیهانیش ئاگاداری ئەوەن كەئەوان دەیانگوت ئەم شالاَوە دوا شالاَو دەبێت، كەچی بیست‌و دووجار هێرشیان كرد هەرجارەی ئەوەندەی پێشوتر زیانیان لێدەكەوت بەریسوایی دەشكان‌و دەكەوتن‌و ئەنجام ریسوا بوون‌و درۆیان دەركەوت .

ئەم قسانەشیان هەموو پوچ بونەوە كە گوایا ئەم ساڵ ساڵی بەیەك لادانە كەوتنی جەنگ دەبێت، بەدەستی ئەوان چونكە ئەو قسەیان هیچ بنەمایەكی نەبوو، دەیانەوێت گەلەكانی ئێران بەو چەشنە بخەڵەتێنن .

بۆیە ئێمە هێشتا بەرەنگاریان دەبینەوە وەك سەرۆكی تێكۆشەر (سەدام حسین)ووتی: لەبەرەی جەنگدا كۆتایی بەجەنگ دەهێنرێت‌و خودا یارمەتیمان دەدات سەركەوتنیش هەربۆ ئێمەیە .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوكاری . ساڵی ١٩٨٦ . ژمارە ٨٦١، لاپەرە ٥.

بۆ سەرکردە

ئەنوەر ئەمجەد دەرگەڵە

لەمناڵەوە تاپیر
لەدەشتای بۆبیابان
خۆشیان ئەوێ ی بەقەت چاوان
هەموو بەتۆوە ئەنازن
یەک یەک گۆرانیت بۆدەڵێن
تۆهەرسەرکردەیەک نی
تۆ بوونمانی
تۆ ناسنامەی
تۆ هەموو عێراقی گەورەی
تۆئێمەیتو
ئێمەش قوربانی گەورە
شیو نیە
بگاتە خۆشەویستی تۆ
بگاتە گەورەی تۆ
بالآت بەرزە
خۆزگەت مەزن .
..............تاد

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری . ساڵی ١٩٨٦، ژمارە ٨٦٥،لاپەرە ٦.

سیٚ دەنگ بۆ شەهیدی

ئسماعیل زاخۆیی

نیٚ هوزانا دگەل خود ئینیٚ
لیرکی دا تود ڤەهینیٚ
بو سەرۆکی تۆ دڤەهینیٚ
بۆ(سەدام)ی تۆ دڤەهینیٚ
ئەی شەهید تو ساخی تو چ جا
نامری
ستێرەك گەشی ل عەسمانا نا
ڤەمری
عێراق ئاڤابی بخوینا ئە
گولو ریحانا دیٚ چینم لدووریٚ تە
دیٚ شین بن دیٚ هەر خەملت
بخوینا تە
لسەر بەلکیٚ وان گولا گەشە
ناڤیتە .
.... ماویەتی .

تیبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری .سالّی ١٩٨٦ . ژمارە ٨٧٠. لاپەرە ١٠.

(سەدام حسين)لەدڵماندا دەژى

سۆران سيروان

عێراقی خۆشەویست عێراقی سەرکردەی (سەدام حسین) لەسایەی سەرکردەی لێهاتوو دا سەرۆکی تێکۆشەر فەرماندە (سەدام حسین) لەوپەڕی بەختیاریو شادومانی و ئاسودەیدا دەژی، چونکە وەك لای هەموو جیهان ئاشکرایە سەرۆکی بەڕێز بەپاڵەوانانی ئاشتیو سەرکەوتنو بنیات نان لەجیهاندا ناسراوە .

لەسایەی باوەڕی پیرۆزیدا عێراق لەماوەیەکی کەمدا گەیاندەوە بەڕێزی زۆر لەو وڵاتانەی جیهانو هەرلەشاری فاویی سەرکەوتنەوە تاکو خاکی زاخۆی خۆشەویست، مۆرکی عێراقی نوێی پێوەدیارەو لەهەموو ڕویەکی ژیانەوە هەنگاوی خێرای ناوە بۆپێشەوە، بۆیە گەر ئەم سەردەمە بەسەردەمی عێراقی زێڕینی سەرکردە (سەدام حسین) ناوی ببەین دەگونجێت .

ئەوەتا هەرلەمنداڵو ئافرەتو لاو پیرەوە لەعێراقدا بەیەك دەنگ هاواردەکەنو دەڵێن بەڵێ بەڵێ تۆمان دەوێ ئەی سەرکردەی تێکۆشەرو ڕزگار کەری عێراقو قارەمانی سەردەم، بۆیە ئێمە ڕای دەگەیەنین نەك هەر ماڵو قوتابخانەو دەزگاو دیوارەکان وێنەی خۆشەویستیمان هەڵدەواسین بەڵکو وێنەیەکی دیش لەناو دڵماندا جێگەی هەیە .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٩٠، ژمارە ١٢٠٥ ، لاپەرە ٤.

عێراقی ئەمڕۆ

ڕزگار محەمەد

ئەم هەڵوێستەی عێراق کەسەرکردەی خۆشەویستمان (سەدام حسین) ڕەمزی شکۆمەندی عێراق سەرکردایەتی دەکات کارێکی مرۆڤایەتی ڕەسەنەو هەروەها خاوەن دووربینیەکی شارستانی قوڵەو ئەمەش بوەتە هۆی بەشدار بوونی جەماوەری پان و بەرین کە هەموو لایەکی نیشتیمانی عەرەبیو جیهانی ئیسلامیو هەموو جیهاندا لەگەڵ خێرخواز شان بەشانی دژی ئەو پیلانەی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم بوەستن .

هەموو ئازادی خوازانی نەتەوە هەرگیز سەربۆ دوژمنان نانەوێنو هەرگیز نابنە داردەستی چڵکاو خۆرانو ئاغاکانیان و مێژووی پڕشکۆمەندیو لاپەڕەی پڕشنگداری تێکۆشەرانی ئاسیاویان وا هەمیشە لەترۆپکدایەو سەرکەوتنیش هەربۆ ئێمەیە .

هەرچەندە دوژمنیش هەوڵبدات ئازاری عێراق بداتو ئابلوقەی ئابوری بدات هەرگیز کار لەڕووی بەرزی عێراق ناکاتو مێژوو قەت ڕەحم لە خۆفرۆشان ناکاتو ئێمەش ڕۆژ بەڕۆژ بەدوای بڕوامان بەسەر کەوتن بەهێز دەبێت .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٩٠، ژمارە ١٢٠٥، لاپەرە ٤.

دەستوورو بەڵێنی سەرکردە .

کاوە فاتح جەباری

هەروەکو سەرکردە بەڵێنی بەگەلەکەی دابوو کەئەمە هەڵسوکەوتی شۆڕش بوە لەگەڵ ڕۆڵەکانیدا، گفتوگۆی سەرکردایەتی حیزبو لەمەڕ دەستوورەوە کۆتایی پێهاتو پەخش بوو بڵاو کرایەوە .
تاوەکو لەبەر دەستی هەموو عێراقیەکان بێت بۆ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە و بیروڕا دەربڕین دەستوور بەهەنگاوێکی پێشکەوتو و دەسکەوتێکی مەزن دەژمێرێت، شۆڕشی ١٧-٣٠ی مەزنی تەمموز دوپاتی مەسەلەی دیموکراتی کردوەو بەهەنگاوێکی سەرەکی لە قەڵەمی داوە بۆبنیات نانی کۆمەڵگەی نوێو مرۆڤ ئەم کۆمەڵگایەو زیاد کردنی بەشداریەکانی لەبنیات نانو پەرەپێدانیو بەگەڕخستنی وزەو داهێنانەکانی .
گومانیشی تێدانیە لێکۆڵینەوەی جەماوەری دەربارەی دەستوور دوای تەواوبونی لێکۆڵینەوەکانی ترلەسەر ئاستی سەرکردایەتیو ئەنجومەنی وەزیرانو هەروەهایش ئەنجومەنی نیشتیمانی و یاسادانانو ڕێکخراوەمیللیو جەماوەریەکان بەشداری لەخەملاندنو چەسپاندنیەوە دەکات..........هتد.

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٩٠، ژمارە ١٢٠٥، لاپەرە ٤ .

عێراقی کوردو عەرەب
عێراقی هەڵوێستو جوامێری

شەهاب عوسمان

لەبەڵگەنامەکانی (ئۆکس پایکدا) پەردە لادانێك بوو لەڕوی ویستو نیازە گڵاوەکانی ئەمریکادا بەرانبەر بەگەلی کورد، هەموو ئەمانەو دەیانی تر لەپیلان بۆ دەستبەسەراگرتنی عەقڵیەتی ئینسانی کوردو تێکدانی حەسانەوەو ئارامیو ئامێزی ئۆتۆنۆمی ودابڕانی گەلەکەمان لە (سەدام حسین)مایە پوچ دەرچوو .

چونکە شاری سلێمانی گەورەترە لەمەسەلەکانی ڕاگەیاندن بەهەستو سۆزێکی بێوێنەوە ڕژانە سەر شەقامەکانو دەنگی ناڕەزایەتی دژی ئەمریکاو بەریتانیاو سەهیۆنیزم دەربڕیو ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆچەك هەڵگرتن لەدژی هەموو ئەو پیلانانەی کە دەکرێتە سەر عێراق .

هەڵچونی شۆڕشگێڕانە ئاوێتەبو بەجوامێریو بیری وردە تێڕوانینی دڵسۆزانەی سەرکردە (سەدام حسین)، دوور لەهەموو مەسەلەیەکی پڕو پاگەندە وخۆدەرخستنێك لەبەردەم ئاژانسەکانو ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەڵێ کۆبونەوەی شەممەی ڕابردوو کۆمەڵانی خەڵکی سلێمانی و ڕۆڵە قارەمانەکانی هەرلەو سەدانو سەدان کەسەوە کەچەکی سوپای میللی کردبوە شانیو لەڕەوتی شۆڕش گێڕانەو ڕێ ڕۆیشتنی سەربازیانەیدا بەرجەستەی هێزو توانای عێراقی سەرکەشیانن دەرخست........

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری . ساڵی ۱۹۹۰ ، ژمارە ۱۲۱۰، لاپەڕە ۲.

ئەمریکاو قوبلا شەریف

ئبراهیم عەلی هاجانی

ژ عێراقی عێراقی هاریکاریا شۆرشوان کریکەن پشتی چەند رۆژا ژ شۆرشی حکومەتا کوێتێ یا سەربەخۆ داخاز کر ژ عێراقێ کوێت وعێراق بیت بارژێرەك ژ بارژێریت عێراقێ هەروەسا عێراقێ ژی بسەرۆکایەتیا قوماندار (سەدام حسین) خودێ بهیلێت ل هەشت تەباخێ بریارا حکومەتا کوێتێ قەبیل کردو قوماندار یا شورشێ بریاردا کوێت و عێراق ببن بەیەك .

کوێت ژ ڤێری جارەکا بۆ عێراق چ مفا نەکربۆ رەڤدەکا ئەلسباح و چەپەل فەهدو مبارەك نوکەرێت ئەمریکاو زایۆنین رابین داخاز ژ ئەمریکا و ئینگلیزا کرد هێزێت وانبێن د جەزیرا عەرەبیا داو دەستێ خوەدان سەربرێت نەفتیو کورسیکا چ یەك مەلیك فەهدی بپارێزیت .

ژ ئێرشێت عێراقێ خوە بکێشنو ژ کوێتێ و جارەکا دی رەڤدەکا ئەلسباح بزڤرنەڤەو نوکەر بکەیفا خوە بکەڤن ددەڤەرا خەلیجی وەکی بەری عەرەب ببن خولاڤێت ئیمپریالیزم. ئەڤە هەمی بنانەهیا خودێ مغاناکەن بووانەو عێراق بگورێت ڤەبین مێرخاسێ و ژێرەك دێ سەرێ و نا شورکەنو دێ شەرمەزاری ژ ڤرن بۆ بنگەهێن خوە بدل شکەستیو روی رەش .

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٩٠ ، ژمارە ١٢١٠، لاپەرە ٦.

عێراقیەکان شێری ئیمامی عەلیان لە دەستە

گۆڕەز ڕەواندوزی

بەڵام عێراقیەکان بەکوردو عەرەبەوە دەست لەنێو دەست لەژێر ئاڵای شێری زەمان (سەدام حسێن) هەرلەزاخۆوە تاسەر کەنار دەریاکانی شارەکانی ئەل نداو عبدەلی تادوا تنۆکی خۆیان بەرگری لەو خاکە ئەکەنو نوکی خەنجەر و شیرەکانیان ئەچەقێنە بیل بیلەی چاوی چاوجنۆکان .

وەهەرگیز بەوە ڕازی نابن خاکی پیرۆزی پیاو چاکان بکەن بەقاوەخانەی خۆیانو بەپۆستاڵی ڕەشی خۆیان بیشێلن، وەسەلماندوشیانە کەئێمە نەوەی پاڵەوانانی وەك سەعدو خالیدو سەلاحەدینی ئەیوبین، وە چۆکمان بەرانبەر هیچ هەڕەشەو گوڕەشەیەك دانانێینو سەنگەری مەردایەتیمان بەرنادەین .

مێژووش نکۆڵی لەوەناکات کە کوێتو شارەکانی بەشێکن لەخاکی عێراقو لێی جیانابنەوە، چونکە پاش کشانەوەی لەشکری هۆلاکۆی بەریتانیا لەساڵانی کۆن باری عێراق لەشڵەژانادبوو، کۆنەپەرستان هەرخەریکی کورسی قایم کردنی خۆیان بوون بۆیە ئیمپریالیزمی ئەمریکاش بەدڕنەدانی خۆیەوە ئەو تاقمەبەکرێ گیراوەی ئەلسەباحی خستە سەر کورسی .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٩٠ ، ژمارە ١٢١٠ ، لاپەرە ٦.

ئێمە وڵات پارێزین

عەلی ئەمین بەرزنجی

ناترسین لەبکوژان
رائەوەستین دژی وان
بۆبەرگری لەم خاکە
خوێن بەخشینمان لاچاکە
ترس نیە لەدەسەڵاتیان
هەرچۆن بێت بەسەر هاتیان
ئێمە وڵات پارێزین
دژی گشت دەست درێژین
(سەدام)سەرکردەمانە
دژی داگیر کەرانە
هەموومان پشتی ئەوین
دژی زوڵمی سەرزەوین
پشت ئەستورین بەخۆمان
کۆڵنەدەرین بۆژیان

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٩٠، ژمارە ١٢١٠، دوالاپەرە .

عێراقا نویٚ

محەمەد ساڵح شەرەفانی

ئەم کوریتڤی ولاتی نە
عیراقا نویٚ بومە ژینە
لەشکەرو خائینا بهەرشینە
عێراق مە تێکدا مێرکو کانینە
گولو نێرگزو بنەفشەوبەیبەنە
سەرۆك (سەدام)تۆئالآیە بهەژینە
(سەدام) تو روناهیا ولآتی
تو رۆژەك نویٚ لمە هەلاتی
دگەل دوژمنا تو ئاڤاتی
کوردو عەرەب ئەڤ بەئێکانیٚ
دیٚ عیراقی کەن ڕوناهی
کویتا مە زفری ب شاهی
وان جەنگا چەپەل لسەرمە هەلگرە
نەزانی ئیکا تیا عێراقی وەك کەفر
دیٚ توخیبی تێکدا کەیە ئاگر .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٩٠. ژمارە ١٢١٠. دوالاپەڕە .

بۆ شۆڕشگێڕە ئازادی خوازەکانی کوەیت
گەلی عێراق پشتیوانتانە

محەمەد دڵسۆز

بەرپابونی شۆڕشی کوێت کارێکی ناوخۆییو یارمەتی عێراقیش بۆ رۆڵە بەشەرەفەکانی کوێت ئەرکێکی نەتەوەیی بووە، ئیتر پێویست بەو گرمە گرمو پرتەو بۆڵەیە ناکاتو ئەوانەی بەرژەوەندی ئەو جۆرە رژێمانەیان دەپاراست دەبێت زۆرباش ئەوە بزانن ئەمرۆ سەدەی سەربەستییەو دەبێت قوتی گەل بۆگەل بێتو خۆی سەرکردەی خۆی بکاتو ئیتر باوی ورگ زلەکانو گیرفان پڕەکان نەماوەو لەو لایەنەشەوە هەموو گەلانی دنیا پشتیوانی یەکتری دەکەن.

ئەمڕۆش عێراق پڕبەهەموو دەنگی دلێری دووپاتی دەکاتەوە کە هەمیشە ئامادەیە بۆ پاراستنی مافی نەتەوەی عەرەبو لەو پێناوەشدا هەموو توانای دەخاتەکار و ئەوەش بیروڕای هەموو گەلو سەرکردەی خۆشەویست (سەدام حسین)ە خوابیپارێزێت .

ئەو کاتەی ئازادی خوازانی کوێت راپەرینو بۆهەتاهەتایە سەرانی ئالسباح لەکوێت کرانە دەرەوە ، لەسەر داوای ئەو رۆڵە شۆرشگێرانەی کوێت سوپای عێراق بەهانایانەوە چوو، وەکو پێویستیەکی نەتەوەی‌و پشتگیری تەواوی پیشانداو ئێستاش پاش پێکهێنانی حکومەتی سەربەخۆی کوێت عێراق پشتگیری خۆی پیشاندەدات بۆهەموو یارمەتیەك هەتاوەکوو لایەك بتوانن خزمەتی هەردوو گەلی کوێتو عێراق بکەن .

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٩٠، ژمارە ١٢٠٢، لاپەرە ٢.

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێت و چاودێری بکات

محسن تاهیر بەرزنجی

بەناوی ڕۆشنبیرانی کورد، ئەندامانی کۆمەڵەکەمان پیرۆزبای لەگیانی سوارچاک و هەڵوێستە پاڵەوانەکانی خودی بەڕێزتان دەکەین، کاتێک کەبڕیارتان دابوو پشتگیری کردنی شۆڕشی ئازادی خوازانی کوێت دژی تاقمە نۆکەرەکەی فەرمان ڕەواکانی کوێت کەخێرو بێرو سامانی کوێتیان دزی و خزمەتی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیەکانیان کرد .

ئەی سەرکردە لێوەشاوە بەڵێنتان دەدەینێ کەهەمیشە سەربازی وەفادار بین و خۆمان و گیانمان بەخت بکەین لەپێناوی خزمەتکردنی ڕەوتی شۆڕشە مەزنەکەمان و تێکشکاندنی هەموو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و پرۆژەی پرۆژە تاوانبارەکانی کەدەرحەقی گەلەکەمان دەکەن، هەربژین و هەربژیت عێراق و شۆڕشی سەربەستی کوێت.

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٩٠، ژمارە ١٢٠٢ ، لاپەرە ١١.

حکومەتی شامیر حکومەتی جەنگە

عارف لەتیف

ئیسرائیل‌و دەربڕینی ڕق‌و کینە دژی عێراق ئەمانەش بۆمان دەرکەوت کە ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا چەند درۆو پروپاگەندە لەڕۆژنامەو گۆڤارە بەکرێگیراوەکانیا دژی عێراق‌و نەتەوەی عەرەب بلاو دەکاتەوە کە گوایا عەرەب دەیەوێ دژیان بجەنگێ .

بەمشێوەیە دەیانەوێت جەنگ بەرپابکەن‌و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەردەوام بن لە ئەشکەنجەدانی رۆڵەکانی فەلەستینی بێ تاوان‌و لێدانی خوارووی لبنان بەفڕۆکەو تۆپ هەموو جۆرە چەک‌و خۆئامادە کردن بۆ دەستدرێژیکردن دژی عێراقی سەربەست .

بەلام با بە خەتی رەش خۆیان تاقی بکەنەوە ئەم ولاتەش ولاتی (سەدام حسین)ە و قەت لەسەر شتی نارەوا چاویان لێك نانێن‌و بەهەموو هێزو تواناو چەکی کیمیاوی جووتەك وەلامیان دەدەینەوەو سەرکەوتنیش هەربۆ عێراقی نەتەوەی عەرەب دایە .

ئەو راستیەش ئاشکرایە کەبلاو بوون‌و دەستدرێژی بەلگەیەکی ڕوونە لەسیاسەتی زایۆنی بەلکو لەناخی ویژدانی زایۆنی ڕەگی کوتاوەو زەمینە خۆشکردنی سیاسی‌و دەروونی یە بۆ دەستدرێژی کردن .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، سالی ۱۹۹۰ . ژمارە ۱۱۹٦، لاپەرە ۲.

عێراقی یەکێتی و سەربڵندی

وەلی ئیسماعیل

دوپات کردنەوەی سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێ لەسەر ڕوخانی کاری جموجوڵی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لەناوچەکەدا بەرانبەر کاریگەری بریاری یەکێتی ئەمرۆ ئەمەش لەهەست کردن بەراستی دووربینی نەتەوەیی لەلایەن هەموو عەرەبیەك لەمەحیتەوە تاکو کەنداو ئەمەش بەروخاندنی وەهمێکی گەورەیە کە دوژمنانی نەتەوەی عەرەب نەخشەیان کێشابوو بەرانبەر کاریگەری عەرەبی نوێ و توانای لەهەڵبژاردنی ڕاستی نەتەوەو دووپاتکردنی ئامادەبوونی لەبوارەکانی جموجوڵی شارستانیەت و مرۆڤایەتیدا.

بەڵێ عێراقی ئەمرۆ لەهەموو رۆژەکانی ڕابردوو بەهێزترەو وەڵامدانەوەمان بۆ پیلانی دوژمن گەورەترە لەوەی کەبیری لێدەکەنەوەو سەرکەوتنیش هەمیشە بۆ مافە ڕەواکانە دژی هێزە شەڕ خوازەکان و ئیمپریالیزم و زایۆنیزمدا، و عێراقی (سەدام حسین)و لەگەڵیشدا هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوە ڕاستیەکی مێژووی تۆمار دەکەن و ئەوانەش کە درك بەراستی ناکەن پەشیمان لەسەرکردەوە ناپاکەکانیان دەبنەوە کاتێ گەل دەیانهەوێتە پشتی سنووری مێژوو ڕاستی و ڕابردوو.....هتد

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری . ساڵی ١٩٩٠ . ژمارە ١٢٠٢. لاپەرە ٢.

شۆڕشی تەممووز تواناو سەرکەوتن

نەوزاد قادر

گەلەکەمان ونەتەوەی عەرەب دڵخۆشیو شادی خۆیان بەم بۆنە مێژوویە پیرۆزە دەردەبڕنو ئاهەنگی شادیو سەرکەوتن دەگرنو ئەو ڕاستیە دەگەیەنن کەشۆڕش لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا بەجۆرەها ئەزمونی سەخت تێپەڕیوەو ئەنجامیش سەرکەوتنی وەدەس هێناوەو ڕەگی لەناو ژیانی جەماوەری گەلەکەمان کوتاوە .

جەماوەرێك کە لە دەوری شۆڕشو پێشڕەوە گەورەکەی فەرماندە (سەدام حسین) کۆبونەتەوەو بەرگری لەشکۆمەندیو سەربڵندی عێراق دەکەن دژی هەڕەشەو گوڕەشەو ئیمپریالیزمو زایۆنیزمی تاوانبار کەجۆرەها پیلانو کۆسپ دژی عێراقو پێشکەوتن دەگرن .

شۆڕشی ١٧–٣٠ی تەمموز بەسەرۆکایەتی بەڕێز سەرەکی فەرماندە (سەدام حسین) گۆڕانکاریەکی قوڵو فراوانی لەکۆمەڵی عێراقیدا کردوەو ئەمەش بەهەوڵو تەقەلایەکی بێ پایانو ژیرو بڕیاری نەبەز .

ئەمانەش توانای پەرچ دانەوەی هەموو پیلانەکانی دوژمنی هەیە کەدژی عێراق و نەتەوەی عەرەبی دەیکەنو توانای سەرکەوتن دوای سەرکەوتنمان هەیە، هەمووش بەتواناو هێزی سەرۆکی خۆشەویستمان کاك (سەدام حسین) خوابیپارێزێت وەدیهات .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٩٠. لاپەڕەی دواوە . ژمارە ١١٩٥.

پیشەسازی سەربازی بەشێکە لەسەرکەوتنی مەزنی عێراق

جەمال عەبدلاّ

جەکی عێراقیش بەلگە نامەیەکی دیارو گرنگە بۆ دەسەلاّتی پۆلاّینی عێراقیـەکانو هەموو بیروبـاوەڕێکی کۆنی لـەڕەگو ریشەوە دەرهێنـاو کەسـەبارەت بەمافـەکانی گـەلانی جیهـانی سـێهەم دەرکرابـوو، ئاسـتێکی بـەرزو گونجاویـان بـۆ ولاّتەکـەیان دروست کردو بەزانستو بیرو هۆشمەنـدی توانیـان لـەم سنورەش بدەنو هـەموو جۆرە چەكو تەقەمەنیەکی پێشکەوتوو دروست بکەن بۆ گەلێ کـە بـەرگری لـەخاكو بـوونی نەتەوەکـەی بکـات، تێکۆشــەرە پالّەوانەکـەی پیـشەسازی سـەربازی لـە وشەکانیدا هەمیشە ئـەوە دوپـات دەکەنـەوە کەسنوری پێشکەوتن لەبەردەمیانـدا کرایەوەو بەگوێرەی هیواو خواستی دەسەلاّتی گـەلی عێـراق کەپێشەوای مێـژووی (سـەدام حـسێن) خوابیپارێزێـت دروسـتی کـردوە خستیەتە قـەوارەی خواسـتو ئاواتەکانی گەلی عێراقەوە گەیشتە ئاستی ولاّتە پێشکەوتوەکانی جیهان .

بۆموشەکی دابران، بۆ قەزیفەی پێشکەوتوو، بۆنەو تۆپانەی کەتا ئێستا یەکـەم جارە لەجیهاندا دروست کراوە، دەسەلاّتی گـەلی عێـراق هـیچ بوارێك دانـراو بـەجێ نـاهێلێ لەبـەردەم خۆیـدا، تەنانـەت ئـەو چـەكو تەقەمەنیـەی بەپێشکەوتوانەش کەلەلایـەن ولاّتـە پێشکەوتوەکانەوە دروسـت کـراوە سـەربۆئەم گۆڕانکاریـە گرنگـە دادەنەوێنن .

تێبینی : دەبێت خوێنەر ئەوەبزانێت ئەم جەمال عەبدلاّ یـە جـەمال عەبـدولاّی ڕاوێـژکاری کاك عومەر فەتاح نیە، بەلّکو ناوەکانیـان لەیـەك دەچـێت ، رۆژنامـەی هاوکـاری . سـالّی ١٩٨٩، ژمارە ١٠٩٠، لاپەرە ٢.

داستانی ڕزگار کردن‌و بنیات نان

سەردار مستەفا

ئەنجامی ڕزگار کردنی شاری فاو شاری خۆبەخت کردن‌و دەروازەی سەرکەوتنی مەزن لەجەنگێکی داستانیدا بەجێی سەرسوڕمان بوو بۆپیاوە سیاسیی‌و سەربازیەکانی هەموو جیهان، چونکی یەکەمین هەنگاو بوو بۆ ڕزگار کردنی هەموو قولەکانی نیشتیمانی‌و فەرز کردنی ئاشتی بەسەر دوژمندا .

بۆیە شتێکی سروشتی‌و ئاساییە کەکاروباری دووبارە ئاوەدان کردنەوە و بنیات نانی ئەم شارە بەم ڕادەیە پێشکەوتوە بێن بگونجێ لەگەڵ نرخی مێژوویی کاری پاڵەوانیەتی جێ بەجێ کراو لەم ڕۆژگارەدا .

سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسێن) خوابیپارێزێت گرنگی نیشتیمانی ئەم هەڵمەتە گەورەیە بۆدووبارە ئاوەدان کردنەوەی شاری فاو دیاری کردو بەوەی کەڕزگار کردنی شاری فاو شاری خۆبەخت کردن‌و دەروازەی سەرکەوتن مەزن نیشانەیەکە ڕاستی تواناێ عەرەب لەقۆناغەکانی رزگارکردن‌و بنیات ناندا دیاری دەکات .

بۆیە و لەبەرگرنگی شەڕی فاو و لەبەر گرنگی ڕزگار کردنی ئەم شارە سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسێن) خوابیپارێزێت ناوی ئەم شارەی نا شاری خۆبەخت کردن و دەروازەی سەرکەوتنی مەزن .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری . ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١٠٩٢، لاپەرە ٢.

شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمموز

صەباح موسی عەلی

گەلی عێراق چەند سەدەیەك دوچاری نەبوون و کەساسی و بێ دەرامەتی بوبو، گەلی عێراق هیچ پێداویستیەکی ژیانی لەئارادانەبوو تەنانەت پارووە نانێکی بەئیسراحەت نەدەخوارد کاربەدەستان و دەسەلآت دارانی ئەوسای عێراق ئاوڕیان لەماف و بەرژەوەندی گەلی عێراق نەئەداوەو هەرخەمی سك تێرکردن و گیرفان پڕکردن و قازانج و بەرژەوەندی ئاغاکانیان بوون، کە شۆڕشی گەل شۆڕشی ١٧-٣٠ی گەلاوێژ بەسەرکردایەتی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب هاتە کایەوە.

سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشی و لەسەروویانەوە بەرێز سەرەکی فەرماندە (سەدام حسین)کەوتە خەم خواردن و بەتەنگەوە هاتنی ماف و بەرژەوەندی گەلی عیراق ئەوەبوو شۆڕشی ١٧-٣٠ی گەلاوێژ پاش ئەوەی بەردی بناغەی قایم کرد و هەموو هێزە کۆنەپەرستەکانی لەناوخۆی ولآت لەناوبردو دەستی بەبەر هێنانی ژیانێکی ئاسودەو کامەران بۆ رۆڵەکانی گەلمان.

چونکە سەرکردایەتی شۆڕش بەهۆی ئەو ئامانجانەی پێی تێپەڕی و بەهۆی شارەزایی بارو زروفی گەلی عێراق هەوڵی چاککردنی ئەو بارە ناهەموارەی دەدا، ئەوەبوو یەکەم هەنگاوی ڕاگەیاندنی بەیانامەی ١١ی ئازاری مێژوویی لەساڵی ١٩٧٠ و جێ بەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاند .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری . ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١٠٩٣، لاپەرە ٢.

تەمموزی سەرکەوتن و ئاشتی

سەعدی حسین رەشید

کۆنەپەرستانی ئێران بەهەموو شێوەیەك کۆمەکیان کردو یارمەتیان دا بۆ دەست درێژی کردنە سەر ئاوو خاکی عێراق، ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو جەنگە هەشت ساڵەیەدا کەئەو ڕژێمە بەرپای کرد دژی عێراقمان بۆ بەدی هێنانی خەون و خەیاڵی بۆگەنی خۆیان و ئیمپریالیزم و زایۆنیزم عێراق لوتیانی شکاندو سەرکەوتنێکی گەورەی بەدی هێنا و ئەویش بەڕابەری و لێهاتوویی فەرماندە نمونەییەکی سەرۆك (سەدام حسین) خوابیپارێزێت .

لەم ڕۆژانەدا کەیادی بیست و یەکەمین شۆڕش ١٧–٣٠ی تەمموز دەکەینەوە ئاهەنگی شادی و خۆش دەگێڕین، لەهەمان کاتدا ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕین و کەتوانیمان پاش هەشت ساڵ جەنگی بەردەوام بەسەر رژێمی ئێراندا سەرکەوین و وایان لێبکەین قایل بن بەبڕیاری ٥٩٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش دەوڵەتان و تەقە ڕابگرن .

ئێستاش ئاهەنگ گێڕان و شایی کردنمان لەدوو بۆنەی پیرۆز یەك دەگرنەوە یادوبیرەوەری شۆڕشە مەزنەکەمان شۆڕشی ١٧–٣٠ی تەمموزی نەمرو سەرکەوتنمان و گەڕانەوەی ئاشتی بۆ وڵاتمان .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری . ساڵی ١٩٨٩ . ژمارە ١٠٩٣ . لاپەرە ٢ .

سلاو ڕێزو خۆشەویستی بۆ سەرۆکی فەرماندە

(سەدام حسین)

نەشمیە وەندی

لەم ڕووەوە لەئەنجامی تێروانینی زانستیانەو مرۆڤانەی پارتی سەرکردەوە، ئەبوایە بهاریشتایە کەئەمەش چارەکردنی مەسەلەی کورد بوو، بەم جۆرەش کورد بەمافە ڕەواکانی خۆی شاد بو، ئەمەش کارێکی زۆری کردە سەر یەك بونی ئیرادەی گەلو قوڵکردنی یەکێتی نیشتیمانی .

شۆڕش دەستی بەجێ بەجێ کردنی شۆڕشی پەرەپێدان کرد، سەدان دەسکەوتی مەزنی لەهەموو ڕووەوە بەدی هێنا، ئەم دەسکەوتە مەزنانەش بوون وایان لە لایەنەکانی ئیمپریالیزمو هێزی کۆنەپەرست کرد ڕژێمی ئێرانی هاندا جەنگ بەسەر عێراقی شۆڕش بسەپێننو درێژەی پێبدات .

ئەوەبو پاش هەشت ساڵی جەنگ ڕژێمی ئێرانی بەزیو سەری بۆ ئیرادەی عێراق شۆڕ کرد و چاری ناچار بەئاشتی ڕازی بێت .

سلاوی ڕێزو خۆشەویستی بۆ بەڕێز سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) بەبۆنەی بیرەوەری بیستو یەکی شۆڕشی حەفدەی سی تەمموزی پیرۆزەوە .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری . ساڵی ١٩٨٩. ژمارە ١٠٩٤ .لاپەرە ٤.

ئاشتی ڕاستەقینە

ڕازاو حەمد

ئەو پەیوەندیە سروشتیەی کەدەبێ نێوان ئێران‌و ولآتانی عەرەب دا هەبێ پێش هەموو شتێ پێویستی بەبەردەوام بوونێکی ڕاست هەیە بۆکاروباری هێنانەدی ئاشتی نێوان عێراق‌و ئێران بەپێی بڕیاری ٥٩٨ و نەمانی شەڕو هۆیەکانی شەڕ.

سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێت لەووتەیەکی دا دوپاتی کردەوە کەوا ئێمە ئاشتی هیواو مەبەستمانە، ئاشتی جێ بەجێ دەکرێت چونکە گەلانی ئێران زانیان کەوا لەم شەڕەدا هیچیان دەست ناکەوێ هەروەها زانیان کەئاشتی خێرو بەرەکەتی تیایە.

هەروەها سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) ووتی ئەوەی دەیەوێ تیمار بکات نابێ ڕوو بکاتە شەڕ بەڵکو دەبێ ڕوو لەئاشتی بکات، ئێستاش لایەنی ئێرانی داواکارە کەوا باش لەم بارو دۆخەی ئێستا تێبگاو سود لەم بارەیەوە وەربگرێت بۆ باش کردنی پەیوەندی دواڕۆژی خۆی لەناوچەکەداو ڕووبکاتە دابین کردنی پێداویستیەکانی گەلی ئێران‌و بنیات نانی ئێران .

سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێت لەدوانە بەنرخەکانی دا ووتی ئێمە لەپەیوەندیماندا لەگەڵ ئێران دەمانەوێ هەریەکەو ڕێزی دەسەلآت داریەتی دەوڵەتی تر بگرین‌و دەست نەخاتە نێو کاروباری ناوخۆی ئەوی ترەوە .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری . ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١٠٨٨، لاپەرە ٢.

عێراق هەمیشە هەڵوێستێکی چەسپاوی هەیە بەرانبەر بەهێنانە دی ئاشتی

گولیزار هورمزیار

لەکاتێکا عێراق هەڵوێستی دڵسۆزانەی چەسپاوی بوە بەرانبەر بەهێنانەدی ئاشتیو هەرلەسەرەتای دەسپێکردنی جەنگەوە هەوڵو تەقەلای داوە بۆگەیشتن بەبڕیارێك بۆ ڕاگرتنی جەنگ. سەرۆکی تێکۆشەر(سەدام حسین) لەناو مێژویەکەی دا تێیدا ڕەزامەندی دڵسۆزانەی عێراقی دووپات کردەوە بۆ دەست پێکردنی وتووێژی راستەوخۆ، وەلآم دانەوەی هەموو هەولێکی ولآتانی بۆهێنانە دی ئاشتی جێ بەجێ کردنی بڕیاری پێنج سەدو نەوەدو هەشتی ئەنجومەنی ئاسایش دەوڵەتان کەڕژێمی ئێران هەر لەسەرەتای دەرچونیەوە بەرپەرچی دایەوە .

بەلآم عێراق هەڵوێستی چەسپاوی دیاری کردوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی بەڕێگەی ئاشتی، سەرۆکی تێکۆشەر دووپاتی کردەوە کەئێمە هەرگیز چاومان نەبڕیوەتە خاکی ئێران، بەلآم ماوەشی نادەین کەڕژێمی ئێران هەرگیز چاو ببڕێتە خاکەکەمانو بستێك لەخاکمان داگیر بکاتو بەردەوام هەوڵمان داوە بۆلێکۆڵینەوەی بارو دۆخی جەنگ .

سەرۆك (سەدام حسین) خوابیپارێزێت لەزۆر لەو بۆنانەدا دووپاتی کردەوە هەرلەسەرەتایی دوژمن کاری ئێران بۆسەر خاکەکەمان ....تادوای

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٩ ، ژمارە ١٠٤٥، لاپەرە ٢.

یادی لەدایك بوونی سەرکردەی قارەمان

شیرین عەباس

لەدایك بوونی سەرکردەی قارەمان (سەدام حسین)بەلەدایك بوونی مێژویەکی نوێی عێراق دەژمێرێت، هەرلەو کاتەوە هەستی پەروەرو پشتی خۆی کرد هەستی کرد ئەم ولاتە پێویستی بەرۆڵەیەکی بەجەرگو بەوەفاو چاو نەترس هەیە بۆ رزگار کردنی ولات لەزولمو زۆرداری .

بەڵێ لەناوەراستی ساڵەکانی پەنجادا ئەم خەونە هاتەدی، سەرکردەی دڵسۆزمان هەمیشە خەونی بەوەوە دەبینی کەبچێتە ریزی شۆرشگێرانەوە، شۆرشیش بەگەرمیەوە پێشوازی لێکردو گرتیە ئامێزیەوە بەبۆنەی یادی لەدایك بوونی سەرۆکی قارەمانەوە (سەدام حسین) پیرۆزبای لەخۆمان دەکەینو داوای تەمەن درێژی بۆ سەرکردەی خۆشەویستمان دەخوازین .

گشت خۆشەویستیەك بۆ قارەمان (سەدام حسین)ی ئاشتی خوازو رابەر و مامۆستاو باوکی گەل . بەشێوەیەك نمونەی دیارە کەببێتە هۆی رزگار کردنی ئەم گەلە .

تێبینی : رۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١٠٧٢ ، لاپەرە ٢.

چیرۆك

لەپێشدا نیشتیمان

کەریم سەردار

ئەحمەد شەهید کرا، پێش چاولێك نانی نامەکەی دایکی بەدەستەوەبوو، ئەم وتانەش لەسەر دەمی بوون، دایکم ئاگادار بکەنەوە من لەگۆڕەپانی جەنگدا کوژرام. سنگم بەرانبەر دوژمنان بوو، نەترسنۆکیش بووم نەبەزیوو .
سەرکردەی هێزەکە چەمایەوەو تەرمەکەی ئەحمەدی لەنێو چاوانیدا ماچ کرد، فەرمانی دا چەن وێنەیەك لەنامەکەی دایکی ئەحمەد دەربهێنێن و بخرێنە چوار چێوەوە، وێنەیەکیشیان پێشکەش بەفەرماندەی قادسیەی سەرکەوتومان کاکە (سەدام حسین) بکرێ، وێنەیەکیش لەگەڵ تەرمی شەهیدا بێت کەبەیداخی عێراقیەوە پێچرابێتەوە . وێنەیەکیش لەو نامەیە بنێرێتەوە بۆدایکی ئەحمەد، چرایەکە ڕێگای جوان مەردانە ڕوناك دەکاتەوە، هەزاران ستایش بۆتۆو بۆکوڕە قارەمانەکەت، ڕاستە بەچکە شێر هەر لە دایکە شێر دەبێت .
ئەحمەدی سەربازی ئازاو دلێرمان یەکێك بوو لەشەهیدەکانی ئەو شەڕە، تادواهەناسەی لەڕیزی پێشەوە دا جەنگا بەبۆنەی ئەو هاورێکانیەوە سوپای ئێرانی چەپەڵ نائومێد بوو .
نەیتوانی بێتە خاکی عێراقەوە، ئەو خاکەپیرۆزە بەپاکی و بێگەردی مایەوە، دوژمن نەیتوانی گڵاوی بکات .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١٠٧٣، لاپەرە ٧.

ئەستێرەیەکی پڕشنگدار داچۆڕا
بەڵام ناکوژێتەوە

عەتا خالید نەقشبەندی

ئێوارەی هەینی ڕابردوو دواڕۆژی مانگی رەمەزان ، گێژەڵۆکەی ئەجەل هاتو شۆرەسواریکی قادسیەی دووەمو ئەستێرەیەکی پڕشنگداری لەئاسمانی عێراقو نەتەوە دا چۆراند ، ئەوەبوو بەڕێز سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) لەڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە جەرگ بڕەدا فەرمووی، ئەی گەلی عێراقی سەربەرز، ئەی پیاوە دڵسۆزەکان، لەهێزە چەکدارە پاڵەوانەکانمان .

بەم چەشنە سەرۆکی فەرماندە مهیب ڕوکن (سەدام حسین) هەواڵی کۆچ کردنی خوالێخۆشبوی راگەیاند، کەبە چ کۆچ کردنی غەمو پەژارەی گەورەی خستە دڵی هەموو عێراقیەکانەوە .

بەم چەشنە ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لەئاسمانی بێ گەردی عێراقیەکان داچۆڕاو چارەنووسی دیارترین سەرکردەی قادسیەو بەرزترین ئاڵاو شمشێرێك کەدژواریەکان کولیان نەرکدو ئاکارو واتایەکی بێ وێنەی لەناودا .

هەمووان پەژارەی ئەوەیان خوارد کەلەدەستدانی ئەو خوالێخۆشبوە ئەوە دەگەیەنێت کەئەو بیرەوباوەڕەی لەپێناویدا تێکۆشا خۆی لەپێناویدا بەخشی واتە عەدنان خیرالله.

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری . ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١٠٧٤، لاپەرە ٣.

سەرکەوتن و ڕزگار کردن لەکارەکانی

((توكلنا على الله الاولى))

ڕێبوار عومەر

ئـەم سـەرکەوتنانەش وەنـەبێ لـەخۆوە هـاتبن، بـەڵکو بەنەخـشە دانـانو بەڕێوەبەردنو سەرپەرشتی کردنی تایبەتی سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) بوو خوابیپارێزێت کە جەنگاوەری پاسـەوانی کۆمـاری و فەیلـەقی سـێیەم بەئـەنجامیان گەیاند هەروەکو بەیانامەی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان ئەم بەتەواوەتی ڕونکردەوە.

سەرکردایەتیە بێ وێنەکەی سەرۆکی فەرمانـدە تێکۆشـەر (سـەدام حـسین) بـۆ هـەموو کارەکـانی ڕەزامەنـدی پـیرۆزو پەنـەمای بەخوابەسـتی یەکـەم بنـەرەتی سەرکەوتنەکان بوو کەخۆی نەخشەی بۆ دادەنـانو بـەڕێوەی دەبـردن و لەنزیکـەوە سەر پەرشتی کارە جەنگەکانی دەکرد .

ڕۆڵە مەردەکانی عێـراقیش بـەگیانو بـەدڵ ئـەنجامیان دەداو سـەرکەوتن لـەدوای سەرکەوتن نەی هێشت دوژمنی داگیرکەر بەئاسانی بەسەر خاکماندا ڕابوێرێت ،

هەرئەم سەرکەوتنە مەزنەیە یەك لەدوای یەکەکان بوون کەوای لـەدوژمنی ڕەگـەز پەرستی ئێران کرد بەبڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش قایل بێت .

ئـەم جەنگـە پـیرۆزەش جـەنگی (قادسـیەی سـەدام) بەسـەرکەوتنو نـەمری بـۆ عێراقی لوتکە تۆمار بکرێت .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١٠٧٨، لاپەرە ٢.

ڕێبازی ئاشتی خوازانەی عێراق

ئازاد عبدلواحید

عێراقیش هەرگیز نیازو ئامانجی شەڕو کوشتارو خوێن ڕشتن نەبوەو نەیویستوە بە جەنگ چارەسەری گیرو گرفتەکان بکات، بۆیە لەڕۆژانی سەرەتای جەنگەوە بەزمانی سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) و لەوپەری هێزو دەسەلاتەوە دەنگی ئاشتی خوازانەی خۆی بەرز کردەوە .

حەزی بەوە کرد لەسەر خوانی ئاشتی دابنیشیێو چارەسەری مەسەلەکان بکات، ئەوەبوو هەموو ئاشتی خوازیو خێر خواهێك لەئاستی دەوڵەتان بوویێ یان لەئاستی تاکە کەسی پیرۆزبای ئەو هەنگاوەیان کرد کەسەرۆکی فەرماندە نای بۆ مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی کەمافی هەموو لایەك بپارێزێت .

بەلام چ دەکەی لەگەڵ عەقلی شەڕ خوازانەی کۆنەپەرستان کەحەز بەئاشتیو ئاسایش ناکەنو ناتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن بەبێ شەڕو خوێن ڕشتن، خۆنەوانە پشتیان بەڕۆڵەکانی گەلەکەمان نەئێشاوە بەکوشت دانی کوڕی خەڵکی بەوان چی.

وڵاتی عێراقیش قەت ڕۆژێ لەڕۆژان خۆی بەشەڕ فرۆش نەزانیوەو دەنگی لەئاستی ئاشتیو دابین کردنی هەلو مەرجەکانی نزم نەبوە، هەروەك چۆن لەهێرشو پەلاماری دڕندانەی هیچ لایەکیش خۆی بەدەستە پاچە نەزانیوە. هەموو کەسیش دەزانێت عێراق لەخاكو وڵاتەکەی خۆیدا خەریکی پەرەپێدانو ئاوەدان کردنەوەبوە تا بەکاروانی گەلەپێشکەوتوەکان بگات .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١١٠٨، لاپەرە ٨.

پيشه سازييه سەربازيەكان‌و دەورى گرنگى لە پێشكەوتنى عێراقى نوێ دا

دلاوەر سالح

تێكۆشەر پاڵەوانەكانى پيشەسازى بەهەموو توانايانەوە بەردەوامن لەسەر بەرەو پێشەوە چوونى كارەمەزنەكانيان، بۆ هێنانەدى خواستو ئاواتەكانى سەرۆكى ڕابەر (سەدام حسين) خوابيپارێزێو خواستو ئاواتەكانى گەلى عێراق كەتەنها خواستى سەرۆكيش بەوەوە نەوەستاوە كەكار بكەن‌و بۆهێنانى بەرهەمى پێشكەوتوو .
بەڵكو پێويستە ئەم كارانەشيان بەكەمترين مادە ئەنجام بدەن، تالەئاستى پيشەسازى جيهان پێشكەون‌و لابدەن، هەروەها تێكۆشەرە پاڵەوانەكانى پيشەسازى بەم ئاستەش قايل نين‌و چونكە لەئاستى ئەو كارانەدا يەكە وڵاتە تێكۆشەرە پاڵەوانەكانى پيشەسازى لەبوارى پێشكەوتن‌و ئەو وڵاتانەدا ئەمڕۆش لەعێراقدا پيشەسازى سەربازى ئەم ئەركەى خستۆتە سەرشانى خۆى و بەم كارە گرنگە هەستاوە بەڵام لە تاقى كردنەوەكانى ديكەى جيهان بەوە جيادەكرێتەوە كەئەم بەگوێرەى كات ڕەفتار دەكات .

تێبينى : ڕۆژنامەى هاوكارى ، ساڵى ١٩٨٩، ژمارە ١١٣٢، لاپەرە ٢.

بەیەك دەنگ بەڵێ........ بەڵێ
بۆ سەرۆك (سەدام حسین)

مەغدید سۆران

کاتێ عێراقیەکان یادی بڕواداران بەسەرەکی فەرماندە (سەدام حسین) دەکەنەوە یادی ئەو ڕۆژە مەزنە دەکەنەوە کەگەلو سەرکردە بڕیاری خۆلێك بەستنەوە یەك چارەنووسیان دا لەگەڵ یەکتری، بۆئەوەی بەردەوام بن لەکاردانی پڕلە خەباتی خۆیان لەپێناوی سەربەرزیو پێشکەوتنو شکۆمەندی عێراقی مەزن .
کە لە ئەنجامی تاقی کردنەوەیەکی دوورو درێژ (سەدام حسین)ی هەڵبژارد بۆئەوەی مەشخەڵی خەباتی عێراقیەکان هەڵگرێو بێ بەرانبەر چونکە لەبری گەورەی سەرۆكو لەبیروباوەڕی ڕەسەنی نیشتیمان پەروەری و نەتەوایەتی (سەدام حسین) گەشیتبوو، کەوەك تاقە شۆڕەسوارێکی بەجەرگ توانای ئەوەی هەبێت بەرگری لەنیشتیمان بکاتو ئاواتی گەل بەدی بهێنێت .
لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە (سەدام حسین)ی گەیاندە لوتکەی نەمریو شکۆمەندی سەرکەوتنی بوو لەجەنگی (قادسیەی سەدام)دا وەك سەرکردەیەکی سەربازی بەتوانا لەبەرگری کردن لەنیشتیمانەکەی لەکاتی خۆیدا بەرپەرچ دانەوە دوژمنو بەدی هێنانی سەرکەوتنو هەڵسوڕاندنی جەنگ بەتەکنیکێکی تازەی جەنگ.

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١١٢٦، لاپەرە ٧.

بهەلکەفتنا رۆژا باوەریێ کرنیێ

ئەی سەرکردە

قاسم ئەحمەد نوح

دوژمن بەسەریێ رووینیێ
بەس وێرانکە ڤیێ هێلینیێ
د گەل دوژمنی ئەم بێت تیژین
خوێنیێ لجەرگیێ وان دیێ رێژین
ب توپوتفەنگا دیێ واکوژین
ئەم عێراقی نە جەلەنگ بازین
لناڤا چیا سەرفرازین
دگەل دوژمنا ئەم شەرخازین
ئەی ولات ئەڤینا مەزن
شەیدابێت تەهەرێت بەزن
خەملا تە هر مێرگ و زەرن
خەما نەخوا دایکا مەزن

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١١٢٦، لاپەرە ١٢.

کەسینە دەبێتە قەڵا

پێشکەشە بەشەهیدانی (قادسیەی سەدام)

عبدلخالق سەرسام

ئەی شەهیدی سەربەستی من
کەزستان دێت گرمەی گەواڵەو بروسکی
دەنگی تۆپو تفەنگی تۆم
دێنێتەوە یاد .
تۆبە خۆتو جلکی خاکی خوێنتەوە
گوللەکانت ئەقۆزنەوە
ئەی شەهیدی سەربەستی من
کەئاسمانیش سامالٚ ئەبێ
چاوەکانی سامالٚی تۆ
ئەبنە شیعرو هەڵبەستی من
کەپایز دێو گەڵای داری
لەلقو پۆپی ئەباری
تۆ لەبیری و دێیتەوە
کەچۆن گەڵای سەوزە جوانی
باخی ژینی خۆت دەوەراند
تاکو باخی چرِی وڵات .... تادوای

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٤، ژمارە ٧٦٨، لاپەرە ٥.

پێشکەشە :

بەیەکەم دڵۆپە خوێنی کە لەسەرەتای کاروانی

جەنگی (قادسیەی سەدام)ڕژا

پێشکەشە :

بەو شەهیدەی کەبە هەموو هیواو ئامانجێکەوە

خۆی بەخشی بۆگەل و نیشتیمان .

تەحسین مەولود

دەنگێ دێت و
هاوار ئەکا
بانگەوازی پازدەملیۆن مرۆڤ دەکا
دەنگێ دێت و
دەشت و چیاو ڕوبارو ئاو
کڕنوشی نەمری بۆدەبا
داوای کوشتن و برین و داوای شەهیدتان لێدەکا
دەخێراکەن
ئەو ئەژدیها بەتەمایە ئاڵای ولاتان لێ لێژکا
ئاو لەسەرچاوە لیخنکا
دەخێراکەن .

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی ١٩٨٤، ژمارە ٧٦٧،لاپەرە ٥.

(سەدام)پێشەوامانە

حەمرین

(سەدام) پێشەوای سەرکەوتن
گەل بەرەو ئاواتی بردن
شۆڕەسواری بەرەی مەیدان
چڵی چاوی دوژمنان
(سەدام)مامۆستای هەمووان
بەدی هێنەری هیوامان
ڕۆڵەی بەرجەرگی نەتەوە
شادی هات بەهاتنەوە
(سەدام) هاوڕێو سەرکردەمان
زیندو کەرەوەی مێژوومان
جڵەو کێشی قەیری کاروان
دڵی پڕ خۆشەویستیمان
(سەدام)زانای چەرخی سەدەی بیستەم
ڕزگار کەرمان لەدەست ستەم
(سەدام) ناوت وەك چرایە
خاوەنی بیروبڕوایە

تێبینی : ڕۆژنامەی هاوکاری، ساڵی ١٩٨٨، ژمارە ١٠٠١، لاپەرە ٧.

بیرەوەری هەشتی شوبات

ئەحەمەد محەمەد عەنایەت

بەبۆنەی بیرەوەری هەشتی شوباتی ئەم ساڵ کەیادی ڕۆژێکی پیرۆزە لەمێژووی گەلی عێراقی خۆشەویستماندا بوکی شۆڕشەکان، کەبویە هۆی تەواو کردنی هەموو مافێکی گەلی عێراق بە کوردو عەرەبەوە، بەناوی لقی پێنجی سلێمانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان پیرۆزبای خۆمان ئاراستەی هەڤاڵی تێکۆشەرو سەرکردەی مەزن و شۆڕەسواری گەلی عێراق (سەدام حسین) دەکەین .

پەیمان ئەدەین هەمووکات شمشێربین بەدەس سەرکردایەتیەوە بۆ بڕینی دەستی ئەوانەی کەبیانەوێت لەخەویشدا چاو ببڕنە عێراقی شۆڕش، وەپیرۆزبایی لەیادی دامەزراندنی سوپای میللی ئەکەین . سوپای دووەمی عێراق . پارتەکەمان پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لەبەر پیرۆزییو لەخۆبوردنی ئەم سوپامەزنە وەك ئەرك بەشداری جەنگمان کردوە .

تائێستا شەش بەش بەشداربوینو بەشی حەوت لەفێرگەن، سلاو لەسەرکردەی پاڵەوان (سەدام حسین)، لەبیرەوەری هەشتی شوباتدا نەمرىو سەربەرزی بۆشەهیدانمان، سەرشۆڕیو مردن بۆ خومەینیە پەرستەکان .

تێبینی : ئەم بەڕێزە لەکاتی بلاوبونەوەی ناوەکەی لەڕۆژنامەی هاولاتی گلەی لێکردم کە ئەو قەڵەمی بەعس نەبوە بەڵکو بەعسەیەکی دڵسۆزبوە بۆیە نابێت فایلی هەبێت، بەڵکو ئەو فایلی بۆخەڵك کردوە، ڕۆژنامەی هاوکاری . ساڵی ١٩٨٥، ژمارە ٧٧٥، لاپەرە ٥.

ریپۆرتاژ

هاوڕێ حەسەن عەلی ئەندامی سەرکردایەتی .

محەمەد مەلا ئەسعەد

هاوڕێ حەسەن عەلی ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی و ڕازگری نهێنی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوری پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، بەحەقیقەت مامۆستایەکی دڵسۆزو شیاو چالاکی گەلەکەمانەو هەمیشە لەنزیکەوە لەگەڵ کۆمەلانی خەڵك تێکەلاو دەبێ‌و سلاو خۆشەویستی سەرۆکی مەزن و وەفاداری کاك (سەدام حسین)خوابیپارێزێت دەگەیەنێتە خەڵکی کوردستان .
هەمیشە لەکەم‌و کوریەکانیان دەکۆڵێتەوەو چارەسەریان بۆدادەنێت، ئامۆژگاری بەنرخیشیان پێشکەش دەکات، لەزۆربەی کۆڕە جەماوەریەکاندا لێپرسراو کاربەدەستانی ئاگادار کردۆتەوە کەدەبێ لەوەش زیاتر خزمەت بکەن کەئێستا هەیە

واتە دەبێت هەمیشە بەهەموو لایەکەوە هەوڵ بدەین ڕۆژ بەڕۆژ بەرهەممان زیاتر بکەین لەسەردەمی ئاشتی‌و بیناکردن‌و لەسایەی باوکی فەرماندە سەرۆکی هێژا کاك (سەدام حسین) خوابیپارێزێت .
ئێمەش بۆئەوەی زیاتر وتەبەنرخەکانی بەڕێز بگەیەنینە لای کۆمەلانی خەڵك لەنزیکەوە گوێمان بۆڕاگرت تابزانین چیمان پێدەڵێت .

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ ، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١ لاپەرە ٣.

(سەدام حسین)پیاوی بنیاتنان و ئاشتیشە

هوشیار ئەحمەد حسین

وەلەشازدەی حوزەیرانی ڕابردوو دا بەڕێز خالید سەعید سکرتێری گشتی کۆمەڵەی خێرخوازی ئیسلامی خەلاتی ئاشتی پێشکەش بە سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین)خوا بیپارێزێت کرد، بەناوی موسڵمانانی بەریتانیاوە کەلەباتی بەڕێزی سەفیری عێراق لەبەریتانیا ئاهەنگێك دا لەمزگەوتی سەرۆك (سەدام حسین) لەبرنگهام وەری گرت .

بەبۆنەی ئەو دەورە دیارەوەی کەلەئاشتی بەینی عێراق و ئێراندا دیویەتی، لەدووی تەمموزی ئەم ساڵدابەڕێز سایل سینگ سەرۆکی وەفدی دەزگای یەکێتی ئاشتی جیهانی و لەیەك گەیشتنی نێودەوڵەتان خەلاتی دەزگای پێشکەش بە سەرۆکی سەرکەوتو ئاشتی(سەدام حسین) خوابیپارێزێت کرد بۆ ئەو دەورەبەنرخەی هەی بوە لەئاشتی نێوان عێراق و ئێران دا هەروەها ئەو دەورەی دەیبینێ لەتێکۆشانی هەوڵو تەقەلای جێ بەجێ کردنی نیزامی ولاتانی نوێ لەسەر بنەرەتی دادپەروەری و یەکسانی و سەربەستی هەلۆیستی ئەو ڕێکخراو دەزگا جیهانیانە لەگرنگی پێدان بۆدەوری مێژووی سەرۆکی سەرکەوتن و ئاشتی (سەدام حسین)خوابیپارێزێت .

سەرۆکی تێکۆشەر (سەدام حسین) خوابیپارێزێت بەتاقی کردنەوەی توانا و هێزیەوە دەری خست کەپیاوی بنیات نان و ئاشتییە کەبەخۆراگرتن و زیرەکی و وریایی دوژمنکاری ڕەگەز پەرستان بەربەست کردو سەرکەوتنی بەدەس هێنا .

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ ، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ٣، لاپەرە ٢.

سەرکردەی مەزن
بۆ باوکی دڵسۆزمان (سەدام حسین)

نیوار توفیق

ئەی پاڵەوانی سەرکردە
هەوڵت بەدەستو بردە
ڕوناکی بۆئەم دووچاوە
ناوت لەدڵ نووسراوە
رابەری گەلو هۆزی
سەرکردەی زۆر دڵسۆزی
تۆنیشانەی سەربەرزیت
قارەمانی نابەزیت
ئەی پاڵەوانی خەبات
ئەی ئاسۆی بەرزی ولات
ئەی ئاشتیو پایەداری
مەردی گەلو وەفاداری
باوکو براو پێشەوای
تۆبۆمان هەموو دونیای
ڕۆڵەی مەردی چاومانی
ڕوناکی نیشتیمانی

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ ، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ٣، لاپەرە ٧.

با ئاسۆ دڕ بەشەوە زەنگ بدا

ڕەشید ئەنوەر بێتواتە

ئەمەنێکە بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ کەی بێ ڕۆژنامە بەزامنی زکماك دەگاتە هەموو کونج‌و کەلەبەرێك‌و تیشکی گەشی پێڵوی چاوانی پێ دەپشکوێت، بائەمەش فەرامۆش نەکەین لەسایەی پارتی‌و سەرۆکی مەزن (سەدام حسین)خوابیپارێزێ دەزگای ڕۆشنبیری و لاوان لایەنەکانی تری ئەم مەبەستە بێ هەدادان و درێغیان نەکردوە بەنیازی برەودان بە گەشەکردن‌و نەشو نماکردنی باری ڕۆشنبیری لە کوردستان و گەلێ قەڵەمی ڕەنگینی بەتوانا لەم قەراخەدا فرچکیان بەخشیوە بەکۆرپەو خوێنەرانی کورد .

ئەوا ئێستاش خەونێکی تر لەدایك بوو ئاسۆ هات‌و ئاوێزانی بالآی زراڤی ماکۆك بوو بەهیوام ببێتە پێشەنگی کاروانی تەبایی‌و لوتکە بەرەو قۆناخ ببڕێت .

خۆزگاش دەخوازم شۆرەسوارانی گورەپانی ئاسۆ ئەسپی خۆیان تیالنگ دەن‌و خاوەن قەڵەمە داهێنەرەکان و تەوژی هزرەکان مۆرکی ڕەسەنی ببەخشن، تکام وایە بێ ئاوردانەوەو هەنگاوی تیژ بنێن .

بایەخ بە پاراوی‌و ڕێزمان‌و فەرهەنگی سروشتی بدەن، تاتەوقی نەخوێندەواری لەئەستۆی لاتی دارمێ .

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ . ساڵی ١٩٨٩. ژمارە ٧. لاپەرە ٥.

هیوای منداڵانی کورد

ڕەزا شوان

بەڵام ئەو مەرامانەی کەتا ئەمڕۆش خۆزگەی هێنانە دی دەخوازین، دەرچونی گۆڤارێکی مانگانەی تایبەتیە بەزمانی کوردی بۆمنداڵانی کورد، هەروەك و سەرکردەی سەرکەوتن و ئاشتی (سەدام حسین) خوابیپارێزیت دەڵێ : ڕەواڵەتی دوارۆژ لەمنداڵەوە دەست پێدەکا، چەندمانگێك لەمەو پێش بیستمان کەدەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی نیازیان وایە بەم خزمەتە پیرۆزە هەستن و گۆڤارێك بۆمنداڵان دەرکەن .

بەڵام وادیارە ئەمجارەش هەرقسەیەك بوو کراو جێبەجێ نەکرا، هیوادارین کاربەدەستانی دڵسۆزوخەمخواری نەوەی دوارۆژی گەلەکەمان هەوڵێ بدەن بۆ هێنانە دی ئەم خۆزگەو هیوایەی منداڵان .

هەردەمیش گەشبینین و دڵنیاین کەلەژێر ئالای سەرکردەی مەزن (سەدام حسین) دا هەموو مەرام و خواستێکی بەجێی گەلەکەمان دێتە دی، لەسایەی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمموزی گەلێ هیواو مەرامی ئەدەبی و ڕۆشنبیری گەلەکەمان هاتنە دی .

وەکو دامەزراندنی یەکیەتی نووسەرانی کورد، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی، کۆڕی زانیاری کوردی،

پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەسلێمانی، دامەزراندنی دەزگای ڕۆشنبیری و بلاو کردنەوەی کوردی. دەست گرتنی نووسەرانی کورد بۆ چاپ کردنی نووسینەکانیان، دەرچونی گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژی کوردستان و تەندروستی و کۆمەڵ و ڕەنگین و ئۆتۆنۆمی و ڕۆژی کوردستان و هاوکاری و پاشکۆی عێراق و ئاسۆ و بزاڤ .

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ ، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١١، لاپەرە ٨.

هەڵوێستێك کەجێی شانازیمە

غەفور ساڵح

هیچ کاتێ بەبێ دڵی خۆم دەستم نەداوەتە قەڵەم، ئەو بابەتەش کەنووسیومە قەناعەتێکی تەواوم پێی هەبووە، نەکەس هانی داوم، نەکەسیش چوەتە ژێر کلێشەمەوە کەشتێك بنووسم، ئەو جەنگە سەختەی کەگەلی عێراق بۆماوەی هەشت ساڵ دووچاری بوبو نەدەبوو لەمێژووی ئەدەبی ئەم وڵاتە جێگای خاڵی ببوایە .

منیش وەکو مرۆڤێكو ئەشکەنجە کێشانم بۆئەو بارە تووشەی کەگەلی عێراق تێیکەوتوە بەدەستی رژێمی ئێرانەوە، بەلام گەلی عێراقیش مەردانە بەسەرکردایەتی سەرەکی فەرماندە (سەدام حسین) لوتیانیان شکاند .

بۆیە هەستم کرد نابێ بێدەنگ بم، بۆیە بەچیرۆکی درێژی هونەری بەشداری خۆم دەربڕیو واش بزانم چیرۆکێکی نەمر دەمێنێتەوە وەکو چیرۆکی جەنگ کەساڵی ١٩٨٣نووسیم، بەلام بەهەڵە ناوی وترا رۆمان، هەروەها لەو فەرمانە ئیداریەی کەبۆی دەرچوبو بەچیرۆکی درێژ لەقەڵەم دراو لەپێشبرکێی دەزگای رۆشنبیری و بلاو کردنەوەی کوردی خەلاتی یەکەمی وەرگرت، من تاکە چیرۆك نووسی دیاربوم کەلەو پێش برکێیەدا بەبێ هیچ سڵ کردنەوەیەك بەشداریم کرد، وەکو بابەتێکی هونەریش زۆر دڵم پێی خۆش بوو، ئەوەبو مامۆستا عبدالستار کردیە عەرەبی و هەرچاوەرێی ئەوەبو کەدەقە کوردیەکەی بکەوێتە بازارەوە، بەلام هیچ دەنگوباسێکی نەبو تاساڵی ١٩٨٨کەلەگەڵ سێ چیرۆکی دیکەدا بەناوی ئەدەبی جەنگەوە دەرچوو ئەو وەرگێرانەش بەئاگاداری خۆم بوو ئێستاش حەزدەکەم بلاو ببێتەوە .

تێبینی : رۆژنامەی ئاسۆ ، ساڵی ١٩٨٩، ژمارە ١٦، دوالاپەرە .

لەگەڵ وجودی سەرۆك (سەدام حسین)

شێخ محەمەد قەرەداغی

لەم ڕووەوە ولاتە خۆشەویستەکەمان بەڕابەری سەرکردەی مەزنمان (سەدام حسین) چەندان هەنگاوی پیرۆزی ناوەو دیارەکانیان، کردنەوەی زانکۆی (سەدام) بۆزانیاری ئیسلامی، ئەمە هەنگاوێکی چاکە بۆ بلاوکردنەوەی زانیاری ئەم ئاینە پیرۆزەی ئاینی دینو دنیاییو زانیاریوسود گەیاندنی بەمرۆڤی فراوانو مەزن .

لەگەڵ وجودی سەرۆك (سەدام حسین) پاشەرۆژ زۆر ڕوناك دەبینم، هیوادارمو دڵنیاشم وادەبێ ناوچەی کوردستان هێمنایەتیو ئاوەدانی زۆرتر بەخۆیەوە ببینێ گەلەکەمانو ناوچەکەمان بەهۆی تێکدەرانو ئەوانەی بونەتە داردەستی بێگانە زۆر ئازارو ئەشکەنجەی دی، مافی ئەوەی هەیە بەدوای سەرکەوتنو ڕۆژگاری حەقو باوەڕی یەکێتی گەلی عێراق لەسایەی سەرکردەی ڕەمزو گەورەماندا (سەدام حسین) هێمنی و ئاوەدانی پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێ .

بەتەنگەوە هاتنی خواستو داوای ڕەوای خەڵك دەلاقە بەڕووی هەموو ئەو ناحەزانەدا دادەخرێ کەنایەنەوێ ئەم گەلە بەئاسودەی بژی، ئومێدی زۆرمان بەسەرکردە (سەدام حسین)ی مەزن لەسایەی ئەودا نەبوایە عێراقیەکان بەعەرەبو کوردەوە ئەم ئاسودەییو ئومێدە فراوانەیان بۆ نەدەهاتە دی .

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ ، ساڵی ١٩٨٩. ژمارە ٢٢، لاپەرە ٣.

شەهید

خالید عەزیز کەریم

شــەهید شــاگوڵێکی ســووری گەشــە کەبــەخوێنی خــاوێن پــاراو کــراوەو باخــچەی مرۆڤایەتی پێ ڕازانەوە ، شەهید ئەو هــەتاوە بەشــەوق و تینەیــە کەلەســەر ســینگی پــانی ڕۆژگــاردا بەشــانازیەوە خــۆی دەنــوێنێ و بەشــەبەقی بێوێنــەی خــۆی قوژبنەتاریکەکان ڕوناک دەکاتەوە .

بەخوێنی سوریان نوسیان ســەرکەوتن بۆئێمــەو مــردن بۆدوژمنــان .هەموســاڵێك گــەلی عێــراق بــەرێزەوە یــادی ئــەم ڕۆژە پــیرۆزە دەکەنــەوە، کــەڕۆژی شــەهیدانی قادسیەی پیرۆزی (سەدام)ە چەپکەگوڵ لەسەر پەیکەری شەهید دادەنێن .

لەم ڕۆژە پیرۆزەدا گەلی عێراق بەگشتی پەیمانی وەفاداری بۆ سەرەکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێت نوێ دەکەنەوە، گــەلی عێــراق لــەرابردو و ئــەمڕۆو بــەیانیش ئازایانــە بــێ تــرس پارێزگــاری لەوڵاتەکــەی کــردوەو نەیهێــشتوە نیشتیمانەکەی بکەوێتە ژێردەستی دوژمنــان و بــەهیچ جۆرێك ڕازی نــەبوە کــەیاری بەچارەنووسیان بکات .

کەهەمیشە ئامادەن بۆ پارێزگاری نیشتیمان .

سڵاو لەبنەماڵەی شەهیدان

سڵاو لەجەنگاوەرە ئازاکانمان .

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ . ساڵی ١٩٨٩. ژمارە ٢٢. لاپەرە ٢.

پێشکەشە بەقارەمانی گەل‌و نیشتیمان (سەدام حسین)

خۆشمان دەوێی

محەمەد پەشێو

خۆشمان دەوێی کاکە(سەدام)
ڕۆژهەلآت‌و دیجلە خۆی ڕاوەشاند
وەك ئەسپێکی باڵدار حیلاندی
خۆی گەیاندە ولآت
باسی ڕۆژەکانی خۆشەویستی خۆی
بۆکردی‌و
دەستی بۆڕاکێشای ئەملاو ئەولای ماچ کردی
جێ ماچەکە .... وەك پەلکە زێڕینە دەدرەوشایەوەو
هاواری کرد
سەری ڕێزت لەعێراقدا بڵندە
وەك چیا سەرکەشەکانی کوردستان
هەرلەو شەوەدا
چاوی گولآڵە سوورەکانی کوردستان
داگیرساوهاواریان کرد
کاکە (سەدام) خۆشمان دەوێی
هەرلەو شەوەدا تروسکایەك
بەسەر دیجلەدا هاتوچۆی دەکرد
شمشێرێکی گڕاوی بەدەستەوەبوو
فرمێسکەکانی سەلاحەدین‌و قاع قاعی دەسڕی

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ ، ساڵی ۱۹۹۰، ژمارە ۲۵، لاپەرە ۲.

سەرەك (سەدام حسین) دەسپێشخەری بەردەوام لەپێناو ئاشتی دا

محەمەد موکری

لەیادی شەستو نۆهەمین ساڵی دامەزراندنی سوپای عێراقی مەزن، سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) لەرێی دەزگا ڕاگەیاندنەکانەوە بۆهەموو دنیایی ئاشتی خوازی سەلماند، کەتاقە ڕێگای سەرفرازی میللەتان تەنها ئاشتی یە، ئەم هەنگاوە مەزنەی عێراق ڕەنگدانەوەیەکی راستەقینەی ویستی ویژدانی سەراپای میللەتی عێراقە بۆبەرقەرار بوونی ئاشتی .

ئەم دەسپێشخەریەی سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین) هەل بیناسازیو ئاوەدان کردنەوە دەرەخسێنێ، ئاشتی خوازێکی دروستە بۆپتەو کردنی پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراقو ئێران، ئەم هەنگاوە مەزنەش ویستە هەمیشەیەکەی عێراق دەسەلمێنێ کەهەوڵی بێ وچانی بۆسەقام گیربوونی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەیە، هەڵبەتە ئاشکراشە ئەم دسپێشخەریە لەناخی باوەڕ بەخۆبوون و توانای پتەوەوە سەری هەڵداوە .

نیەت سافی دەردەخات، سنووری بۆ وەزعی نەجەنگ نەئاشتی داناوە ئاشتی خوازانی دونیاو گەورە پیاوانی فکرو سیاسەت پێشوازیان لەم هەنگاوە مەزنەی عێراق کردوستایشی ئەم جورئەتەیان کرد، زیاتر لەمانگێکە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەت بەردەوام باسو ستایشی ئەم هەنگاوە مەزنە دەکەنو داوا لەئێران دەکەن مل بۆ واقیعی سەردەم دانەوێنن .

گوێ بۆ ویژدانی خاوێن ڕاگرن سەرنجی حەقیقەتی خاڵەکانی ئاشتی بدات، کەعێراقی مەزن زەمینەی بۆ خۆش کردوە .

تێبینی : ئەم بەرێزە چەندین وتاری لەسەر بەعسو سەدام هەیە تەنها ئەم نمونەیەمان وەرگرتوە . ڕۆژنامەی ئاسۆ. ساڵی ١٩٩٠، ژمارە ٢٨. دوالاپەرە .

سەرکردەو جەماوەر

خدرمحەمەد مەحمود

سەرکردەو جەماوەر تەواوکەری یەکترین لەکاتو شوێنێکی دیاری کراوی مێژوویدا، سەرکردەی ولآت کۆڵێ شانازی یەخەی میللەتەو ڕابەری بەرنامەی ئایندەوریێبازیانە، ئێمەی عێراقی ڕۆڵەی دیجلەو فورات و دارخورماو گوێزین، ڕۆڵەی ئەو باوکەین بەسۆزی بەخشندەی فێرمان دەکا. کەعێراقین، قوتابی ئەو مامۆستایەین کەدەستمان دەگرێ بەرەو ترۆپکی شارستانیەتو سەربەستیو دیموکراتی .

جارێکی تر سەرەکی فەرماندە (سەدام حسین) خوابیپارێزێت ئەلفو بێمان فێردەکاتەوە لەسەر ئیقاعی هاوچەرخیەتیو پێمان دەڵێ : چۆن زەمەن چریکەینەوە بۆ ئافراندنی شاکاری ژیان هەموو سیفاتێکی مرۆڤی نمونەی بونەکالآیەکی بەنرخو بەبالآی مامۆستامان (سەدام) بڕاوە هەروەك چۆن بۆئێمە پێناسنامەو نانو ئاو ئاواش پاڵەوانی خەونەکانی ئێمەیە .

هەڵگری بیروباوەڕی سەرەکمانینو شمشێری هەمیشەی دەستی پیرۆزین، ئەوا جارێکی تریش سەرەکمان سەلماندی کە عێراق هەرئەو عێراقەیە کەئەو نەخشەی بۆ کێشاوە، لەکاتی جەنگو دوای جەنگ بەبلیمەتی چارەسەری ئابوریو و هەموو کۆسپێك دەکات .

کەسەلمێنراوە زۆر لەمێژە بنیات نانو شارستانیەت دروشمی ئاشتیە، ئەوەتا جارێکی تریش لەوتارە مێژوویەکەیدا پشتگیری ئاشتی کردوو ئەو مەبەستە پیرۆزەی سەلماندکە هەموو جیهان دەستی پشتیوانیەتی بۆ هەڵوێستی عێراقی مەزنمان، هەربۆیە داوای تەمەن درێژی بۆدەکەین .

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ . ساڵی ١٩٩٠، ژمارە ٣٠، لاپەرە ٢.

ئاسۆو چەند خۆزگەیەك

خالید کەریم زەنگەنە

خۆزگە دەوڵەمەندەکانی کوردستان یارمەتی ماددی ئاسۆیان دەداو سوپاس نامەو شەرەفـو ڕێزی ئاسۆیان بۆخۆیانوبۆ سامانەکەیان دەنەخشاند، خۆزگە هـەموو ئـەو مەنگاوانە ڕۆژ بەڕۆژ تەی دەکران کەدەمان گەیەنێتە ئەو مەڵبەندەی.

کەخاوەنی چاپخانەیەکی سەربەخۆی کوردیو دوابەدوای ئەویش مـژدەی یەکـەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردیمان دەدرا بەگویێ، کۆمەڵانی خـەڵکی کوردسـتان هەڵبەتـە ئەمەش دیاری سەرەکی خۆشەویستو ئەندازیاری حوکمی زاتی (سەدام حـسێن)ەو چونکە خاوەنی بیرێکی مرۆڤایەتی گەلێك مەزنەو خۆشەویستی گەلی کوردەو کوردی خۆش دەوێت .

خۆزگە سەردانی ئـەو دەزگایانـە دەکـراو کەتائێـستا دورن لەدیـدەنی خوێنـەرانو کۆمەڵانی خەڵكو کەمتر سەردانی ئەو دەزگایانە دەکرا کەساڵی زیـاتر لـەدەیان جـار ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان سەردانیان کردونو دەکەن .

خۆزگە ڕۆژو مانگی کـوردی شـان بەشـانی مێـژووی کۆچـیو زاینـی لەسـەر دێـڕی یەکەم لاپەڕی ڕۆژنامەکە چاپ دەکرا . .

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ . ساڵی ١٩٩٠، ژمارە ٣٤، لاپەرە ٤.

ئاسۆی ڕۆشنبیری کوردی

ئەحمەد محەمەد ئابلاخی

لەمێژووی ئەدەبی هەموو جیهاندا مێژوو نووسانو رەخنەگرانی ئەدەبی کەدێن لەسەر دەمێکی دیاری کراو ئەکۆڵنەوە هەرلەپێناوی بەراورد کردنو ئاسان کردنی ڕێچکەی لێکۆڵینەوەیەکدا ئەو سەردەمە ئەخەنە نێوان دوو ڕووداوی دیاری کراوی ولاتەکە .

بەلام لەبیستی دووەمدا زۆرە جگە لەبلاو کراوە کوردیەکانی وەکوهاوکاریو ئاسۆو بزافو پاشکۆی عێراقو گۆڤارەکانی وەکو بەیانو رۆشنبیری نوێو رەنگینو تەندروستیو کۆمەڵو گۆڤاری حوکمی زاتیو نووسەری کوردو ئەمانە هەموولەبیستی دووەمدا هاتوەتە کایەوە جگەلەوەش تەقینەوەو نوێ بونەوە و گاز فرێدان زۆرباری ئەدەبیو هونەریو زۆرلایەنی داهێنان کەوتوەتە نێوان ئەم دووبەروارەوە کەوتمان یانزەی ئازاری ١٩٧٠ بۆ یانزەی ئازاری ١٩٩٠ ئەمە تەنها باری سەرنجێکی سەرپێی بوو نەك لێکۆڵینەوەو بەراوردێکی ورد لەنێوان ئەو دوو بیست ساڵەدا .

بیست ساڵی دووەم لەژێر سایەی سەرۆك (سەدام حسین)دا بوو هیوادارین لەمەو دواش ئاسۆی ڕۆشنبیری کوردی گەشترو ڕوناکتر بێت .

ئەبینین لەبیستی یەکەمدا شار هەبووە لەکوردستاندا هیچ تیپێکی هوونەری تیانەبوە، بەلام لەبیستی دووەمدا زیاتر لەدە تیپی هونەری هەبوە، لەبیستی یەکەمدا هیچ دەزگایەکی رۆشنبیری نەبوە ......

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ . ساڵی ١٩٩٠، ژمارە ٣٤. دوالاپەرە .

جەژنی شانۆو شانۆی ئێمە

یاسین قادر بەرزنجی

هەموو ساڵێ لەسەرەتای وەرزی بەهاری سەوزماندا، هەفتەیەك دوای نەورۆزی دێرینمان، یادێکی شیرین ئەکەینەوە یادی ڕۆژی شانۆی جیهانی، ئەو ڕۆژە ڕوناکەی کەلەسەرانسەری جیهاندا بووە بە جەژنی هونەرمەندانی شانۆ، لەبیستو حەوتی ئازاری ئەمساڵیشدا، شانۆکاری کوردی بەوپەڕی شانازیەوە پیرۆزبایی لەخۆیانو لەجەماوەری هاندەری بەرهەمیان دەکەن .

کەواتە جێگای خۆیەتی بەهەموو شێوەیەك یارمەتی هوونەرمەندانی کورد بدرێت، ڕێزی شایەن بەخۆیان بگیرێت، ئەمەش لەگەڵ تێڕوانینی سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسین)دا تەبایە بەرانبەر بە هونەرمەندان و ئەدیبانو ڕوناکبیران لەم نیشتیمانەدا، چونکە لەزووەوە سەرۆکی فەرماندە فەرموویەتی : هونەرمەندان وەك سیاسی وان هەر یەکەیان بەجۆرێك ژیان ئەخولقێنن، ئەمڕۆ دەوڵەت درێخی ناکات لەو تیپانەو بەرهەمیانو یارمەتیەکی باشیان ئەدات .

چونکە دەوڵەتو لێپرسراوان بەباشی لەوە گەیشتون کەبەرهەمی شانۆکاری کورد لەپێناوی نیشتیماندایە، شانۆگەریەکان لەهەموو وەرزێکداو بەتایبەتی لەساڵانی جەنگی سەپێنراو بەسەر وڵاتماندا .

بەرهەمی ئەوتۆ بون کەداکۆکییان لەخاکو نەتەوەو مرۆڤی ئەم عێراقە سەربەرزە کردوە .

تێبینی :ڕۆژنامەی ئاسۆ ساڵی ١٩٩٠. ژمارە ٣٦. دوالاپەڕە .

خۆری تەمموز بەفو ناکوژێتەوە

کەمال ڕۆوف محەمەد

ئێمە لافو گەزافی ئەو چەنە بازو چاوچنۆکو دزو جەردەو پیاوکوژانە لەکۆنەوە دەناسینو دەشزانین کەتاقە مەبەستیان هەر مەبەستەکەی جارانە، دەیانەوێ خۆری ڕوناکی عێراق خۆری تەمموز بەفوو بکوژێنەوە .

هەیهوو هەیهوو خەیاڵ پلاوان باسەر بدەن لەبەرد، عێراقی نوێ عێراقی یەك ماڵەو یەکگرتو، عێراقی کوردو عەرەبی جوتەبرا، عێراقی ملیۆنەها شەهیدی کۆنونوێ، عێراقی عەجەم بەزێن، ئینگلیز بەزێن، جوو بەزێن، عێراقی بیروباوەڕوو تواناو چەکی کارامەو دانسقە .

عێراقی سەرکردەی تاقانە (سەدام حسین) ی دڵسۆزی بێ هاوتا، هەرگیزاو هەرگیز ڕێنادات ئەو فوەشیان لەگەرودا بێ هەموو لەسەنگەردانو لەسەر پێین، هەتاهەتایشە خۆری عێراق هەر ڕوناك دەبێوخۆری تەمموز ناکوژێتەوە و دوژمنان دەسوتێن شەمشەمە کوێرە چۆن دەرەقەتی خۆر دێ؛

وەلامیش هەر لەئێستاوە دەنگی دەڕوا تادەگاتە ڕابردوو، وەلامیش هەرئەوەیە، چونکە عێراق ولاتی خێرو پیتو بەرەکەتە، ولاتی خۆرو ئاو هەوای پاکە .

ولاتی بیرو توانای باوەڕە، پایتەختی شارستانیو زانستو خوێنەواریو پیاوەتیە بێشەی مەردی چاك و کارامەوشۆڕە سوارە .

تێبینی : ڕۆژنامەی ئاسۆ. ساڵی ١٩٩٠، ژمارە ٤٢. دوالاپەرە .

بەرگی دووەم

مستەشارە ئەنفالچیەکان

چەند قسەیەك سەبارەت بە مستەشارەكان

پرسیارێك لێرەدا كەڕوبەرووی من دەبێتەوە ئەوەیە بۆچی ناوی مستەشارەكانو ناوی قەڵەمەكانی بەعس كە دوو تایپی جیاواز بوونو پێكەوە هەریەكەو لەشوێنی خۆی خزمەتی بە بەعس دەكرد لەناو كتێبێكدا تێكەڵ كراون ؟ ڕەنگە ئەمە پرسیارێكی قبوڵ بێت بەچ حەقێكمەوە كەسێكی ئەنفال كەر تێكەڵ بكەم بە قەڵەمێكی بەعس كە ئەنفالی نەكردوە، هەڵبەتە بوونە بەعسی جۆرێكە لە ڕەد كردنەوەی كورد، ئەو كوردەی توانیبێتی بەعس قبوڵ بكات دەبێت دان بەوەشدا بنێت كەسیستەمێكی قبوڵ كردوە هەموو هەوڵی ئەو سیستەمە ئەوەبوو كۆتایی بە میلەتێك بهێنێت كەناوی كوردە .

قەڵەمەكانی بەعس پێكهاتون لەوانەی لەناوەندی ڕۆشنبیریدا كاریان كردوە، ئەم تایپە نەیان توانیوە بچنە ناو بەرەكانی جەنگەوەو ئامادەی خۆیان پیشان بدەن بۆ لەناو بردنی هاوزمانەكانیان، بەڵام شتێك كە هەموویان كۆدەكاتەوە واتە بەعسیو مستەشارو قەڵەمی بەعس تەنها حزبی بەعسە، ئەو قەڵەمەی لەماڵەكەی خۆیدا بیری كردوەتەوە بەعس قبوڵ بكاتو شتێكی گونجاوی لەڕۆژنامەیەك یان بڵاو كراوەیەك بۆ بڵاو بكاتەوە لەتەك ئەو بەعسیەدا چ جیاوازیەكی هەیە كەئامادەبووە لەپێناوی ئەو حیزبەدا هاونیشتیمانیانی كورد ئەنفال بكات .

من جیاوازیەكە تەنها لەوەدا دەبینم وەزیفەكانیان جیاوازە، ڕۆشنبیرە بەعسیەكان هەمیشە هەوڵیان داوە بەجۆرێك وێنەی بەعس بنەخشێن كەوێنەیەكی جوانو فریشتە ئاسابێت لای خەڵك، دروست كردنی ئەم جۆرە دەمامكە بۆبەعس لەڕێگەی قەڵەمەكانی بەعسەوە جیاوازیەكی وای نیە لەتەك ئەتك كردنی نەتەوەیە، بەعسێك بەهەموو ناشیرینی خۆیەوە قبوڵی بكەیت و دواجار بێیت شێوەیەكی جوانی بۆبنەخشێنی تا ئەو پرسە جینۆسایدانەی خۆی برەو پێبدات ئەمە كارەساتێكە عەیبە گەورەكەی لەسەر شانی قەڵەمەكانی بەعسە .

لەو ڕۆژەی مستەشارەکان لەتەك هاوڕێ بەعسیەکانیاندا خەریکی ئەنفال کردنی کورد بوون هەر ئەو ڕۆژە ڕۆشنبیرێکی قەڵەمی بەعس بەهەموو هێزی بیرکردنەوەی خۆیەوە وتارێکی نایابی لەپێناو کارە جوانەکانو مەزنی بەعسدا دەنووسی، ئەو ڕۆشنبیرەش بەهەمان شێوە لەئەنفالدا بەشداربوو، بەڵام لەڕێگەی تفەنگەوەنا بەڵکو لەڕێگەی قەڵەمە بەدبەختەکەیەوە کەلەخزمەتی بەعسدا بوو .

بۆیە تێکەڵکردنی ئەم دوو تایپە لەناو کتێبێکدا ناکاتە ئەوەی من گوناهێکم کردبێت، ئەمانە کۆمەڵەکەسێکن دەبێت دواجار لێپێچینەوەیان لەتەکدا بکرێتو ئەو زەمەنەی کوردیان لەبیرکردبوو خۆیان دابویە دەست هێزێکی جینۆسایدکەر لەبیریان بهێنرێتەوە.

ئەم مستەشارانەی کەلەم کتێبەدا ناوم نووسیون زۆربەیان لەڕۆژنامەو بڵاو کراوەکانی دوای ڕاپەڕین ناویان بڵاو کراوەتەوە، بۆیە بەپێویستیشم نەزانی بەڵگە نامە کانیان لەگەڵدا بڵاو بکەمەوە تەنها لەبەرئەوەی پێشتر هەموومان ناومان لەناو لاپەرەی ڕۆژنامەکان بینیون .

دیارە هەرچۆن قەڵەمەکانی بەعس ئێستە زۆربەیان پلەی بەرپرسیاریەتیان هەیەو هەندێك جاریش کوردایەتیمان پێدەفرۆشن، بەهەمان شێوە بەڵکو بەزیاتریشەوە مستەشارەکان زیاتر ڕێزیان لێدەگیرێتو پلەی بەرپرسیاریەتیان گەیشتوەتە ئاستێك تەحامول نەکرێت، هیوادارم دەسەڵاتی کوردی هیچ نەبێت کەمێك بەخۆیدا بچێتەوەو چارەیەکی ئەو دەردە بکات کە برینی ئەنفال کراوەکان هەمیشە زیاتر دەکات پلەدانە بەو مستەشارانە، لەوانەشە ئەم مستەشارانە تیایاندابێت توانیبێتی لەکاتی ئەنفالدا خەڵکانێك ڕزگار بکات، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە ناوی نەنوسرێتو بەرائەت نامەی بۆ بڵاو بکرێتەوە، بەپشت بەستن بەقسەکانی خۆیان لەناو بڵاو کراوەکانی بەعسداو بەدان پیانانی خۆیان من هەستاوم پۆلێنی ئەم ناوانەم کردوەو خستومەتە ناو دوو توێی کتێبێکی دیکۆمێنتی لەم شێوەیە .

١_ لەتیف ئەحمەد زێباری

٢_ سابیر ڕەفیق سورچی

٣_محەمەد کەریم زێباری

٤ _ ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ

٥ _ عاسف ئەحمەد زێباری

٦ _ سەعید یونس زاری
٧_فەتاح کریم جاف
٨_ سادق زێڕۆ هەرکی
٩_ تاریق فاتیح کاکەی
١٠_مەدحەد تۆفیق داودی
١١_مامەند محەمەد مەولود گەردی
١٢_ چیای دیوالی دۆسکی
١٣_سوعاد فەیزولا تاڵەبانی
١٤_ تاریق شەفیع نوعمان کافرۆش
١٥ _ موعتەسەم عبدوالکریم حوسێن بەرزنجی
١٦ _ رەفعەت محەمەد عەلی گلی
١٧_محەمەد عەلی حەسەن شەمێرانی
١٨_ کیسرا محەمەد سەعید جاف
١٩ _ ڕەشید حەمەئەمین
٢٠ _ عەبدوالکریم ئەلکەسنەزانی
٢١ _تاهیر عەلی جەباری
٢٢_ محەمەد عیسا جاف
٢٣ _ ئیبراهیم نەسرولا
١٤ _ محەمەد تاهیر زیناوە
٢٥_خەلیل ئیبراهیم شەریفانی
٢٦ _ ئەنوەر محەمەد ڕەزا جاف
٢٧ _ خزر فەتاح حوسێن قامیش
٢٨ _شێخ نەجمەدین شێخ صاڵەح بەرزنجی
٢٩ _ تەحسین شاوێس سەعید
٣٠ _محەمەد سەعید هارونی
٣١ _محەمەد ڕەشید جاف
٣٢ _شێخ تەیب شێخ ئوسمان جاف
٣٣ _شێخ ڕەزا تەها مەحیەدین

٣٤_ عەدنان عەبدولا نەجم جاف
٣٥_ مەحەیدین شێخ عەزیز بەرزنجی
٣٦_ سەعید محەمەد غەریب جاف
٣٧_حەسەن مەحمود هورقانی
٣٨ _ سدیق عەلی محەمەد ئەمین
٣٩_نەوزاد ئەنوەر خۆشناو
٤٠ _ ئیسماعیل مەحمود ڕەسوڵ ئاغا پشدەری
٤١_ هەمزە عەباس مامەند (ئاکۆ) خالید شێخۆ موراد
٤٢ _ شاکر عەبدوالسەمەد
٤٣_ شێخ محەمەد ئەحمەد ڕەشید
٤٤ _ جەلال چەرمەگا
٤٥_ مەحمود حەمەرەسوڵ ئاغا پشدەری
٤٦_ مەجید بایز حەسەن بەرزنجی
٤٧_ کەریم عەبدولا محەمەد
٤٨_عەباس حاجی ئاغا ڕەسوڵ
٤٩_شێخ ڕەشید ئەنوەر میران
٥٠_موقەدەم تاریق سەعید ئیبراهیم
٥١_مەحمود حەمەئەمین حەمەگولی
٥٢_فوئاد کەریم محەمەد هەمەوەندی
٥٣_سەعید ئەسعەد شێتنە
٥٤_قادر سوارئاغا بلباس
٥٥_ محەمەد عومەرئەمین باسکای
٥٦_ فارس تاهیر مستەفا غەفوری
٥٧_ عوسمان عومەر مام یەحیا
٥٨_ عەباس بایز بلە
٥٩_ خالید مەحمود ئەحمەد عەلی غەوارە
٦٠_ جەمال فەقێ حسێن کەلهوڕی
٦١_ ڕەسوڵ مامەند فیرودڵی

٦٢_ عومەر حەمە ڕۆستەم
٦٣_ سەباح سەعید کەریم هاواری
٦٤ _ عومەر بابەکر سەلیم ئاغا پشدەری
٦٥_ مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە
٦٦_ ئیبراهیم کانی بالۆ
٦٧_ محەمەد عەلی بچکۆل
٦٨_ عەبدولا حەسەن سالح بابان
٦٩_ محەمەد ئەحمەد بچکۆل
٧٠_ خزر ڕەشید بەحری
٧١_ بایز عەزیز ڕەشید
٧٢_عەلی ئەوڕەحمان کوڕانی
٧٣_ سوارە فەتاح فەرەج
٧٤_ تۆفیق سلێمان یاسین
٧٥_ حەمید نوری خورشید هەرکی
٧٦_عەلی شێخ ئەمین فەرەج
٧٧_ حوسێن سورچی
٧٨_ ئەسعەد هەرکی
٧٩ _ فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر
٨٠_ شەریف محەمەد کەرداوی
٨١_ قاسم کەریم ئەحمەد شنك (قاسم ئاغا)
٨٢_ کەمال محەمەد مام سۆرانی
٨٣– غەفور دۆلبێشکی
٨٤–شێخ فەخری ئیسماعیل ڕەژگەی
٨٥–ئەحەمەد جەمیل ئەمین
٨٦–قادر عەبدولا سالح \ جێگر موستەشار.
٨٧–فاروق ڕەشید عەلی
٨٨– شێخ محەمەد عومەر ڕەشید

دەبێت لەکۆتاییدا ، زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانەبکەم کە توانیـان ئەرشیفی خۆیـان بدەن بەدەستمەوە تاکو بتوانم ئەو ناوانە بدۆزمەوە کە لەناوڕۆژنامـەو گۆڤارەکـانی بەعسدا هەبوون .

هەڵبەتـە ئـەم کتێبـە بـەهاوکاری چـەند هاوڕێیـەکم بەچـاپ گەیانـدراوە، مـن زۆرسوپاسـیان دەکـەم کـەتوانیان پێکـەوە پـارەم بۆکۆبکەنـەوەو کتێبەکـە چـاپ بکەین.